چاودێر
THE OBSERVER
Aweekly Political, Educational & Social Press
رۆژنامەیەکی سیاسی روناکبیری کۆمەڵایەتی هەفتانەیە
ژمارە (٤٧) دووشەممە ٢٠٠٥/٩/٢٦

فرۆکەخانەی سلێمانی بەسترایەوە بەفرۆکەخانەکانی جیهان

دوای لێکۆڵینەوەی وەزارەتی گەیاندنی عێراق، لەبنەما زانستییەکانی فرۆکەخانەی سلێمانی، لەهەموو بارێکەوە: فرین و هەڵنشتنی فرۆکە، کۆنترۆڵی فرۆکەخانە، ترمیناڵ، میوانداری، تەندروستی، خزمەتگوزاری فرۆکە.. تاد وەکو فرۆکە خانەیەکی نێودەوڵەتی پەسەندی کرد. هەر لەبەر ئەمەش، رۆژی (٢٠٠٥/٩/٢٢) وەزارەتی دەرەوەی عێراقیش، هەموو سەفارەتەکانی عێراق و وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەی سەفارەتەکانی عێراقی بەرەسمی لێیە، ئاگادارکردۆتەوە کەفرۆکەخانەی سلێمانی، فرۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتییەو دەتوانرێ لەهەموو دونیاوە، بەپێی رێوشوێنی فرۆکەوانی نێودەوڵەتی، سلێمانی بەجیهانەوە ببەسترێ. ئیدی لەمەودوا، جگە لەتورکیاو عەمان و ئیماراتی عەرەبی، بەم نزیکانە، لەفرۆکەخانەکانی ئەڵمانیاو یۆنان و چەندین وڵاتی دیکەوە، فرۆکە لەسەر ئاسمانی سلێمانیدا دەبینرێن و لەفرۆکەخانەی شارەکەشدا، دەنیشنەوە.■

لەسەر گەندەڵی سزادانی (١٦) کاربەدەست و ..
(٢٣) ملیۆن لیتر نەوتی بەشی سلێمانیش دزراوە

مەترسی لەسەر راپرسی

رەشنوسی دەستوری هەمیشەیی عێراق، سەرەڕای کێشمەکێشێکی زۆرو دژوار، هەرچی چۆنێ بوبێ، بەکەموکورتیو تەنانەت بەسازشیش لەگەڵ ئیسلامگەراکاندا، گەڵاڵەکرا. ئێستا کەدەستورەکە تەواو بووەو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقیش پەسەندی کردووەو ناردوشیەتی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، هیچی دیکە نەماوە ئەوە نەبێ کە دەستور ماوەیەکی کەمی بۆ راپرسی ماوە. کۆمسیۆنی باڵای دەستوریش سەرگەرمی پڕوپاگەندەیە بۆ جۆشدانی خەڵکو هاندانیان کەبەشداری راپرسیەکە بکەن. هەتا ئێرە پرۆسەکە ئاساییە. بەڵام ئەوەی نائاساییە، هەندێک دیاردەی سەیرو سەمەرەیە. کەئەویش ئەمەیە: هەست دەکرێ.. چ لەسەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی کوردستان، بەشێوەی جۆراوجۆر، هەوڵی جۆراوجۆر هەیە کەدەرونی خەڵک شەکەت بکرێ و نائومێدی لەناویاندا سەرهەڵبدا، بەڵکو سەرەنجامیش، بەشداری هەڵبژاردن نەکەن. بۆ نموونە:

-وڵاتانی عەرەبی.. زۆربەیان پشتیوانی لەحکومەتی عێراق ناکەن و ئامادە نین، دوای سێ ساڵ لەڕوخاندنی سەدام، سەفارەت بگۆڕنەوە. بەڵکو لەمو لەو وڵاتی عەرەبیدا، (تەنانەت لەمیسریش)دا، دوژمنەکانی حکومەتی نوێی عێراق، مۆڵیان بەستووەو بەئاشکراش، کۆنگرەو کۆبونەوە ساز دەکەن. ئەمە جگە لەوەی رۆژنامە رەسمیەکانیشیان دژی حکومەتەکەن و لەگەڵ تیرۆریستانن.

-سوریا.. دۆخێکی نالەباری هەیەو لەژێر فشاردایە، کەچی پەیتا پەیتا جەلەبی تیرۆریستی هەر بۆ عێراق ئاودیو دەکاتەوە.

-ئێران.. خۆی لەژێر گیروگازدایە، بەڵام لەسنورەکانی باشورو کوردستانەوە، بەپای پیلان هەر خەریکی بەرنامەکانی خۆیەتی لەناو عێراقدا.

-شیعەگەراو سونیگەرای توندڕەوی عێراق، سەرەڕای ئەوەی سازشیان لەگەڵدا کراوە، کەچی هەر سەرقاڵی دژایەتی کردنی دیموکراسیو فیدراڵیەتو کەرکوکو دەستورن.

-PKK و موجاهدینی خەڵق.. سەرگەرمی پشتیوانی کردنی تیرۆریستان و لایەنە دژەکانی دیموکراسی عێراقن. تەنانەت لەئۆردوگای (عوزێم) یش دا کۆنگرەی هاوبەش دەبەستن.

-لەکوردستاندا.. لەکاتێکدا ئاسایش سەقامگیرەو کاروبار زۆرەو ئاستی ژیان لەگەڵ ناوەڕاستو خوارووی عێراقدا، هەر بەراورد ناکرێ (گەرچی کێشەو گەندەڵیو کەموکوڕیش هەیە) دەبینین، هاندانی نارەزایی لەسنوری خۆی ترازاوەو مقۆمقۆی ژەهراوی رۆژانە دژی دۆخی سیاسی باشی کوردستان، بڵاودەکرێتەوەو ئومێدی خەڵک بەرەو نائومێدی دەبەن.

ئەو دیاردانە.. زەق زەق دیارن. بەڵام هەتا ئێستا، دەزگایەکی لێکۆڵینەوەی باوەڕپێکراو سەرچاوەی دیاردە نالەبارەکانی زانستیانە لێک نەداوەتەوەو پێکەوەی نەبەستون و بەرەنجامی لێ هەڵنەهێنجاون. نەک هێندە، بەڵکو ئەو دەوڵەتو لایەنانەی لەپشتی ئەو دیاردە ترسناکانەدان، وایان کردووە تەنانەت لایەنە سیاسییە بەرپرسەکانیش، سەرەڕای رێکەوتنی سیاسی باش لە نێوانیاندا، هەتا رادەی دابەش کردنی پۆستە سەرەکیەکان لەعێراق و کوردستاندا، تێوە بگلێنە کێشەکان و پڕوپاگەندە دژی یەکدی زیاتر بکەن. لەناوچەکانی یەکتریشدا، بەشداری نارەزاییەکان دژی یەکتریش دەکەن. تەنانەت حیزبە بچوکەکانیش شوڵیان لێ هەڵکێشاوەو لەمافی رەخنەگرتنی سروشتی ترازاون.

ئەو دیاردانە، لەم هەلومەرجەدا، خەریکە تەڕو وشک دەسوتێنێ و پێوانەکانی مافە نەتەوایەتیەکان دەشێوێنێ. ئەمەش، بێگومان کاریگەری نالەباری لەسەر بیروڕای گشتی دەبێ و رەنگی رەش، لەراپرسیو هەڵبژاردندا دەداتەوە. کەپێمان وایە، تێکڕا دیاردەو رووداوەکان، ئەگەر بەم تێکەو لێکەیە بمێنێتەوە، سنوری مافە دیموکراسیو مەدەنیەکان دەبەزێنن و تێکەڵاوی سنوری پیلانی دوژمنان و ناحەزان دەبن، گەلێکیش.. هەتا دوا ئامانجی نەتەوایەتی بەدی دەهێنێ، کێشەی مەرکەزی خۆی بکاتە قوربانی کێشە لاوەکیەکانی رۆژانە، بێگومان، گەلی ئاوا دوچاری چەواشەکاریەکی ترسناک دەبێتەوە، ئەگەر دوچاری کارەسات نەبێ، بۆیە، بانگەوازمان ئەوەیە کەوا:

مافە دیموکراسیەکانی خەڵکو شارەکان، لەسنوری دیاری کراویان، نەترازێندرێ باشە. چونکە هێشتا کوردو کوردستان.. ئەرکێکی سیاسی مەرکەزی زۆری ماوە بهێنرێتە دی. دوژمنانیش زۆریان لا مەبەستە، ئەرکە سەرەکیو ئەرکە لاوەکیەکان، جێ گۆڕکێیان پێ بکرێ. چونکە، بەم جێ گۆڕکێ کردنە.. ئەرکە سیاسیە سەرەکیەکان لەگرێژنە دەردەچن. زۆریش بۆ راپرسی لەسەر دەستورو بۆ هەڵبژاردنەکان.. زیانبەخش دەبن!.■

ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس یاسا دەشکێنێ و تێر و پڕ لە شوفێرێکیش دەدەن

شەوی ٢٠٠٥/٩/٢٣ لەبەردەم نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر، ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس پاش ئەوەی کە رۆنگساید لێدەدات و موخالەفە دەکات لە ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆپل/فیکترا دەدات و لە هەمان کاتیش لێی دێنە خوارێ و تێر و پڕیش لە شوفێرەکە دەدەن.■


بیست ساڵی تریشی بخەرەسەر ئەوسا وەرەوە، بەسەرچاو!!
تۆ بڵێی بەپانزە ساڵ خزمەت زەویم بەرکەوێت؟
١٥ ساڵ خزمەت
BABAN

گەندەڵی، بەرتیل خواردن، دزیو بیرۆکراتیەت، لەنەخۆشییە دیارەکانی ئێستای دەزگاکانی سەرانسەری کوردستانن. هەر بۆیە، ئەم دیاردانەش کاردانەوەیەکی ئاشکرای لای خەڵک خوڵقاندووە. ئەمەش فشارێکی کاریگەری بۆ سەر حکومەت دروست کردووەو هەر بەم هۆیەشەوە، مەکتەبی سیاسی یەکێتی کەوتۆتە لێپێچینەوە لەکێشەکان تێکڕا.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.. بۆ رێگرتن و سەرەنجام چارەسەرکردنی کێشەکانیش، کەوتۆتە لێپرسینەوەو سزادانی ئەوانەی تۆمەتێک لەو تۆمەتانەی گەندەڵی دەیانگرێتەوە. هەتا ئێستاش بەپێی سەرچاوەی باوەڕپێکراوی (چاودێر) سەرۆکی حکومەت دوای دڵنیابوون لەئۆباڵی (١٦) کاربەدەست لەو دیارانە، سزای جۆراوجۆر دراون. لەوانە:

١- دوو بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی. ٢- بەڕێوەبەرێکی گشتی پەروەردە. ٣- لابردنی بەڕێوەبەرێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا. ٤- لادانی بەڕێوەبەرێکی گشتی ئەنجومەنی وەزیران. ٥- لابردنی بەڕێوەبەرێکی وەزارەتی پیشەسازی. ٦- گواستنەوەی بەڕێوەبەرێکی گشتی وەزارەتی شارەوانی بۆ وەزارەتی کار. ٧- گواستنەوەی بەڕێوەبەرێکی وەزارەتی پیشەسازی بۆ کارگەی جگەرە. ٨- دابەزاندنی یەک پلەی وەزیفی دوو ئەندازیاری وەزارەتی پیشەسازی. ٩- لادانی دوو کارمەند لەسەر دزی لەوەزارەتی رۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی هەڵەبجە. ١٠- دەست لەکارکێشانەوەی فەرمانبەرێکی شارەوانی سلێمانی. ١١- لابردنی فەرمانبەرێکی نەخۆشخانەی کۆیە. ١٢- گواستنەوەی فەرمانبەرێکی کەسێتی سورداش - پیرەمەگرون. ١٣- ناردنی سێ فەرمانبەری دەزگای شەهیدان بۆ لێکۆڵینەوەو سزادان.■

کۆنە پارێزگاری دیالە.. دژی کوردو دەستورەو خۆیشی دەپاڵێوێت

تایبەت - چاودێر

کۆنە پارێزگاری دیالە (عەبدوڵڵا جبوری) کەماوەیەک لەمەوبەر دزییەکی زۆری لەسەر سەلمێندراوەو ئەنجومەنی پارێزگای دیالەش داوای قەدەغەکردنی سەفەری لەوەزارەتی ناوخۆ لەسەر کردووە، لەبەرئەوەی وەزارەتی ناوخۆ لێکۆڵینەوەکەی دوا دەخات، ئێستا کەوتۆتە جموجوڵی سیاسی. ناوەراستی ئەم مانگە لەشاری (صدور) کۆبونەوەیەکی بەهەندێک سەرەک هۆزی (ئیمام وەیس و شارەبان و ئەبی تەمیم) کردووەو قسەیەکی زۆری بەلیژنەی نوسینی دەستور وتوەو گوتویەتی: دەستورەکە هی شیعەو کوردەو هەق نییە دەنگی پێ بدرێت. پشتیوانی تەعریبەکانیشی کردۆتەوە بۆ گەرانەوە. لەهەمان کاتیشدا، عەبدوڵڵا جبوری پڕوپاگەندەشی بۆ خۆی کردووەو خۆی بۆ پاڵاوتنی هەڵبژاردنیش ئامادە دەکات بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق.■

ئەمریکا (ستیڤن هادلی): بەم زوانە کۆتایی بەبونی سەربازی PKK دەهێنین

دوێنێ ستیڤن هادلی، راوێژکای ئاسایشی سەرکۆماری ئەمریکا، لەپڕ سەردانی ئەنقەرەی کردو لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیادا لەسەر PKK کۆبووەوە. دوایی رایگەیاند "بەمزوانە کۆتایی بەبونی سەربازی PKK لەباکوری عێراق دەهێنین"، هادلی هەروەها گوتی: "چیتر ناتوانین قەبارەی هەنوکەیی تیرۆری PKK تەحەمول بکەین و لەگەڵ دۆستانی تورکماندا هەندێک بڕیاری نوێمان وەرگرتوە". لەدرێژەی قسەکانیدا هەرچەند ئاماژەی بەکاتێکی دیاریکراو نەکرد، بەڵام گوتی: "لەگەڵ دۆستانی تورکماندا ئامادەکاری پراکتیکی دەکەین".■

فەرمانبەرێکی تورکمان رۆژانە (٥٠) فۆرمی راپرسی دەدزێ

فەرمانبەرێکی تورکمان کەلەناوەندی کۆمیسیۆنی باڵای داقوق دەوام دەکات، ئەرکی رۆژانەی کەپێی سپێردراوە، هێنانی (١٠٠) فۆرمە لە کەرکوکەوە بۆ داقوق، بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ راپرسی دەستور لەویستگەو ناوەندەکانی داقوق ببنە فەرمانبەر، ئەوەی جێی باسە رۆژانە لەکۆی ئەو (١٠٠) فۆرمە، (٥٠) فۆرم بۆ تورکمانەکان بەدزیەوە هەڵدەگرێت و پەنجاکەی تریش بەسەر کوردو عەرەبەکاندا دابەش دەکات، ئەمە لەکاتێکیشدایە کەرێژەی دانیشتوانی تورکمان لە داقوقدا (٦/١)ی دانیشتوانە.■

(٢٣) ملیۆن لیتر نەوت لەنێوان (بێجی) و (سلێمانی) دزراوە

بەپێی سەرچاوەیەکی تایبەتی (چاودێر)، لەپشکی سوتەمەنی سلێمانی کە لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە دیاری کراوە، لەمانگی (٢٠٠٥/٧)دا (٢٣) ملیۆن لیتر نەوت دیار نەماوە.

لەم کێشەیە.. کۆڵراوەتەوەو پرسیار لەکاربەدەستی ئاگادار لەبەغداو تکریت کراوە، دوپاتیان کردۆتەوە کە بەڵێ ئەو بڕە نەوتە بۆ سلێمانی نێردراوەو دیار نەماوە. ئەمەش سوتەمەنیەکی لەڕادەبەدەر زۆرە کەبێگومان کاریگەری نالەباری لەسەر بازاڕو سوتەمەنیو پێویستی کوردستان دەبێ، "چاودێر" لەرێی تایبەتیەوە ئاگادارە کەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەم رۆژانەدا شکات لەو کەسانە دەکات کەبەرپرسن لەو تاڵان کردنەی پێویستی خەڵک.■

شوانێکی کورد فڕۆکەیەکی ئەمریکی دەدۆزێتەوە

تایبەت - چاودێر

ئەمریکیەکانی بنکەی دوزخورماتو، لەشارۆچکەی داقوق، فڕۆکەیەکی جۆری کۆنترۆڵی (کشاف) بزر دەکەن، کەبۆ هەواڵ و زانیاری بەسەر دێهاتەکانی ئەو شارۆچکەیەدا هەڵیان دابوو، دوای چەند رۆژێک شوانێکی کورد کەخەڵکی دێی هەفتەغارە، لەبەرواری ٢٢ی ئەم مانگە، دەیدۆزێتەوەو ئەمریکیەکانی لێ ئاگادار دەکات، لەبەرامبەردا هێزەکانی ئەمریکا بڕی (١٠) هەزار دۆلاری وەک خەڵات دەدەنێ.■

گروپی تیرۆرکردنی فڕۆکەوانەکانی سەدام

تایبەت - چاودێر

شاری بەسرەو شارۆچکەی مەندەلیو شارۆچکە سنوریەکانی دیکە، بونەتە رێبازگەی پەرینەوەی سەدان گومانلێکراو. بەشێک لەمانە تەنها بۆ ئەوە تەرخان کراوون کەئەو فڕۆکەوانانە بکوژن کەکاتی خۆی لەجەنگی عێراق - ئێران و چالاکی سەربازی دیکە لەباشور، بەشدارییان کردبێت.

هەواڵەکانیش وا دەگەیەنێت کە لەبەسرەدا، جموجوڵی گومان لێکراو زۆرە. ئەمە جگەلەوەی نەخشەیەکی ورد هەیە بۆ بەشیعەکردنی ناوچەکەو لەزانکۆو پەیمانگەکانیشدا، مەزهەبی شیعە دەسەپێندرێ و بروانامەی بەرزیش دەدرێتە خوێندکارانی شیعەگەرا.■

کوردوسێ زۆرینەکەی عێراق

شەفیقی حاجی خدر

لێکدانەوەی هەواڵ - ل (٢)

(توونی بابا) سەرگوزەشتەیەکی سەیرو سەمەرە

کۆچەر کەریم حەمە

رێپۆرتاژ - ل (٧)

دەستور لەدیدی دوو مافناسەوە

رەخنەو دیالۆگ - ل (٨-٩)

دەستورێک.. دور لەخواستی ژنان

نەجیبە مەحمود

چەشناوچەشن - ل (١٣)

هەواڵ و مەترسی

■ کەرکوک.. تیرۆریستان کوردە کەمئەندامەکانیش دەکوژن

هاوڵاتی (عەلی ئەحمەد حەسەن)، تەمەن (٦١) ساڵ، کەباری دەرونی ناتەواو بووە، بۆ ماوەی دوو مانگە دیار نەماوە، لە ٢٣ی ئەم مانگەدا، تەرمەکەی لەنزیک دێی (یارولی) بەبێ سەر دۆزرایەوە، کەئاساری چەندین فیشەک لەگیان و لەجامانەو جلەکانیدا دیارە، هەربۆیە خەڵکی ئیسکان و ئازادی و شۆریجە، زۆر خەمبارن بەم کارەی تیرۆریستان. خەڵکی ئەو ناوچانەی کەرکوک پرسەیان بۆ داناوە.■

■ دروستکردنی بەرەیەکی عەسکەری لایەنە تیرۆریستیەکان

رێکخراو گروپە تیرۆریستیەکانی عێراق (الجیش الاسلامی فی العراق، کتائب ثورة العشرین، جیش محمد، مجلس مجاهدي فلوجة) و چەندین گروپی تیرۆریستی دیکە، بەرەیەکیان پێکەوە ناوە بەناوی (بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی ئیسلامی). لەهەوڵدان بارەگاکەی ببەنە قاهیرە. (شێخ مەجید الکعود) دەبێتە قسەکەری رەسمی بەرەکە. ناوبراو برایەکی بەناوی (اللوا یاسین) یاریدەدەری وەزیری ناوخۆی ئێستای عێراقیشەو لێپرسراوی بەشی تیرۆریشە. (شێخ مەجید الکعود)یش ئێستا بەرپرسیاری (مجلس عشائر الوحدة الوطنیة)یە کەبارەگا سەرەکیەکەی لە(بەغداد- مەنسور)ە.■

■ هەولێر.. نەشتەرگەری هەڵە

دوای ئەوەی منداڵێک کە نەخۆشی قورگی هەبووە و دکتۆر (عبدالقادر مغدید) کە دکتۆرێکی ناسراوی هەولێرە بە هەڵە لە جیاتی نەشتەرگەری قورگ نەشتەرگەری (کۆم) ی بۆ ئەنجام دابوو، ئەمە هات وهاوارێکی زۆری لەناو خەڵکی هەولێر و راگەیاندنەکانیش دروستکرد.

دوای ئەوەش دکتۆرێکی دیکە بە مەبەستی نەشتەرگەری کردنی گرێیەکی ملی کچێک بە هەڵە دەرزی لێداوە و کوشتوویەتی ئەمەش دەنگوباسێکی زۆری دروستکردووە و دەزگا بەرپرسەکانیش خۆیان لێبێدەنگ کردووە.■

ÇAWDÊR
Political, cultural, social weekly press ..kurdistan iraq
No.: (47) 26-9-2005
THE OBSERVER

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس: مەلا بەختیار
ستافی کارا:
سامی هادی، جەمال حوسێن
ناهید حوسێنی
نەخشەسازی: جەلیل حسێن
ئینتەرنێت: سۆران عەبدوڵڵا
پیتچنین: سۆران بورهان: تەها حەمە
نوری: ئیبراهیم حسێن: لەیلا حەسەن پور

www.madaniat.org
info_chawder@yahoo.com
سلێمانی - شەقامی سالم
مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٣١٤٠٤١٦ - ٣١٢٧١٢٠
نرخی: (٤٠٠) دینارە

ئابووری شەشەم
شەریک شعور

پیاوە نەخۆشەکە

پیاوە نەخۆشەکەی کۆتایی سەدەی نۆزدە لە حساباتی پاریسو لەندەنا دەوڵەتی عوسمانی بوو. ئەگەر لە دەمی بەلوعەکەی گەرەکی زەرگەتەوە تەماشای دنیا بکەی بۆت مەعلوم ئەبێت کە پیاوە نەخۆشەزەی ئەم دەورو زەمانەیە دائیرەی ئاوە. حزبە خۆشباوەڕەکانی ناو ئۆپۆزیسیۆنیش تەصەوریان وایە پیاوە نەخۆشەکەی کوردستانی باشوور یەکێتی نیشتمانییە. جوتیاریش کە ئەبینێ لە زەرعاتا قازانج سەری مایە ئەخوات لە دڵی خۆیا ئەڵێ پیاوە نەخۆشەکە وەزارەتی کشتوکاڵە. بە قەناعەتی هاوبەشی تەلەبەو مامۆستاش ئەم وڵاتە یەک پیاوی نەخۆشی تیایە ناوی وەزارەتی پەروەردەیە. سایەقی رێی خەتی عەرەبەتو شارەزووریش کە حەفتەی دوو جار تامپۆن ئەکات تەنیا وەزارەتی رێگەوبان بە پیاوە نەخۆشەکە ئەزانێ. هەڵۆکانی ئیدارەی ئەمریکاش مرخیان لە کۆمەڵە پیاوێک خۆش کردووە کە هەرە نەخۆشەکەیان ئەم سوریایەی تەنیشتمانە. سیعرە هەڵکشاوەکانی ناوبازاڕیش بە کوردییەکی فەصیح هاوار ئەکەن ئەڵێن پیاوە نەخۆشەکە کەس نیە لە رەقابەی تیجاری زیاتر. عێراقی دوای خاڵە باوکەش ئەگەر بێ بە زینەدین زیدانیش هێشتا هەر معاملەی پیاوە نەخۆشەکەی لەگەڵدا ئەکرێ بەتایبەت لەلایەن عەمر موساو برادەرەکانییەوە. ئیسرائیلیش کە بە زۆڵێتی هەستاو کەرتی غەززەی چۆڵ کرد لە بەرچاوی حەماس و جیهادا بووە بە پیاوە نەخۆشەکە. ئینسانیش کە خوا غەزەبی لێ گرت و هەوای تەعمیر کردنی خانوو دای لە کەللەی، داوی ئەکەوێتە داوی وەستای تەماعکاری بێمەوعیدەوانی و ئەگاتە ئەو ئەنجامەی کە سەندیکاکانیش بەشێکن لە پیاوە نەخۆشەکانی ئەم خەستەخانە گەورەیەی وڵات. هەر عانێکیش بە تیلەی چاو لیستی پڕۆژە بێ سەرو بەرەکانی ئەم چەند ساڵەی رابردوت تەماشا کرد خۆت پێ راناگیرێ و ئەڵێی ئەقلیەتی پلاندانان لەم مەملەکەتە پیاوە نەخۆشەکە نیە، پیاوە مەفقودەکەیەو دانیشن بە خێر.■

هەواڵی هونەریی هەواڵی هونەریی

■ یەکەمین کورتە فیلم لەشاری خانەقی

دوای هەوڵێکی جدی هونەرمەندانی خانەقی، چەند هونەرمەندێک توانیان کورتە فیلمێک بەرهەمبێنن و لەرۆژی ٢٠٠٥/٩/١٨ لە سەر هۆڵی (هەڵۆی سوور) لەشاری خانەقی نمایشکرا، ئەم فیلمە لەدەرهێنانی (رزگار مەحمود) و نواندنی (حەسەن راوی)ە و یەکەمین کورتە فیلمی کوردیە کەلەو ناوچەیەدا بەرهەمبێت.

لەبەر پێویستی ناوچەی خانەقی بەپتەوکردنی بنەما گشتیەکانی لایەنی زمانەوانی کوردی، رۆژی ٢٠٠٥/٩/٢٠ راگەیاندنی مەڵبەندی ١٢ ی خانەقی کۆڕێکی تایبەت بەو بوارەی بۆ بەرێز (ئەکرەم یاوەر) سازکرد لەژێر ناوی (رۆڵی زمانی کوردی لەئێستاو داهاتوودا). شایەنی باسە ئامادەبوونێکی زۆر لەکۆڕەکەدا بەشداری جدیو سەرنجراکێشیان هەبوو، کۆڕەکە بەگفتوگۆو دیالۆگی گەرم کۆتایی هات.

■ کۆڕێک لەخانەقی

سەنتەری خانەقی رێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠٠٥/٩/٢١ لەهۆڵی دیالۆگی ناوەندی رێکخراوەکانی خانەقی کۆڕێکی جەماوەری بۆ بەرێز (سالار مەحمود) رێکخست سەبارەت بە(رۆڵی لاوان لەگەشەپێدانی دیموکراسیدا) کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لاوی ناوچەکە ئامادەی بوون■

دوا پرۆژەت چیە؟..

مامۆستا رەوف بێ گەرد لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بەچاودێری راگەیاند:

پرۆژەی ئەم رۆژانەم کتێبی (سێ دەقی شانۆیی)ە کەدوانیان وەرگێڕانەوسێیەمیان خۆم لەچیرۆکێکی (ئانتوان چیخۆف) ئامادەم کردووە بۆشانۆو ئێستا لەبازاردایە. دووەمیان کتێبی (یەکەمین ترپەی عاشقانەی دڵم)ی شاعیری فارس (فروغی فەروخزاد)ە، کە لەگەڵ (شەیدا صەلاح) لەفارسیەوە وەرمانگێڕاوەو ئێستا لەچاپخانەی (رەنج)و جوانترین نامەکانی فروغە بۆ پەرویز شاپوری مێردی نوسیویەتی. سێیەمو دوا پرۆژەشم وەرگێڕانی نامەکانی نێوان (چیخۆف و ئۆلگاکنیپە)ە بەناوی (دڵدارە هەرە ئازیزەکەم)، کە وردە وردە هەندێکیانم لە گۆڤاری (سێڤ)و گۆڤاری سەردەم بڵاوکردۆتەوەو پاشماوەکانی تری بەرێوەن■

مەرزییە.. تەزیوین

هونەردۆستێک

ئاخۆ هەبن.. رقیان لەمەرگ نەبێت. تەنانەت ئەو نەهلیستیانەی بەمەرگدا هەڵدەن و ژیان لەبەرچاو رەش دەکەن، لەبنچینەدا، هەر دژێوی مەرگ، مەرگی لاکردونەتە هەوێنی فەلسەفەی نەهلیستیەت.

مەرگیش.. تامەرگ هەیە. مەرگی ئاسایی ناخۆشە، بەڵام ئاساییشە. مەرگی نائاساییش.. هەر زۆر ناخۆشە. بەتایبەتی مەرگی هەڵکەوتوان، جەرگبڕە. ئەو هەڵکەوتوانەش جوانەمەرگی ناوادە بەرۆکیان دەگرێت، مەرگیان دڵتەزێنە.

کوردە کلۆڵەکە.. لەزۆر بواردا دوژمن نەیهێشتووە هەڵکەوتوی دەرکەوتوی هەبێت. بەتایبەتی لەبواری ژنانی هەڵکەوتودا، چەند دوژمن رێی لێگرتبن، هێندەش، ئەقلیەتی باوکسالاری کەمتر رێی ژنانی نەگرتووە. بۆیە، کاتێک ژنێک لەبوارێکدا هەڵدەکەوێ، مژدانەیەکی نەتەوایەتی گەورەیە. کاتێکیش مەرگ دەیرفێنێ، جەرگبڕینێکی نەتەوەیی گەورەیە. مەرزییەی فەریقی.. لەو ژنە هەڵکەوتوانەی بواری هونەرە کە بەراستی، ژنێکی بەهرەمەندو بوێر بوو. ژنە هونەرمەندێک بوو، هەر دەتگوت لەشارەکەی (سەید عەلی ئەسغەر)ەوە دەیەوێ بەدەنگی مێینە، نەهێڵێت وەجاخی ئەو کەڵە هونەرمەندە لەکوردستاندا کوێر بێتەوە.

مەرزییە.. بەهەموو پێوەرێکی هونەری گۆرانی، هونەرمەند بوو: دەنگێکی هەتا بڵێی بەسۆز. ریتمی دەنگی بەرزو لەکاتی ریتمی نزمیشدا، هاوئاهەنگی دەنگی جوانتر دەپاراست. ئاوازی جوانی هەڵدەبژاردو شیعری جوانتریشی لەئاوازەکەدا دەتواندەوە. لەژنە مەقام بێژە دەگمەنەکانی کوردەواری بوو. لێوانلێو ئاوازی رەسەن و سۆزی رەسەن و ئاهەنگی رەسەنی دەچڕی. رقی لەلاسایی کردنەوەی رۆژئاواو هەرزەکارانی (ملوانکە لەملی) بواری گۆرانی هەندەرانێکان بوو. کەگوێت لەگۆرانیەکانی دەگرت، هەستت دەکرد دەنکە مرواری لەهونەری گۆرانیدا دەهۆنێتەوە.

جگەلە هەموو پێوانە هونەریەکانی بەهرەمەندی مەرزییە، باشترین بەڵگە کە مەرزییە هونەرمەندێکی هەڵکەوتووە، ئەوەیە کەمەرزییە، هاوسەری ناسری رەزازییە، ئەو هونەرمەندەی کەهەتا نیو سەدەی تریش دەنگو سۆزی وەکو رەزازی دژوارە دەربکەوێت، کەچی مەرزییە، کەسایەتی هونەری خۆی.. جیا لەرەزازی دەرخستو پاراست. ناسر ناسری خۆی بوو. مەرزییەش مەرزییەی خۆی بوو، ئاخر ئاسان نەبوو تەوارێکی بەرزەفڕ، لەسەر شاخی کەڵە کێوێک هەڵنیشێتەوە. کەچی بەجوانیش هەڵنیشتو هەڵیش فریەوە. بۆیە، تەنها ناسرو منداڵەکانیو لەیلای فەریقی گەورە هونەرمەند بەمەرگی مەرزییە گوناح نەبوون، هەموومان.. بەو مەرگە گوناحین. هەموومان تەزیوین■

فێستیڤاڵی ئەدەبیو رۆشنبیری دهۆک


LI JÊR ÇAVDÊRIYA PARÊZGARÊ DUHOK
BERÊZ (TEMER REMEZAN)
FÎSTEVALA DUHOK YA REWŞENBÎRÎ - 1 -
1
PEYVA KURDÎ SÎNORAN DI BEZÎNE
ÊKETIYA NIVÎSKARÊN KURD - DUHOK
FÎSTEVALA DUHOK YA REWŞENBÎRÎ
LI ROJÊN ((22-24 / ÎLON / 2005)) LI HOLIA HOTÊLA JIYAN

رۆژی ٩/٢٤ لەژێر دروشمی (پەیڤی کوردی سنورەکان دەبەزێنێت) یەکێتی نوسەرانی کورد لقی دهۆک کۆتایی بەکارو چالاکیەکانی فێستیڤاڵی ئەدەبیو رۆشنبیری دهۆک هێنا، کە تێیداو دوای بەشداریەکی گەرمو گوڕی رۆشنبیران و ئەدیبان و نوسەرانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم چەندین بەرهەمی ئەدەبیو رۆشنبیری نوێ پێشکەشکران، جێی باسە تایبەتمەندی فێستیڤاڵەکە لەبوونی چەندین نوسەرو روناکبیری کوردو بیانی ئەوروپاو ئەمەریکاو ئوستورالیاو کەنەدا دەستنیشان دەکرا، وەک چۆن سەرجەم بەرهەمەکان لەهەر چوار پارچەکەی کوردستانەوە نێردرابوون. ماوەتەوە بوترێت لەم دواییانەدا شاری دهۆک گروتینێکی باش بەخۆوە دەبینێت لەئەنجامدانی کاری هونەریو ئەدەبیو رۆشنبییدا، بەتایبەتیش ماوەی دوای روخانی رژێمی سەدام.■

ئادەم وحەوا

خوێندنەوەی /حەمە هاشم

لەنێوان پەیوەندییەکاندا، هەندێ جار مرۆڤ وەک رەنگە ئاوێتە بەیەک بووەکان تێک دەرژێ و کەشێکی هارمۆنی لەو یەکانگیرییەدا دروست ئەکات، هەندێ جاری دیکەش لەو تەمتومانی پەیوەندییەدا جیاوازییەکان بە زەقی وەدەردەکەون.



(ئادەم و حەوا) ئەو تابلۆ هونەرییەی هونەرمەند (ئاراس حەمە حوسێن)ە کە بەروونتر باس لەو پەیوەندییە ئەزەلیانە ئەکات کە لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە، وە دەمانگەڕێنێتەوە بەرایییەکانی دروست بوونی ئەم پەیوەندییەکە لە ئادەم و حەوا وە دەستی پێکردوە، ئەم کارە هونەرییەی ئاراس دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکی یەوە، ئەم دوو بەشە هەم لەرووی رەنگە وە هەم لەرووی بابەتەوە جیاوازن و هەریەکەیان پانتاییەکی سەربەخۆی وەرگرتووە، کەدەشێ هەریەکێکیان بەجیاوازو بە بابەتی لێک نەچوو نمایش بکەین، بەڵام هونەرمەند هاتووە کە پەیوەندییە راستەوخۆ و ناراستەوخۆکانی ئەم بابەتەمان لەلا بوروژێنێت .. ژن وپیاوێک کەلەسیمایاندا ژیانەوەو زیندوێتی هەست پێئەکرێت لەسەر دڵی حەوا کەدا سێوێک وەک وەسیلەی کاریگەردانراوەوە منداڵێتی ئەخاتە ووجوودەوە و رەنگی وەنەوشەیی ئەوەرەی داوە بە لەت بوونێکی توندەوە لەگەڵ بەشی پیاوەکەدا لەت بووە کە رەنگی قاوەیی پانتایی زۆری هەیە ..جگە لەوەی کە جۆری تەکنیکی کارەکە هاوبەشە، بۆباکگراوندەکە تۆرێکی هاوبەشی نەخشدار دووبارە پەیوەندییەکانمان لەلا زیندوو ئەکەنەوە. ئەم بەرهەمە هونەرییە لەرووی دەربڕینەوە زۆرتر هەڵدەگرێت، لەتەکنیکدا بەهۆی رەنگی رۆنی لەسەر کانڤاس ئەنجام دراوە■

نمایشگای جل و بەرگی پاییزو زستانی ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦ کاری دیزاینەری بەناوبانگی لوبنانی (نیکۆلا جبران) قاهیرە

کوردو سێ زۆرینەکەی عێراق

شەفیقی حاجی خدر

سیاسەتکاران لەعێراق نەک هەر باس و خواسی دیموکراسیانە، بەڵکو بەدەرمانێکی جادوییشی دەزانن بۆ هەموو گرێ ئاسان و کوێرەکان، لەنێوانیشیاندا پرسی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێو نەتەوە بەیەکەوە لکاوەکان لەنێو بۆتەی دەوڵەتێکی تەمەن هەشتاوچوار ساڵەی نەریت ستەمی وەک عێراق. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بەڕاست ئەوەی ئەو سیاسەتکارانە ناوی لێدەنێن دیموکراسی دەرەقەتی ئەو بارە گرانە دێت کەبەسەر شانیاندا داوە؟ ئایا دیموکراسی هاوچەرخ ئەوەی کەزیاتر پێی لەسەر دادەگیرێت دیموکراسی زۆرینەیە دەتوانێت بەو کارە ڕابێ؟ ئایا شێوازی دیموکراسی باو (نوێنەرایەتی) دەتوانێت لەعێراقدا پەیامی ڕاستەقینەی خۆی بگەیەنێت؟ ئایا دیموکراسی بەگەڕانەوە بۆ خودی شیکردنەوەی زمانەوانی واژەی کۆنی گریکی (دەسەڵاتی گەل - نەتەوە) لەوڵاتێکی فرە گەل و نەتەوە مەبەستی هاتنەکایەی دەداتە دەست؟ ئایا نەتەوەکان وەک هەن بەپێی سەرژمێرییان دەکرێت (داری ئازادییان) لەکەشوهەوایەکی زۆرینەدا بێتەبەر؟

بۆ بەرسڤی پرسەکان دەبێ لەبەرایدا دان بەو ڕاستیەدا بنێین کەلەدەوڵەتی کۆن و نۆژەنکراوی عێراقدا سێ زۆرینە هەبوون و هەن کەهیچ کامێکیان لەڕاژەی کەمترین مافە نەتەوەیەکانی خەڵکی کوردستان نەبون و نین:

١- زۆرینەی یەکەم لەعێراقدا عەرەبن کەلەدەوروبەری ٦٠٪ دەبن.

٢-زۆرینەی دووەم لەعێراقدا شیعەن، گەربەرامبەر سوننە مەزهەبەکان (بەعەرەب و ناعەرەبەوە) بەحاڵ زۆرینە بن، یان مشتومڕ لەسەر زۆرینە بونیان بێتە کایە، بەڵام لەبەرامبەر نەتەوەی کوردا بەهەموو دین و مەزهەبەکانیشەوە هەر زۆرینەن.

٣-زۆرینەی سێیەم لەعێراقدا ئیسلامە.

هەروەها ئەوەش ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کەخاڵی هاوبەش و چەق لەهەر سێ زۆرینەکاندا (بەژمارە) نەتەوەی عەرەبە. دروست بوونی دەوڵەتی عێراقیش هەر لەسەرەتاوە بەو سیمایە بووە، باشترین ئاماژەی ڕەفتارو گفتاری یاساییانەش نەک سیاسیانە تا باسەکە نەکەوێتە بەر ئەگەری ڕاڤەکردنی بەملاولادا بردن، خودی دەستوری یەکەمی عێراق بوو لە ١٩٢٥ کەبە هیچ شێوەیەک خوێندنەوەیەکی دیکەی غەیرە عەرەبیانەی لێنەکەوتەوە. ئەو یاسایەش کەدوای شەش ساڵ لەدەرچونی دەستورەوە کز ئاسا دان بەزمانی کوردیدا دەنێت لەژێر ناوی زمانی ناوچەیی! ئەوە ناشۆرێتەوە کەعێراق دەوڵەتێکی عەرەبی بووە بەتەواوی واتای وشەوە. ئەم بارەش دواتر لەچاخی پڕ ستەمی بەناو کۆماریدا چڕتر بۆتەوە، کەسیماکە بەیاسای هەڵسوڕاندنی کاروباری عێراقیشەوە دیارە.

یاسای هەڵسوڕاندنی کاروباری عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە هەرچەندە لەدیباجەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کەهەوڵی یەکێتی نیشتمان بەگیانی برایەتی و پشتگیری دەدات. بەڵام هەر لەدیباجەکەو بەتایبەتی لەکۆتایی دێڕیدا ئەو ڕەوتەی خۆی بۆ مەبەستی سەرو لەگەڵ هەوڵی دەستوری هەمیشەییدا دێت بۆ (بەدی هێنانی دیموکراسی تەواوە) گۆڕیوەتەوە. لەیاسی ناوبراودا سێ جار پەیڤی دیموکراسی، هەشت جار زۆرینەو ٢٢ جاریش هەڵبژاردن بەشێوەی جیاجیا هاتوون. واژەکانی دووەم و سێیەمیش هەر مەبەستی پێکهاتەی واژەی یەکەم دەدەنە دەست.

کاتێکیش بەنێو مادەکانی یاساکەدا شۆڕ بینەوە تاکو پێوەرو ڕێڕەوی دیموکراتیزەکردنی دەسەڵاتە نوێیەکەو نەخشەدانان بۆ قۆناغی ئایندەش لەدەستوری هەمیشەیی و میریی و ڕەوادار دابنێت هەر پەنا دەباتە بەر ئەو سەرەتا باوەی کەنوێنەرایەتی گەلە، گەلیش یەک گەل بێ گوێدانە سادەترین سەرەتای فیدرالیزم لەوەی گەلی ویلایەت یان کۆمارە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵ ووەک یەک نوێنەرایەتییان لە یەکێک لەدوو ژوور (باڵ)ەکانی پەرلەماندا هەبێت. کەچی ئەوەی پێی دەگوترێت دەستوری کاتی عێراقی نوێ بەلای ئەو خاڵە چارەنوسسازەدا نەچووەو هەموو کاروباری خۆی لەسۆنگەی زۆرینەی بەژمارەی یەک گەلدا دەبینێتەوە (بڕوانە مادەکانی ٣، ٢٠، ٢٧، ٣٠، ٣٢، ٣٦، ٣٧، ٣٩، ٤٠، ٢) بێجگەلەوەش ئەوەی پێی دەوترێت زۆرینە ئەوسا زۆرینەی سادە بێ یان ڕەها لەو زۆرینەوەیەوە دێ کەپێشتر هەڵبژاردنی بۆ کراوە. واتە دەستور یاساو بڕیارەکان لەو زۆرینەوەیەوە دەردەچن کەدەرچەی زۆرینەیە (زۆرینە لەناو زۆرینە)، ئەمەش بەلێکدانەوەیەکی ژمێریاریانە ئەو دووریەمان بۆ دەردەخات کەئەندامی نەتەوە بەژمارە کەمینە لەکردەی دەسەڵاتدا چەند دەبێت.

دەکرێ ئەو خاڵە زۆر دەستی پێوە بگیرێت، هەرچەندە خاڵەکە دەسەڵاتی نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق. ئەو دەسەڵاتەش لەئامۆژگاری و ڕاسپاردە تێناپەڕێت، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە هەر هێندە دەست بەسەرەتای (التوافق) دەگیرێت تادەستوری هەمیشەیی و حکومەتی هەڵبژێردراو نەهاتۆتە سەر کار. چونکە دواتر کارڕایی فەرمانڕەوایی ڕێڕەوی ئاسایی خۆی وەردەگرێت

کاتێک پێناسەی چەمکی دیموکراسی بکەین ئەوە هەر دەبێ بچینەوە سەر ئەو گیانەی کەگریکەکان چاکەی ناو داهێنانەکەیان (دیمو= گەل= نەتەوە، کراتۆس= دەسەڵات) بۆ دەگەڕێتەوە. ئەوسا دیموکراسی بەهەر یەکێک لەسێ شێوەکانی (ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆو نیمچە ڕاستەوخۆ) پەیڕەو بکرێت زۆر لەپەیامی باسەکە ناگۆڕێت. مەبەستیش لەگەڵ و نەتەوە یەکانگیری بێ کێشەی قوڵی لەیەک جیایی نەتەوەکانە، بەگەڕانەوە بۆ پێناس و چەمکەکەی. هاتنە کایەی دەوڵەتی نوێش لەمێژووی سەدەو نیو تا دوو سەدەی لەمەوبەردا بەهەوڵدان بۆ پەیڕەوکردنی چەمکی دەوڵەتی یاسایی چەرخی ڕۆشنگەری و دواتر ڕۆمانتیکی هەر سەلمێنەری ڕاستیەکەی سەرووە، لەیەکلابونەوەی بایەخی قەوارەداران بەنەتەوە، ئەوەش بەبەهەند وەرگرتنی سیماو ڕەهەندەکانی جوڵانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی خودی نەتەوەکە. لەوباری نەتەوەی قەوارەدا بنەمای دیموکراسی بەهێنانە کایەی خواستەکانی لە:

١- یەکسانی هەمووکەس لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادو نهێنی.

٢- دەستەبەرکردنی مافی (ئەکتیڤ و پاسڤ) دەنگدان و خۆهەڵبژاردن.

٣-مافی هەمووکەسێک بۆ هەوڵدان لەپێناوی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسیدا.

٤- دابینکردنی مافە بنچینەییەکان لەنێویاندا ئازادی ڕادەربڕین و کۆبونەوەو ڕێکخراوێتی و... هتد.

٥-ڕاشکاویی و بێ پەردەیی بڕیارەکانی میریی.

٦- بڕیارەکان بەزۆرینەیی بدرێن.

٧- مافی کەمینە بپارێزرێت.

٨- بنەمای دیسێنترالیزاتسیرکە (لامەرکەزی) بۆ خەڵک و خاک بسەلمێندرێت.

٩- دەستەو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان پێش و پاش بڕیاری میریی بتوانن دەسەڵاتی خۆیان لەڕێگای چاودێرییەوە ڕایی بکەن.

١٠- ئەو خاڵانەش هەمووی لەبۆتە چەمکی دەوڵەتی یاسادا بێتە دی، ئەگینا دەسەڵاتەکە دیکتاتۆریانە یان ستەمکاریانە دەردەچێت.

خۆ گەر بگەڕێینەوە سەر پیادەکردنی دیموکراسی بەپێی زۆرینەو گەر ئەو خاڵانەی سەرەوە پەیڕەو نەکرێن. ئەوا دەسەڵاتی زۆرینە زۆر جاران دەبێتە دیکتاتۆریەتی زۆرینە. خۆ لەهەندێک باردا گەر وردتر لێی بڕوانین زۆرینەکە مەرامێکی لەپشتە، لێرەدا ڕێ و شوێن ڕەوایەتی ناداتە مەبەست یان ماکیاڤیلیانەوە بەپێچەوانەوە. واتە گەر گەیشتنە کورسی فەرمانڕەوایی بەشێوازێکی دیموکراسیانە بوو واتای ئەوە ناگەیەنێت کەخودی دەرچەی دەسەڵات بەباری ڕاستە ڕێیدا بشکێتەوە. ئەمەش زیاتر لەو کەشوهەوایەدا دێتە گۆڕێ کەوڵاتەکە باری شڵۆقی و بێدادی بەمیرات بۆ مابێتەوەو ئەزموونی لەکارڕایی دیموکراسیدا هیچ بێت، سەرباری ئەوەش ئەگەری ئەوە بووەو بەهێزدەبێت کەوشیاری یاسایی -سیاسی نەبێت یان کەم بێت، ئیدی دەست پێوەگرتنی دیموکراسی لەچوارچێوەی سیستەم بترازێت و تەنها ڕواڵەتێکی جوانکاری ببەخشێت. ئەم بارودۆخەش لەعێراق بەدوور نییە.

هەروەها ئەو ئەگەرەش بەئەزمون سەلمێنراوە کەپێواژۆی دیموکراسی کراوەتە بەردەباز بۆ دیکتاتۆریزم. نمونەش هیتلەرو نازیەکانی سیەکانی سەدەی ڕابردون لەئەڵمانیا. ئەوسا بۆیە ئەو گفتوگۆیەش لەفەلسەفەی یاسا لەئارادایە کەئەو مەرامدارانە بۆیان نییە دیموکراسی بکەن بەردەباز. بەواتایەکی دیکە بەرپێگرتنیان ڕەوایە. واتە نابێت کەسێک، دەستەیەک، ڕێکخراوێک دیموکراسی لەڕێگەی زۆرینەوە بۆ سەربڕینی دیموکراسی بەکاربێنێت.

بەلێکدانەوەی ئەوەی پێشوو بەلەبەرچاوگرتنی دیرۆک و بیرۆکەی سەرەدەستەیی نەتەوەی زۆرینە وەڵامی کورتدادر نایە بۆ پرسیارەکانی سەروو، بەڵام بۆ ڕاگرتنی هاوکێشەکە دیسان پەنا دەبردرێتە بەر بنەمایەکی دیکەی دیموکراسی ئەویش لەزۆر بونەدا سەرکردە دەسەڵاتدارەکانی کورد بەڕاشکاوانە ڕایانگەیاندووە کەدەبێ سەودای سیاسی لەعێراقی ئایندەدا لەڕێگەی ڕێککەوتنەوە (التوافق)ەوە بێت. جێی سەرنجە یاسای هەڵسوڕاندنی کاروباری عێراق لەگەڵ زۆرینەیە وەک باسمان کرد نەک ڕێککەوتن. بەڵام هێمایەک لەدوا بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ١٥٤٦وە هەیە، لەخاڵی سێیەمی بڕگەی ئەلفی بەندی حەوتەمی بڕیارەکەیە. بێگومان دەکرێ ئەو خاڵە زۆر دەستی پێوە بگیرێت، هەرچەندە خاڵەکە دەسەڵاتی نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق. ئەو دەسەڵاتەش لەئامۆژگاری و ڕاسپاردە تێناپەڕێت، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە هەر هێندە دەست بەسەرەتای (التوافق) دەگیرێت تادەستوری هەمیشەیی و حکومەتی هەڵبژێردراو نەهاتۆتە سەر کار. چونکە دواتر کارڕایی فەرمانڕەوایی ڕێڕەوی ئاسایی خۆی وەردەگرێت.

کەزۆرینە دەبێتە سەنگی مەحەک، هەروەها بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بنەمایە کەلەدەسەڵاتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکانە دوای سێ مانگ لەدەرچوونی بڕیارەکەو وادە هاتنی ڕاپۆرتی سێ مانگی کارێکی بەرچاو نەکراوە. هەنگاوەکان زیاتر بەرەو کردەی هەڵبژاردن مل دەنێن تا تەوافقی پێش پرۆسەی هەڵبژاردن.■

کورتیلە باس

تورکیاو قەرەبوکردنەوەی پارێزەری ئۆجەلان

ئەوەتەی ئۆجەلان.. سەرۆکی P.K.K بەدەسیسە ڕفێندراوە هەتا ئێستا، پەرلەمان و ڕای گشتی و هەندێک ڕێکخراوی یاسایی، چاودێری دۆخی زیندانی و دادگایی ئۆجەلان دەکەن. دەوڵەتی تورکیاش هەوڵی داوە لەبایەخی ئەم چاودێری کردنە کەم بکاتەوە. هەڵبەتە ئۆروپا بەم سیاسەتەی تورکیا دڵسارد نەبون و لەسەر سیاسەتی یاسایی خۆیان بەردەوام بون.. بۆ ئەم مەبەستەش پارێزەری تایبەتیان تەرخان کردووە. سەرەنجام دادگای ئۆروپا تورکیا بەسزای (١٢٠) هەزار یۆرۆ سزا داوەو تورکیاش ناچار بووە لەمانگی ئەیاردا ئەم بڕە پارەیە بدات.

هەروا .. لیژنەی مافی مرۆڤی ئۆروپا پەیگیری کێشەی ئۆجەلان دەکاو بڕیاریشە مانگی ئاینده لەسەر دوا پێشهاتی کێشەکە کۆبێتەوە..

ئەم مەسەلانە.. دەری دەخەن کەحکومەتی تورکیا، هێشتا لای ئۆروپا جێگەی متمانەو باوەڕ نییە. بۆیە، هەرچەندە قسە زۆرە کەئۆجەلان لەکاتی گرتنەکەیدا هەڵوێستی باشی نەبووە، بەڵام یەکێتی ئۆروپاو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، هەتا خۆیان لەهەڵومەرجێکی کوت و مت یاساییدا لەکێشەی ئۆجەلان دوور لەفشار نەکۆڵنەوە، دەست لەو کێشەیە لەبەر خاتری تورکیا هەڵناگرن.■

تورکیا دیسان ڕێ گرتن لەکۆنگرەی ئەرمەنەکان

کێشەی ئەرمەن و ئەرمەنستان، جارێکی دیکە خەریکە بەتەوژمێکی مرۆیی کاریگەر سەرهەڵبداتەوەو ئەم جارەش، پشتیوانیەکی فراوانی ئۆروپاو ئەمریکاو ڕای گشتیان هەیە.

مەرگەساتی ئەرمەن.. لەو مەرگەساتانەیە کەبەڕاستی مایەی شەرمەزارییە بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تورکخواز.

چەند ساڵێکیشە.. کێشەی ئەرمەن لەدۆسیەی ئۆروپادا تاوتوێ دەکرێ. سەرەنجام، تورکیا، وەکو گەلێ شتی دیکە ناچار بوو ڕێگە بدات لێکۆڵینەوە لەسەر ئەرشیفی کۆنی کارەساتی ئەرمەنەکان بکرێ. هەروا، ناچاریش بوو لەم ماوەیەدا ڕێگە بدا لەزانکۆیەکی ئەنقەرەدا کۆنگرەیەک لەسەر کارەساتی ئەرمەن سازبدرێ. بەڵام ڕۆژێک پێش بەستنی کۆنگرەکە، حکومەتی تورکیا دیسان لەپڕ نەیهێشت کۆنگرەکە ببەسترێ. ئەمەش بۆتە هۆی کاردانەوەی کۆمۆسیۆنی باڵای یەکێتی ئۆوروپاو لەم بارەوە (کریستنیا ناگی) قسەکەری ڕەسمی کۆمۆسیۆنەکە گوتی: زۆر بەداخەوەین بۆ ئەوەی کۆمەڵی تورکیا ڕێگەنادا دیالۆگ لەسەر مێژووی خۆی بکرێ، ئەم بڕیارەش کەڕۆژێک پێش کۆنگرەکە دراوە، بەکارێکی قەڵساوی دەزانین. بڕیارەکەش.. لەدادگایەکی ئەستەنبوڵدا دراوەو ئەمەش دووەمین جارە تورکیا ڕێگەی کۆنگرەیەکی ئاوا نادەن.■

دەرنەچوون لە کۆنگرەی خوێندکاران و کاردانەوە

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ٢٠-٢١-٩ کۆنگرەی ئاسایی خۆیان بەست، هەوڵێکی زۆر دراوە ئەم کۆنگرەیە لەناوەڕۆک و ڕێ و شوێنی سازدانی جیاوازبێت لەکۆنگرەکانی پێشوویان، هەتا ڕادەیەکی دیاریش ئەم ئامانجە هێنراوەتە دی. بەتایبەتی کەشێکی ئازادو پڕوپاگەندەیەکی ئازادتر بۆ کاندیدەکانی سکرتێرو سکرتاریەتی ڕێکخراوەکە، پێش کۆنگرەو لەکاتی کۆنگرەشدا ڕەخسێنرا. بەڵکو بتوانرێ ڕێگە لە تەکەتولەکان بگیرێ و دەستی درێژیان لەناو کۆنگرەدا کورت بکرێنەوە، لەمەشدا، پێشکەوتن هەست پێ کرا. بەڵام کاریگەری تەکەتول، بەهەموو ڕەهەندەکانی ئاسەواریان هەر هەبوو.

وادیارە، هەن بەرژەوەندیان لەناو ئەم ڕێکخراوانەدا، تەنها لەڕێی تەکەتولەکانەوە دەبینن، بۆیە واز، لەم گەندەڵیە سیاسیە، کە لە هەموو گەندەڵیەک خەتەرناکترە، ناهێنن. کاتێکیش ئەوانەی جگە لە گەندەڵی تەکەتول، ناتوانن ئاسۆی دیموکراسی ساماڵ ببینن، کاتێک دوچاری شکستی تەکەتولەکانیان دەبنەوە، لەبری بەخۆداچوونەوە بەو ڕەوشە هەڵەیە، بەداخەوە کاردانەوە دەکەنە ئامرازی دەربڕینی هەڵەکانیان و دامرکاندنەوەی دەروونی هەڵچویان. کە ئەمەش هەڵە بەهەڵە چارەسەرکردنە.■

عەرەبایەتی عێراق یان موزایەدەی سیاسی؟

کامیل مەحمود

بەناسنامەی عێراق بوویە جێگای مشتومڕێکی ناوخۆیی و ئیقلیمی، کەلەوانەیە یەکلاکردنەوەی ئەو دوای ڕاگەیاندنی ڕەشنوسی دەستوری نوێی عێراق و ئامادەکاری بۆ ریفراندۆم لەسەری، بەندی تایبەت مشتومڕە لەسەر ئاستی ناوخۆ ئاسانتر بێت لەئیقلیمییەکەی، مەسەلەی ناسنامەی عەرەبی عێراق پانتایی فراوانی ئەو قسەو باسانەی بۆ خۆی گرتووە کەئەمرۆ لەسەر دەستور دەکرێت و لەو نێوەندەدا کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی کەوتنە سەرکۆنەی عێراقییەکان و ڕەخنەگرتن لەو برگە دەستورییەی کەدەڵێ: هاوڵاتیانی عەرەبی عێراقی بەشێکن لەنەتەوەی عەرەب، ئەو کۆمەڵەیە لەسەر زاری عەمر موسای ئەمیندارەکەی ئەم مادەیەی بەدابڕانی عێراق لەنەتەوەی عەرەب لەقەڵەم داو داوای گۆڕینی کرد بەشێوازێکی تری دەربڕین کەخۆیان پێشنیاریان کردووە. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، بەدەنگەوە هاتنی ئەم جارەی ئەو ڕێکخراوەیە بۆ ئەو مەسەلەیە، لەم هەلو مەرجە ناسکەدا کە عێراقی پیادا تێپەر دەبێت و گەیشتوەتە کۆتایی پرۆسە سیاسییە نوێیەکەی کەبەئاراستەی کامڵبوون و بەئاکام گەیشتندا دەڕوات.

نەبوون و نائامادەییتان لەناو کێشە نیشتیمانی، نەتەوەییەکانتان و شکستی ئێوە لەسەرکردایەتی نەتەوەی عەرەب، گەندەڵی و دیکتاتۆرییەتی زۆربەی ڕژێمەکانتان، شەقامی عەرەبی خستوەتە بەردەم تورەیی و هەڵچونێکی کپکراوەی چاوەڕوانکراوەوە کەلەهەموو کات و ساتێکدا چاوەڕێی تەقینەوەی دەکەن

مەگەر کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی و ڕژێمە سیاسییەکانی دنیای عەرەب، لەماوەی ئەم هەموو جەنگ و هەراو قەیرانانەی دوچاری گەلانی عێراق هاتووە، دوای ڕوخانی سەدام لەکوێ بوون و ڕۆڵ و کاریگەری عەرەبیی لەسەر ڕەوشە ئاڵۆزەکەی عێراق چی و کامەبوو؟

بەدەنگهاتنی جامیعەی عەرەبی لەسەر ئەو مادەیەی دەستور جگەلە دروستکردنی کۆمەڵێک پرسیار لەسەر خودی ئەو جامیعەیە، وەڵامو قسەیەکی تر هەڵناگرێت، چونکە ئەوە عێراقییەکان مافی خۆیانە هەمیشە عەرەب بخەنە ژێر پرسیارەکانی خۆیانەوە نەک بەپێچەوانەوە. لەماوەی دەیان ساڵی قەتڵ و عامی عێراقییەکاندا ئەوان و ڕێکخراوەکەیان لەکوێ بوون و بۆچی بۆ تەنها جارێک هەڵوێستێکیان لێ نەبینرا جگەلە پشتیوانی ڕژێمی سەدام؟ پاشان دوای ڕوخاندنی ئەو ڕژێمەو هاتنەکایەی هەلومەرجی نوێ بۆ عێراقییەکان، کە تیایدا وڵاتەکەیان ئازادانەو دوور لەچەوسانەوەو سەرکوتکردن بنیات بنێنەوە، هەموو دنیا بەکردار یان بەهەڵوێست و دیدێکی سیاسی پۆزەتیڤانە خۆیان بۆ عێراقییەکان نمایش کرد، بەڵام ئێوەی ڕێکخراوی وڵاتانی عەرەبی وەک چۆن لەناو کێشەو پێشهاتەکانی تری ناوچەکەدا ون و نادیارن، دیسان لێرەشدا هەر لەیادتان چووبوو، وڵاتێکی ئەندامی ڕێکخراوەکەتان لەقەیراندایە، نەک هەر ئەوەش، ئەوەی ژیانی لەم گەلە مەینەتبارە تێکداوە لەژێر باڵی ئێوەوە هاتە ئێرەو جامی تورەیی خۆی بەسەر عێراقییەکاندا دەڕێژێت. سێ ساڵ زیاترە خەڵکی عێراق و بەتایبەتی براعەرەبەکانتان لەعێراقدا، چاوەڕێی هەڵوێستێکی جوامێرانەی نەتەوەیی لەئێوە دەکەن، بەکردار یان بەگوتار بەرامبەر بەوەی لەوڵاتەکەیاندا ڕوودەدات، بەڵام ئێوە بەهیچ شێوەیەک بوون و ئامادەبونتان هەر نەبوو، ئێستاش کەخەڵکی عێراق بەشی هەرەزۆری کێشە سیاسییەکانیان لەناو ڕەشنوسی ئەم دەستورەدا چارەسەر کردووەو کاروانەکەیان بەرەو دوا هەنگاوەکانی دەڕوات، لەجیاتی هاوکاری و پیرۆزبایی و دەستخۆشی کێشەی لەبەردەمدا دروست دەکەن.

نەبوون و نائامادەییتان لەناو کێشە نیشتیمانی، نەتەوەییەکانتان و شکستی ئێوە لەسەرکردایەتی نەتەوەی عەرەب، گەندەڵی و دیکتاتۆرییەتی زۆربەی ڕژێمەکانتان، شەقامی عەرەبی خستوەتە بەردەم تورەیی و هەڵچونێکی کپکراوەی چاوەڕوانکراوەوە کەلەهەموو کات و ساتێکدا چاوەڕێی تەقینەوەی دەکەن، هەربۆیە ناسنامەی نەتەوەیی و (عەرەبی) عێراقتان لەم کۆتایی قەیرانەی ئێمەدا کردۆتە دروشمی سیاسی و خۆتان لەژێریدا حەشار داوە بەئومێدی ئەوەی شەقامی تورەی عەرەبیی پێ چەواشە بکەن.

ئەوەی ئەمڕۆ ئێوە خۆتان ڕوکەشانە لەسەر نیگەران کردووە، جگەلە ئۆپەراسیۆنی سیاسی چەواشەکارانە، شتێکی تر نییەو مەبەستێکی نەتەوایەتی دروست و ناسیۆنالیستانەی ڕاستەقینەی لەپشتەوە نییە، ئێمەش کێشەمان لەگەڵ ئۆپەراسیۆن و ململانێی ئێوە لەگەڵ نەتەوەی خۆتاندا نییە، بەڵکو کێشەکە لەوێدایە کەعێراق دەکەنە دەمامک و گۆڕەپان بۆ ئەو مناوەرانە هەروەک چۆن ئەمڕۆ عێراق کراوەتە گۆڕەپانی توندوتیژی هێزە ناپەیوەندیدارەکان بەعێراقەوە.

ئەمڕۆ لەڕێگای عێراقەوە وێنەیەکی نادروست و چەواشەکارانەی خۆتان پیشانی شەقامی عەرەبی دەدەن و بەو کۆمەڵە دروشمانە لەسەر ناسنامەی عەرەبیی عێراق بەرزتان کردووەتەوە، شکستی ڕێکخراوەکەتان بەرامبەر بەکێشە چارەنووسسازەکانی دنیای عەرەبی پێ دەشارنەوە.

باشە دەبێت بوونی عێراق بەبەشێک لەنەتەوەی عەرەب لەدەستوردا، چی لەحاڵی عێراقییەکان دەگۆڕێت و هەروەها ڕێکخراوی جامیعەی عەرەبی بەمە چەند هەنگاو دەچێتە پێشەوە؟ مەگەر تائێستا عێراق بەشێک نەبووە لەنەتەوەی عەرەب و لەماوەی ئەو عەرەبایەتیییەیدا جیهانی عەرەبی جگەلەو کێشەو گرفت و ئابڕوچونانەی ڕژێمی ڕووخاو بۆ عەرەب و کۆمەڵەی عەرەبیی دروست کردبوو، چی دەست کەوت یان چەندە توانی نیتۆکی بکات و ڕێگا لەدەست درێژییەکانی بگرێت؟

ئایا نەک تەنها عێراق، بەڵکو دەیان وڵاتی تری وەک عێراق و گەورەتر لە عێراق بینە بەشێک لەنەتەوەی عەرەب و ئەندامی کۆمەڵەی عەرەبی، چی لەباری تراژیدی ئێستای ڕێکخراوەکەو جەماوەری عەرەبیی بەدەست ڕژێمە دیکتاتۆرو دواکەوتوەکانیانەوە دەگۆڕێت؟

مەگەر وڵاتێکی وەکو لوبنان، کەپێشتر لەدەستوردا دەوترا (ڕوویەکی عەرەبیی هەیە)و ئێستا دەوترێت (لوبنان بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب)، ئایا لوبنان و نەتەوەی عەرەب، بەم دوو دەربڕینە چییان لەدەست چوو یان چییان دەست کەوت؟

مەگەر ئێستا فول وڵاتی عەرەبیی نییە، بەهۆی نائامادەیی و دەستەوەستانی عەرەب و ڕێکخراوەکەیەوە، هەرەشەی کشانەوە لەجامیعەی عەرەبی و سڕینەوەی ناسنامەی خۆی دەکات؟ کەلیبیای عەقید قەزافی بەو هەموو تێبینییەی لەسەر ڕژێمەکەی خۆی هەیە، نمونەی ئەو ئۆپۆزسیۆنە عەرەبییەی ناو جامیعەی عەرەبییە.

ئێستاش عێراق بەشێک بێت لەنەتەوەی عەرەب یان نەبێت، ئەندامی جامیعەی عەرەبی بێت یان نا، هەرچەند ئەمەی نەوتووە و لەدەستوری نوێدا خۆی بەئەندامی کارای ئەو ڕێکخراوە داناوە، بەمە هیچ لەباری لاری عەرەب ناگۆڕێت، جگە لەوەی عێراق خۆیشی چەندە باری لار دەبێت. خۆ ئەم جامیعەیەش وەکو ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپا نییە مەرجی بەئەندام بوون تیایدا بۆ هەر وڵاتێک دیموکراسییەت و ڕەچاوکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بێت تاعێراق بەکوردو نەتەوەکانی تری غەیرە عەرەب و تەنانەت عەرەبیش ماراسۆن بکەن لەسەر بەئەندام بوون تیایدا!

ئەم وڵاتە تازە ڕزگاربووەی دەستی دیکتاتۆریەت، ئەگەر بەشێک نەبێت لەنەتەوەی عەرەب و ئەندام نەبێت لەجامیعەی عەرەبیشدا زیانێک ناکات، چونکە عەرەب خاوەنی (بازاڕی هاوبەشی عەرەبی) نییە تاعێراق بەبێ ئەوان لەبرساندا بمرێت!■

Kml_mahmod@yahoo.com

ترسناکی ئامانجی حکومەتی ئیسلامی لەئەدەبیاتی کۆمەڵی ئیسلامیدا

عەلی کوردستانی

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لەژمارە (٣٧٨٢)و (٣٧٨٣)دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی سازداوە، لەم دیدارەش و لەدیدارەکانی تری پێشووی دوای بەربونی عەلی باپیر، هیچ گۆڕانێکی وا لەفیکرو هەڵوێستەکانیدا ڕووی نەداوە بەتایبەت لەهەڵوێستەکانیدا دژ بەعەلمانیەت و سیستەمێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی نوێ لەکوردستاندا، ئەوەی کەترسناکە لەئەدەبیاتی کۆمەڵی ئیسلامی و هەڵوێستەکانی باپیردا مەسەلەی ئامانجی دروستکردنی حکومەت و کۆمەڵی ئیسلامییە لەکوردستاندا، ئەم ئامانجە لەئەدەبیاتی هەموو پارتە ئیسلامیەکانی تری جیهاندا ترسناک و سەرچاوەی دروست بوونی گروپی ئیرهابی بووە، بەتایبەت بیرۆکەی چەک هەڵگرتن و جیهاد لەدژی خۆرئاواو هەموو ئەو هێزانەی کەعەلمانی و دیموکرات و لیبراڵین لەبیرۆکەی دروستکردنی حکومەت و کۆمەڵی ئیسلامیەوە سەرچاوەی گرتووە،

دوای بەربونی عەلی باپیر، هیچ گۆڕانێکی وا لەفیکرو هەڵوێستەکانیدا ڕووی نەداوە بەتایبەت لەهەڵوێستەکانیدا دژ بەعەلمانیەت و سیستەمێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی نوێ لەکوردستاندا

تەنانەت ستراتیژی سەرەکی ئیخوان لەسەرەتادا بەم نەخشەیە کاری دەکرد دروست کردنی (تاکی ئیسلامی - خێزانی ئیسلامی - کۆمەڵی ئیسلامی - دەوڵەتی ئیسلامی) هەموو گروپە جیهادیەکانی میسرو وڵاتانی تری عەرەبی و ئەفغانستان و پاکستانیش لەسەر ئەم بیرۆکەیەی ئیخوان دروست بوون بەئامانجی هێنانەدی دەوڵەتی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامیش هەروا بەم جۆرە لەسەر ئەم بیرۆکەیە کار دەکات بۆ کۆ مەڵ و حکومەتێکی ئیسلامی لەکوردستاندا. (عەلی باپیر) لەچاوپێکەوتنەکەی (کوردستانی نوێ)دا دەڵێت (لەئامانجی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیدا ئێمە جاران وتومانە ئامانجی بنەڕەتیمان ئەوەیە هەوڵ دەدەین لەکوردستان و هەر شوێنێکی عێراق کەدەستمان بگاتێ حکومەتێکی ئیسلامی و شەریعەت پیادە بکەین، واتە حکومەتێکی ئیسلامی دروست بکەین، ئێستا ئەوە گۆڕاوە بۆ ئەوەی دەمانەوێت قیەمی ئیسلامی ببوژێنینەوە، دیارە ئەوەش ئەوەی پێشووش دەگرێتەوە). هەروەها دەڵێت (لەزینداندا ئەمریکیەکان لێیان دەپرسیم پێمانخۆشە بەکورتی پێمان بڵێیت ئایا تۆ هەر سوریت لەسەر ئەوەی کەکیانێکی ئیسلامی لەکوردستان لەعێراق دروست بکەیت و بۆ ئەوە هەوڵ دەدەیت؟ وتم: بەڵێ) هەروەکو چۆن لەڕابردوودا ئەم ئامانجانەی بزوتنەوە ئیسلامیەکان یەک دنیا کارەسات و کاری تیرۆریستی بەرهەم هێناوە ئەوا لەقۆناغی ئێستاشدا هەڵوێستی لەوێنەی عەلی باپیرو پارتەکەی بەهەمان شێوەکاری ئیرهابی و کارەسات بۆ کورد بەرهەم دێنێت، چونکە لەپێناو هێنانە دی دروستکردنی حکومەتی ئیسلامیدا هەموو ڕێگەیەک دەگرنەبەر لەوانەش ڕێگەی ئەنجامدانی کردەوەی ئیرهابیە لەدژی هەموو ئەوکەس و هێزانەی کەحکومەتی ئیسلامی ڕەت دەکەنەوە. لەئێستای ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و کوردستاندا زەمینەی دروستکردنی کۆمەڵ و حکومەتی ئیسلامی نەماوە، ئەمەش بەهۆی کاریگەری خۆرئاوا لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەیی و ئابوری ناوچەکە، بۆیە ترسناکی ئەم ئامانجە لەوەدایە

کەبزوتنەوە ئیسلامیەکان بەحوکمی ئەوەی هەم پێگەی کۆمەڵایەتییان و هەم خۆشیان لاواز بوون، لەبەرامبەر ئەمەدا پەنا دەبەنە بەر ڕێگەی تر بۆ دروست کردنی کۆمەڵ و حکومەتی ئیسلامی کەئەویش ڕێگەی ترساندن و هەڕەشە کردنە لەهەموو ئەوانەی کەدەیانەوێت بەشێوەیەکی تر بژین و سیستمێکی نوێی سیاسی و ئابوری و زانستی و پەروەردەیی داوا دەکەن لە وێنەی سیستمی ئەمریکی و ئەوروپی، لەلایەکی تریشەوە لەکاتێکدا کەکۆمەڵی ئیسلامی و هاوشێوەکانیان لەناوچەکەدا بەئامانجی دروست کردنی کۆمەڵ و دەوڵەتی ئیسلامی کاردەکەن کەناوچەکە لەژێر هەژمونگەری ئەمریکادایەو پرۆژەیەکی گەورەشی بەدەستەوەیە بۆ گۆڕینی تەواوی ناوچەکە کەبەهیچ شێوەیەک جێگەی کۆمەڵ و حکومەتی ئیسلامی نابێتەوە لەم نەخشەیەی ئەمریکادا، بەتایبەت لەناوچەیەکی وەکو کوردستاندا هێنانە دی کۆمەڵ و حکومەتی ئیسلامی تیایدا وەهمێکی گەورەیە، چونکە ڕاستە کورد زۆرینەی موسوڵمانە، بەڵام لەڕووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە، ئێستا زیاتر بەڕووی خۆرئاوادا کراوەتەوە، نەک جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، واتە ئەگەر خەونی بەدیهێنانی حکومەتی ئیسلامی لەوڵاتانی عەرەبیدا ئەگەری دروست کردنی هەبێت ئەوا لە کوردستاندا حاڵەتەکە پێچەوانەیەو کوردەکان خۆیان پرۆژەی ئیسلامی عەرەبی بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو بوارەکانی ژیانیان ڕەت دەکەنەوە بەتایبەت لەڕووی سیاسیەوە ئەستەمە کورد حکومەتێکی ئیسلامی قبوڵ بکات کەئەمڕۆ کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانەکانی خەباتی بۆ دەکەن، تەنها ئەندامانی پارتە ئیسلامیەکان ئەم پرۆژەیەیان قبوڵە، بەپێچەوانەشەوە زۆرینەی خەڵکی کوردستان حکومەتێکی عەلمانی داوا دەکەن بۆ حوکمی کوردستان.

لەبنەڕەتیشدا بیرۆکەی دروستکردنی کۆمەڵ و حکومەتی ئیسلامی بیرۆکەیەکی ئیسلامی عەرەبیەو لەژینگەیەکی عەرەبی لەدایک بووە و لەبەرئەوە هەرگیز ناکرێت ئەم مۆدێلە لەناو نەتەوەکانی تردا بێتە دی، ئێستا لەواقیعی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبیشدا دروست کردنی کۆمەڵ و حکومەتێکی ئیسلامی لەوێنەی ئەوەی بزوتنەوە ئیسلامیەکان کاری بۆ دەکەن هێنانە دی بۆتە وەهم، چونکە مۆدێلی حکومەتی ئیسلامی کەلەڕابردودا لەخەلافەتی ئیسلامیدا بەرجەستە بوبوو گەورەترین زەرەری لەموسوڵمانەکانی ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی ئیسلامیدا داو بووە هۆی دواکەوتنیان لەهەموو بوارەکاندا، بۆیە ئێستا بەشێکی زۆری خەڵکی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیش چاویان لەمۆدێلی کۆمەڵ و حکومەتی خۆرئاوایە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، ئێستا جەماوەری پارتە ئیسلامیەکان هەروەکو کوردستان لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیش لەدابەزیندایەو چالاکی و جوڵانەوەشیان لەداکشاندایە، بۆیە تەرحی ئیسلامی سیاسی بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئیسلامی تەرحێکی لاوازو شکست خواردووە، چونکە مۆدێلی دەوڵەتی ئایدۆلۆژی و شمولی لەقۆناغی نوێی سیستمی سیاسی جیهاندا باوی نەماوە و سەردەمی هەرەسی هەموو جۆرە حکومەتێکی شمولی و مەزهەبییە.■

لەئێستای ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و کوردستاندا زەمینەی دروست کردنی کۆمەڵ و حکومەتی ئیسلامی نەماوە، ئەمەش بەهۆی کاریگەری خۆرئاوا لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەیی و ئابوری ناوچەکە

بەدواداچونی ڕۆژنامەوانی

ئەرێ فایلەکەی شوان هەورامی چی بەسەر هات؟!

کۆچەر مەحمود هەڵەبجەیی

لەچەند مانگی ڕابردوودا و لەنێو ماڵی (شوان هەورامی) لەشاری هەڵەبجەی شەهید لەبارودۆخێکی تەمومژاویدا، تەقینەوەیەک ڕوودەدات و لەئاکامدا دوو ژنبرای شوان هەورامی گیان لەدەست دەدەن و خێزانەکەشی هەردوو چاوی لەدەست دەدات. بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵەکە لەکاتی خۆیدا وا ڕاگەیەنراوە کەشوان هەورامی لەکاتی ڕوداوەکەدا لەماڵەوە نەبووە و دواتر هێزەکانی ئاسایش شوان هەورامی دەستگیر دەکەن و تا نوسینی ئەم وتارەش ناوبراو لەژێر لێکۆڵینەوەدایە. ئەگەرچی بەگوێرەی لێدوانی لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی وا هاتووەکە: بەڵێندراوە شوان هەورامی ئازاد بکرێت و خودی کۆمەڵی ئیسلامیش لەڕێگەی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانەوە کار بۆ ئازاد کردنی بکرێت، بەڵام هێشتا هیچ زانیاریەک لەو بارەوە پشت ڕاست نەکراوەتەوە.

شوان هەورامی کەئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامیەو لەسەر هەمان لیست لەکۆنگرەی یەکگرتنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنوسانی هەردوو هەرێم بەئەندامی یەدەگی ئەنجومەنی باڵای سەندیکای ڕۆژنامەنوسان هەڵبژێردراو بەردەوام بوە لەو پۆستەداو لەبەشی ڕۆژنامەگەری کۆمەڵی ئیسلامیدا، لێپرسراوی بەشی ئینتەرنێت بووەو زۆرجار وتاری ڕۆژنامەوانی و چاوپێکەوتن و مێزگردو دیداری تەلەفیزیۆنی ئەنجامداوە. هەروەک بەگوێرەی زانیارییەکان شوان هەورامی لەسەردەمی بزوتنەوەی ئیسلامی پێشودا لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن بووە، بۆ ماوەیەک و لەئێستاشدا و لەپاش ئیعلانکردنی کۆمەڵی ئیسلامی وا بڵاوبوەکە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵ بووە.

چونکە جۆری ئەو ڕوداوەی کەلەنێو ماڵی شوان هەورامیدا ڕویداوە، ڕوداوێکی ئاسایی نییەو ڕوداوەکە تەقینەوەیەو ئاکامەکەکشی مردنی دوو کەس و کەم ئەندام بوونی خێزانەکەیەتی

تا ئێرە ئەو شتانەی باسکران ئاساییە، بەڵام ئەوەی کەگرنگە لێرەوە قسەی لەسەر بکرێت، ورووژاندنی چەند پرسیارێکە لەسەر کەسێتی شوان هەورامی و ئەو فایلەی کەلەسەری گیراوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و هاوکات ئەو بێدەنگییەشی کەهەم برادەرانی کۆمەڵی ئیسلامی هیچ ناڵێن و هەم ڕۆژنامەگەری کوردیش ئەم باسەی نەوروژاندووە، چونکە جۆری ئەو ڕوداوەی کەلەنێو ماڵی شوان هەورامیدا ڕویداوە، ڕوداوێکی ئاسایی نییەو ڕوداوەکە تەقینەوەیەو ئاکامەکەکشی مردنی دوو کەس و کەم ئەندام بوونی خێزانەکەیەتی، لەلایەکی ترەوە شوان هەورامی وەک پێگەی حزبی ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی ڕاگەیاندنی حزبێکی ئیسلامییە، کەلەسەر گۆڕەپانی سیاسی کار دەکەن. جگەلەوەکش لەبواری ڕۆژنامەوانیەوە، جگەلەوەی شوان هەورامی کەسێکی ڕۆژنامەنوسە، ئەوا ئەندامی یەدەگی ئەنجومەنی باڵای سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانەو تا ئێستا سەندیکای ڕۆژنامەنوسانیش هیچ نوسین و بڵاوکراوە و بەیاننامەیەکیان ڕانەگەیاندووەو هیچیان نەوتووە، لەکاتێکدا شوان هەورامی بەحساب ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سەندیکاکەیانە. بۆیە ناکرێت بەچەند پێوەرێکی تریش کەگرنگترینیان مەسەلەی تەقەمەنییە لەنێو ماڵی کەسێکی واداو لافی ڕۆژنامەنوسیش لێبدات هەروا بەسەریدا تێپەڕی و ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن زانیاری لەبارەوە نەڵێن، ڕاستە ئەم ڕوداوەو ئەم فایلە لەکاتێکی پێشتردا ڕوویداوە، بەڵام چاوەڕێمان کرد، چەند مانگێکە تەرەفێک لەئاسایش کەزۆرترین زانیاری لەلایە، لێدوانێک لەسەر دەستگیرکردن و فایلی لێکۆڵینەوەی شوان هەورامی بدات، یاخود تەرەفی سەرەکی کەکۆمەڵی ئیسلامییەو ئەندامێکی کاراو مەسئولیان گیراوە و بەچەند دەربڕین و هەواڵێکی سادە هیچیان نەوتووەو شتێک ڕون بکەنەوە و هیچ نەبێت داواو فشارێک بخەنەڕوو بۆ ئازاد کردنی شوان هەورامی، یاخود تەرەفی سێیەم کەسەندیکای ڕۆژنامەنوسانە کەلەبەیاننامەیەکدا هۆکاری گیرانی شوان هەورامی کەئەندامی ئەنجومەنی باڵای سەندیکایە دیاری بکەن و هەڵوێستیان ڕوون بکەنەوە. بۆیە لەکاتی ئێستادا گرنگە هەم بەدواداچون بکرێت لەسەر ڕوداو و فایلەکەی شوان هەورامی. هەم لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی لەسەر دوا زانیاری و ئاکامەکانی ئەو کێشەیە ئەنجام بدرێت.

چونکە ئەوەی زانراوە دەربارەی کەسێتی شوان هەورامی کەهەر لەسەردەمی بزوتنەوەی ئیسلامی پێشووەوە، گومانی پەیوەندی ڕاستەوخۆو سەرەکی بەئیتلاعاتی ئێرانیەوە خراوەتە ئەستۆو زانیاری وردو درشتی نێو سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی ڕاستەوخۆ گەیانۆتە ئێران و پەیوەندییەکی پتەوو

گەرموگوڕیشی بەئیتلاعاتەوە هەبووە.

کاتێکیش بەرپرسی بەشی ئینتەرنێت بووە لەدەزگای ڕۆژنامەو ڕاگەیانی کۆمەڵی ئیسلامیدا، بچوکترین دەرفەتی نەداوە هیچ کەسێکی تر لەنێو ڕۆژنامەنوسەکانی تری کۆمەڵ لەگەڵیدا دابنیشێت و ئاگای لەکارەکانی شوان هەورامی بێت، لەکاتێکدا کەشوان هەورامی دانراوە کاری ئینتەرنێتی کۆمەڵی ئیسلامی بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بەبواری ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە بەجێ بهێنێت. تەنانەت کەسێکی زۆر بێ پەیوەندی و نا تێکەڵ بووە، بەتایبەت ئەو کاتانەی لەژوری ئینتەرنێتەکەدا کاری کردووەو بۆ نان خواردنیش ئەو ژورەی بەجێ نەهێشتووەو خۆی هاتووە خواردنی بۆ خۆی بردۆتە ژورەوەو نەی هێشتووە لەکاتی کارکردنی لەسەر ئینتەرنێت هیچ کەس خواردنی بۆ ببات. هاوکات هەڵسوکەوتەکانی لەو کاتانەدا کەدەوامی ڕەسمی هەبووە جێگەی تێڕوانینی ئەندامانی تری کۆمەڵی ئیسلامی بووەو هەست بەوە کراوە کەشوان هەورامی نەیویستووە تێکەڵی ئاسایی و سادەش لەکاتی دەوامی ڕەسمیدا دروست بکات و زۆربەی جار جانتایەکی ڕەشی دیپلۆماسی پێبوە. کەپێدەچێت زۆر زانیاری تێدا بێت.

ئەو ڕوداوی تەقینەوەیەی نێو ماڵی شوان هەورامی پەیوەندیەکی پتەوی بەمەسەلەی ئەمنیەوە هەیەو هەقوایە ئاسایش لێدوان لەو بارەوە بدات و ئەگەر هاتوو ئەگەری تێوەگلانی شوان هەورامی و بوونی پەیوەندی بەتیرۆریستانەوە و هەر لایەنێکی تر لەئارادا بێت، پێویستە بخرێتەڕوو، چونکە شوان هەورامی لەدوای گیرانی مامۆستا عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵ و ئەوکەسانەی تریشی لەگەڵیدا بوون لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە لەمانگی (٧)ی (٢٠٠٣)دا، لەدیدارو چاوپێکەوتنەکانیدا زۆر جەختی لەسەر بەرائەتی ئەندامەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و خودی کۆمەڵی ئیسلامی دەکردەوە کەپەیوەندییان هەبێت بەهیچ کردەوەیەکی تیرۆریستیەوە، یاخود تێوە گلابن لەکاری تیرۆریستی و بەردەوام لەلێدوان و قسەکردنەکانیدا هەم وەک ئەندامێکی پایەبەرزی کۆمەڵی ئیسلامی و هەم وەک ڕۆژنامەنوسێک و زۆرجاریش وەک ئەندامی یەدەگی ئەنجومەنی باڵای سەندیکای ڕۆژنامەنوسان لێدوانی داوەو ئیدانەی گرتنی ئەندامانی کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر کاری تیرۆریستی و بوونی پەیوەندی و تێوەگلان دەکردو جەختی دەکردەوە کەکۆمەڵی ئیسلامی دوورو نزیک پەیوەندی بەهیچ جۆرە کارێکی تیرۆریستیەوە نییەو بەناهەق ئەندامەکانی دەستگیر دەکرێن. کەسێک بەو ڕاشکاوییە قسەی کردووەو نەک هەر لەخۆی، بەڵکو بەرگری لەسەدان ئەندامانی تری کۆمەڵی ئیسلامی کردووەو دژایەتی کاری تیرۆریستی بەحساب کردووە. بەڵام ئێستا ڕوداوێکی ئا لەو شێوەیە، کەتەقینەوەیە لەنێو ماڵەکەی خۆیدا ڕودەدات، ئایا هەموان پێویستیان بەوروژاندنی پرسیار نییە، هەر لەڕۆژنامەنوسان کەشوان هەورامی کەسێکی ڕۆژنامەنوسە. یاخود هەر لەخەڵکی سادەش، کەلەکاتی خۆیدا گوێی لەلێدوان و قسەکانی شوان هەورامی بووە لەتەلەفیزیۆنەکانی کۆمەڵی ئیسلامیدا لەهەردوو کەناڵی سلێمانی و هەڵەبجەی شەهید کەئیدانەی کاری تیرۆریستی کردووە. ئەی ئەگەر ئێستا شوان هەورامی خۆی لەمەسەلەیەکی ئاوا تێوە گلابێت، دەبێت هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامی چی بێت؟ یاخود هەڵوێستی سەدان ئەندامی کۆمەڵ کەبۆیان ساغ ببێتەوە کەسێکی وەک شوان هەورامی موزایەدەو بازرگانی کردووە بەسەریانەوەو خەڵەتاندونی بەلێدوانەکانی؟! ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، هەم کۆمەڵی ئیسلامی و هەم ئاسایشی حکومەتی هەرێم و هەم سەندیکای ڕۆژنامەنوسان بهێنینە قسەو ئاکامی کۆتایی فایلەکەی شوان هەورامی بۆ هەمووو لایەک بخرێتە ڕوو؟!

ماڵی ڕۆژنامەنوس قەڵەم و کاغەز و کۆمپیوتەری تێدایە یاخود دەبێ تەقەمەنی و چەک؟! بۆیە هەم ڕوداوەکەو هەم هەڵسوکەوتی شوان هەورامی لەکۆن و لەئێستاشدا جێگەی تێڕامانی هەموو لایەک بووە

چونکە ئەگەر شوان هەورامی بێتاوانیش بێت، ئایا لەماڵی کەسێکی ڕۆژنامەنوسدا بوونی تەقەمەنی مانای چی دەگەیەنێت؟! ماڵی ڕۆژنامەنوس قەڵەم و کاغەز و کۆمپیوتەری تێدایە یاخود دەبێ تەقەمەنی و چەک؟! بۆیە هەم ڕوداوەکەو هەم هەڵسوکەوتی شوان هەورامی لەکۆن و لەئێستاشدا جێگەی تێڕامانی هەموو لایەک بووە، بەکۆمەڵی ئیسلامی خۆیشیەوە و خەڵکیش مافی ئەوەی هەیە بپرسێت، ئەرێ فایلەکەی شوان هەورامی چی لێ بەسەرهات و بەرەو کوێ؟ تکایە لایەنی پەیوەندیدار وەڵام بۆ خەڵک؟!■

کابینەی ئەحمەدی نەژادو قەیرانی کرانەوەی دەوڵەت

یادگار رەئوف

١- مەنهەج و شیعەگەرایی

پاش شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ کودەتای سیاسی و ئاینی گەورە رویدا لەژێر دەستی خومەینی و موحافیزکارە چەپرەوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەژێر دەستی رکێفی ئایەتوڵڵاو ئاخوند دەست کرا بەناوەندی عیلمی (قم) کەسەرچاوەی دروست بوونی پیاوە ئاینیەکان بوو کەیەکەم کاریان و چاکسازییان پەرەپێدان بوو بەگوتاری ئاینی و سەلەفیەتی پەرگیرو بەتاڵان بردنی داهات و سەروەتی نەتەوە بۆ گۆڕینی شوناسی نەتەوە بەلای ئایندا و دروستکردنی گوتاری ئاینی لەپشت ئایدۆلۆژیای شیعەگەرایی و ترادسیۆنێکی مەزهەبی دەمارگیرو پەرگیرەوە هەرچەند کۆماری ئیسلامی ئێران فرە ئاین و ئاینزاو نژادە، بەڵام رژێمی ئێران بۆ مانەوەو هەیمەنەی خۆی

وەختێک توندرەوی ئاینی گشت داواکانی هاوڵاتی بوون رەت بکاتەوە، ئیدی بەرەی جەماوەری و دەسەڵاتی تۆتالیتار بەرهەم دێت وەک زۆربەی وڵاتانی دنیا، بەڵام مەترسیدارترین و دیماگۆگی ترین ئایدیا، ئایدیای توندرەوی ئاینی بۆیە، هەڵگری ئەم بیرە ئاوا دەڵێت (یان دەبێت لەگەڵم بیت یان ژێر دەستەبیت یاخود دژم بیت یان هەڵبێیت)

نەک گرنگی بەپارت و ئۆپۆزیسیۆن نەدا، بەڵکو بەلادان لەئاین و دروستکردنی ئەو گروپانەی وابەستە کرد بە هێزی دەرەکییەوە ئەمە سەرەرای ئەوە پێش کودەتاکەی ساڵی ١٩٧٩ رژێمی شای ئێران دانی بەهەندێک پارت و نەتەوەدانەدەناو وەک نەتەوەی کوردو پارتە کوردیەکان پاش نەمانی دەسەڵاتی شای ئێران گوتاری نەتەوەی تاکرەوی نا دیموکراسی گۆرا بۆ گرێدانەوەی حوکمی تۆتالیتاری مەزهەبی نەتەوەیی کەئەم رەوتەلەوەی پێشتر دەمارگیرترو پەرگیرتربوو. کەهیچ پێودانگێک نەمایەوە بۆ نەتەوەکانی دیکەو ئایین و مەزهەبەکانی دیکە ئەمە جگەلەوەی ئازادی بوارەکانی تەسک کرانەوە بۆ بەتەنها کارکردن لەنێو رەهەندەکانی شیعەگەرا ئیدی ئەوەی ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەنوسی و مافی مرۆڤ بوو تەنگی پێ هەڵچنرا داخرانی ئێران بەڕوی کۆمەڵی نێودەوڵەتیداو راکێشانی هێزە شیعەکانی عەرەب و لیبیاو لوبنان و ئەفغانستان و بەشێکی شیعەی عێراقیش ئیدی بەم ئایدۆلۆژیا پەرگیرە وایکرد گوتار دژی ئەمریکاو ئیسرائیل و ئەوسای سۆڤیەت و کاری تیرۆریستی دەست پێکرد وەک رفاندنی بارمتە ئەمریکیەکان و تیرۆر کردنی قاسملۆو شەرەفکەندی و هەڤاڵەکانی و چەندین کاری تر. لەگەڵ دەست پێکردنی شەری ئێران - عێراق بەدرێژایی هەشت ساڵ دوو ئاراستەی دەمارگیری ئاینی یەکێکیان کەمینەی شیعەی دەچەوساندەوەو ئەوی دی کەمینەی سوننە هەرچەند ئەم دوو بەرداشە لەپشت گوتاری ئاینی و ناسیۆنالیزمی کاری دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر ئامانج لەنەهێشتنی کەمینە نەتەوەکان و ئاینەکان و لەهەمان کاتدا بچوک کردنەوەی سنورەکان بوو بۆ دەست بەسەرداگرتنی سنورەکان. ئیدی فاشیزم لەم رێگەیەوە بەرهەم هات دەوڵەتی ئێران راڤەیەکی نوێی بۆ ئایین کرد لەرێگەی سیغەکردن و هەندێک حەڵاڵ و حەرام بەپێچەوانەی ئاین و بەپێچەوانەی ئاینزاکانی تر ئەمەش چەواشەیەکی دیکە بوو شیعەگەراکان پێی هەستان دواجار خومەینی لەدوو توێی کتێبەکەیدا کۆمەڵێک یاسای دارشتبوو کەبەهیچ شێوەیەک جێگەی مشتومڕی تێدا نەدەکرا، هەرچەند رەخنەیەکی زۆریشی لێگیرا. بەڵام لەچوارچێوەی ئێراندا جۆرێک پیرۆزی بەخودی خۆی و وتارەکانی کەخرابوە جێگەی پێغەمبەران و دواجار کتێبەکەشی بەکتێبی پیرۆز ناوزەدیان دەکرد. بەم جۆرە باوەریان بەدوو زەواج نەدەکرد هەربۆیە سیغەکردنیشیان دەبوایە بۆ پیاوە ئاینیەکانی شیعە خۆیان بوایە واتە شوکردنێکی کاتی هەبووە پاش زەواجی یەکەم. کەپاش جەنگی ئێران عێراق کۆمەڵێکی زۆر ژن بێ پیاو مانەوەو بەمەش رەوشتی ژنان تا دەهات بەرەو خراپی دەچوو لەرووی بژێوی و ماف و داواکاریەکانیان ئیدی لێرەوە وڵات بەرەو نەهامەتی دەستی پێکرد هەر لەنەبوونی مافی مرۆڤ تاوەکو مافە سیاسی و کلتوری و ژیاری و ئازادی رادەربڕین و ئازادی رۆژنامەگەری کەتاوەکو هەنوکەش زۆربەی رۆژنامەنوسان گیراون و زۆربەش لەژێر چاودێری تونددان ئەمە جگەلەوەی رۆژنامەی ئاسۆو رۆژنامەی ئاشتی رێگە لەبڵاوبونەوەیان گیرا. پاش ئەوەی شەر دەستی پێکرد کۆمەڵێک باڵی (موجاهدینی خەڵق) دروست دەبن و تاوەکو کۆتایی هێنان بەرژێم کاریان دەکرد کەهۆی ئەم جیابونەوەیە بەجیاوازی راڤەیەکی دیکەبوو لەئاین هەربۆیە رژێمی ئەوسای عێراق هەم بۆ پاڵپشتی خۆی و هەم بۆ ترساندنی کوردەکان لەناوەراستی عێراق جێگیری کرد. هەم فۆرمێکی دیکە لەشیعەگەرای دروست کرد کەجیاواز لەوانەی عێراق بیر بکەنەوە، تاوەکو ئەوەبوو پاش چەندین کار لەژێر ناوی عەرەب و ئیسلام یاخود فیقهی و ئیسلام ئەنجامدا. ئەوەبوو پاش ئازادکردنی عێراق پەراگەندەبوون.

٢- (الامر بالمعروف و النهی عن المنکر)، هەستان بەکاری چاکەو پشت کردنە خراپە.

ئەم وتارە بوە وێردی سەرزمانی شیعەگەراکان پاش ئەوەی خومەینی ئەم دەستەواژەیەی لەقورئان دەرهێناو کردیە چەکێک بۆ وەڵامدانەوەی هەر کارێک کەخۆی پێی وایە ئایەتوڵڵاکان وەک رەفسەنجانی و خاتەمی و خامنەیی و ئەوانی تر. واتە ئەم دەستەواژەیە ئاوێتەی خیابانەکان و پایەگاکان و نێو سروتە ئاینیەکان کراوە ئیدی چەمکی ئەم واتایە بەبێ بیر لێکردنەوەی واتە هەر کاتێک بیانەوێت بەسەر هاوڵاتیانی بێ دەرەتاندا دەبێت جێبەجێی بکەن بەبێ ئەوەی ئەو واتایەش بزانن بۆ چ مەبەستێک بەکارهاتووە ئەمەش یەکێکە لەخاڵە نێگەتیڤەکانی ویلایەتی فەقیە لەم دەرەنجامانەوە جەهل و فاشیزمی ئاینی وردەوردە پایەماڵ دەبن.

٣-بەرکەوتەکان و جیهانگیری و کابینەی نوێ

سەردەمی حوکمی خاتەمی کەبەکەسێکی میانرەوو ریفۆرمخواز ناسرابوو لەنێو ئێراندا تاوەکو هەشت ساڵ ناوبەناو لەکەناڵ و میدیاو نوسینەکانیدا باسی کرانەوەی ئێرانی دەکرد کەئەمەش نمایشێک بوو بۆ رای گشتی هەرچەند پابەندی مافی مرۆڤ نەبوو زیندانەکانی زیاتر تۆکمە دەکرد، بەڵام ئەوتەوژمە پاش هەشت ساڵ لەبێزاری موحافیزکارەکان دواجار بەناو شورای ئیسلامی هەستان بەدانانی ئەحمەدی نەژاد دیسان کەخومەینی پەروەردەکەرو رێنمایی کەری و قوتابی ناوەندە مەزهەبیەکانی بوو ئەو ریفۆرمو ئازادی و مەردوم سالاری دینی خاتەمی بانگەشەی بۆ دەکردو ئەوەوزیرو پەرلەمانتارانەی خاتەمی و هەرچی دانراوی خاتەمی بوو هەڵی وەشاندەوەو وەک سەرەتای شۆڕش بانگەوازی دەست پێکرد ئەم بەرکەوتانەی دەسەڵات دواجار هەڵکردنی گڵۆپی سەوز دەستی پێکرد پاش خۆپیشاندانەکانی زانکۆو ناوەندەکانی خوێندن هاتنە سەر حوکمی ئەحمەدی نەژاد لەلایەن هەڵبژاردنەوە نەبوو، بەڵکو لەلایەن فەقیەو شوراوە بوو، چونکە حوکمی سەرۆکایەتی تۆتالیتاری یا ئەوەتا بەدەست سەرۆکایەتی یاخود سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆک وەزیران ئەم حوکمە دیکتاتۆرە دیارە بەدەست شوراوە بەپشت بەستن بەویلایەتی فەقیە. بەجیهانی بوون زۆر هۆکار دروست دەکات وەک کرانەوەو پێش کەوتن و قبوڵ نەکردنی جیاکاری و مەزهەب لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندی جیهانی ئینتەرنێت و مۆبایل و فاکس و تەکنەلۆژیا، ئەم هۆکارانەش کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر نەتەوەو شوناس و کرانەوەو هاتوچۆی بازرگانی و پەیوەندی بەدەوڵەتانی دراوسێ هەربۆیە ئەم ئەقڵیەتە دۆگمانە بەرگەی ئەم تەوژمە ناگرێت و ئامادەنەبوونی بۆ گوێگرتن لەو خاڵانەی سەرەوە باسم کرد ئیدی شتێک نامێنێت ناوی لێک حاڵی بوون و گفتوگۆو دیالۆگ بێت، وەختێک توندرەوی ئاینی گشت داواکانی هاوڵاتی بوون رەت بکاتەوە، ئیدی بەرەی جەماوەری و دەسەڵاتی تۆتالیتار بەرهەم دێت وەک زۆربەی وڵاتانی دنیا، بەڵام مەترسیدارترین و دیماگۆگی ترین ئایدیا، ئایدیای توندرەوی ئاینی بۆیە، هەڵگری ئەم بیرە ئاوا دەڵێت (یان دەبێت لەگەڵم بیت یان ژێر دەستەبیت یاخود دژم بیت یان هەڵبێیت).

٤- (دەست بەکاربوونی کابینەی نوێ)

بەناو کابینەی نوێ بانگەشە بۆ ئەم ترادسیۆنە دەکات کەمەرجی ئایەتوڵڵاکانە وەک ناسینی ناسیۆنالیزمی فارسی وەک ناسینی چەمکی شیعەگەرای بەبێ رەچاوکردنی نەتەوەو ئاینەکانی دیکە وەک کوشتنی چەندین زاناو مەلای گەورەی وەک حەمدی رەبیعی و ناسری سوبحانی و چەندین نمونەی دیکە سازش نەکردن و داخرانی ئێران بەروی کۆمەڵی نێو دەوڵەتیداو پەرەپێدانی کورە ئەتۆمیەکان هەروەک لەهەفتەی رابردودا خامەنئی لەگوتاری هەفتانەی ئاینی بەجەماوەرو بەکۆمەڵی جیهانی راگەیاندو هێنانەوەی پەچەو عەبا بەشێوەیەکی توندرەوانەو سازش نەکردن بۆ بچوکترین ماف و قەدەغەکردنی گشت رێپێوانێک و خزمەتکردنی سەربازی کوردەکان بەجلی کوردییەوە لەسنورەکانی خۆیان واتە لەناوچەی کوردستاندا. قەتڵە زنجیرەییەکان و زیندانە ئینفرادیەکان چەوساندنەوەو ئازاردانی هاوڵاتیانی کورد لەژێر ناهەموارترین گوزەراناو گوللەباران کردنی (شوانەی قادری) و راکێشانی تەرمەکەی بەشوێن ماشێندا تەنها لەبەر داواکاری مافی نەتەوەیی و سیاسی خۆیان، دواجار تێکدانی جەستەو بەشوێن راکێشانی بەکوچەکانی مەهابادا. لە ئەولەویەتی کارەکانی ئەحمەدی نەژادە، کەئەم کارانەو چەندین کاری تری لەناوخۆو دەرەوەی ئێراندا پیادەدەکرێت، کەخراپترین و ناباوترین جۆرو سیستمی فەرمانرەواییە لەژێر ناوی ئاین و لەپشت گوتارە ئاینیەکان و بەئاماژەی ئاخوندو لەژێر پەردەی سروتە مەزهەبیەکانەوە ئەنجام دەدرێت و ئەم کارانە نەک خزمەت بەکۆمەڵی ئێرانی ناکات، بەڵکو سەلەفیەت و دۆگمابون و ماڵوێرانی زیاتر هیچی بەدواوە نییەو گەرانەوەیە بۆ سەردەمە تاریکەکانی خەلافەت، دواجار بنەمای پێکەوە ژیان و هاوڵاتی بوون مانای نامێنێت و کرانەوەو بەمەدەنی بوونی کۆمەڵ شتێک نییە جگەلە وەهم جارێکی دی وڵات بەم کارانە ماهیەت و نرخی نامێنێت ئەوەی ناوی ماف و ئازادی و پێشکەوتنە جگەلەوەی گەرانەوەیە بۆ سەردەمی جەهل و تاریکی و مردن و فاشیزم، هیچ شتێک هەڵناهێنجرێت. لەم دەسەڵاتە کۆنە.■

چەوساندنەوەو ئازاردانی هاوڵاتیانی کورد لەژێر ناهەموارترین گوزەراناو گوللەباران کردنی (شوانەی قادری) و راکێشانی تەرمەکەی بەشوێن ماشێندا تەنها لەبەر داواکاری مافی نەتەوەیی و سیاسی خۆیان، دواجار تێکدانی جەستەو بەشوێن راکێشانی بەکوچەکانی مەهابادا. لە ئەولەویەتی کارەکانی ئەحمەدی نەژادە

دەستوری عێراق پێدەچێ چەسپاندنی یاساکانی ئیسلام بێت

ئا: ئەسۆشێتدپرێس

و. دیار غەریب لەتیف

دارێژەرانی دەستوری عێراق پشت بەئیسلام دەبەستن وەک سەرەکی ترین یاسا لەوڵاتدا، بەشێوەیەکی زیاتر لەوەی ئەمریکا خوازیاری بوو. هەروەها ترسی هەندێک لەعێراقیەکان ئەوە دەردەخات کەرژێمێکی تەواو شوێن کەوتوی ئیسلام بێت.

رۆڵی ئیسلام بەشێوەیەکی بەرفراوان جیاوازی هەیە لەدەستوری وڵاتە عەرەبیەکاندا، هەر لەلوبنانەوە کەهەرگیز ئیسلام لەدەستورەکەیدا بەدی ناکرێت تاکو سعودیەی عەرەبی، کەدەڵێت قورئان خۆی دەستورە.

شارستانیەت کاریگەرییەکی زۆر زیاتری هەیە لەدەستورو یاسا لەوڵاتاندا، بەتایبەت کەدێینە سەر باسکردنی ژنان لەنەتەوەکانی کەنداودا هەرچەندە دەستور کەمتر لەمیسر پابەندە بەشەریعەت و یاساکانی ئیسلامەوە کەچی ژنان زیاتر جیاکراوەن، عەبای داپۆشراوتر لەبەردەکەن و پەچەکانیان بەتەواوی دەموچاویان دادەپۆشێت، بۆ نمونە لەکوەیت کحول و خواردنەوەی بێهۆشکەر قەدەغەیە و تەنها ئەمساڵ رێگە بەژنان دراوە بەشداری پرۆسەی دەنگدان بکەن بەبەراورد کردن لەگەڵ میسر کەبیرەو مەشروب و هەموو جۆرەکانی بەشێوەیەکی ئاشکرا دەفرۆشرێت و ژنانیش لەسەدەی بیستەمەوە وەکو پیاوان بەردەوام بەشداری دەنگدان دەکەن.

لەسوریاو لیبیا دەستور زیاتر پەیوەستە بەبیروبۆچونە نەتەوەییەکانەوە، لیبیا وڵاتێکی سۆسیالیستەو، سوریا وڵاتێکە مەبەستی نەتەوەیەکی عەرەبی یەکگرتووە. تەواو پێچەوانەی ئەمانیش ئێران و سعودیەن، ئامانجی دەستوری ئێران ئامادەکردنی گەلێکی ئیسلامییە کەبە ڕابەرێک سەرۆکایەتی دەکرێت، کەبەشارەزاترین کەسایەتی ئاینی دادەنرێت لەوڵاتدا

زاراوەی (سەرچاوەیەک) یان (سەرچاوەکە) بۆ یاسا؟

هێشتا زۆربەی نەتەوەکانی کەنداو ئیسلام بە (سەرچاوەیەک)ی یاسادانان دادەنێن لەکاتێکدا میسر زاراوەیەکی نەگۆری بۆ دارشتووەو بە (سەرچاوەکە) ناوی دەبەن، سەرۆکی پێشوی میسر، ئەنوەر سادات، هەستا بەپرۆسەی چاکسازی لەدەستوردا لەساڵانی حەفتاکاندا، هەروەها زاراوەی (سەرچاوەیەک)ی گۆری بۆ (سەرچاوەکە)، چونکە پێی وابوو چاکسازی لەبەڵگەنامە ئیسلامیەکاندا باشترە لەجێبەجێ کردنی بەشێکی کەم و دەقاودەقی ئیسلام.

لەعێراقیش، هەندێ ترس لەوە دەکرێ رابەری شیعە موسوڵمانەکان کەدەیەوێت هەمان زاراوەی (سەرچاوەکە) بەکاربێنێت لەدەستوری عێراقدا بەنیاز بێت کار بۆ دامەزراندنی یاسایەکی تەواو شوێن کەوتووی ئیسلام دابمەزرێنێت تەنانەت ئەگەر لەو ناوچانەشدا بێت کەموسوڵمانی شیعە تیایاندا زۆرو باڵادەستە.

هەرچەندە ئێستاش، سەرۆکە شیعەکان هەوڵیان بۆ چەسپاندنی یاسا بنەرەتیەکانی ئیسلام داوە لەهەندێک ناوچەکانی باشوردا، وەک زۆرکردن لەژنان بۆ لەچک کردن و زۆر کردن لەدوکانە مۆسیقی و مەشروب فرۆشەکان بۆ ئەوەی دایبخەن. لەرۆژانی رابردوودا رەشنوسێکی دەستور لەرۆژنامەی (الصباح)دا بڵاوکرایەوە کەتیایدا ئیسلام وەک (سەرچاوە سەرەکیەکە) لەقەڵەم دراوە. بەڵام لیژنەی دەستورەکە کەلەکوردو شیعەو هەندێ سوننی پێکهاتوون هێشتا بەردەوامن لەراوێژکردن لەسەر ئەو ناوبردنەی ئیسلام.

د. فواد مەعسوم، جێگری لیژنەکە وتی: لەکۆبونەوەکانی داهاتوودا باس لەو مەسەلەیە دەکرێت، هەروەها وتی ئێمە وەک لیژنەی هاوپەیمانی کورد دەمانەوێت ئیسلام یەکێک بێت لەسەرچاوەکانی دەستورو یاسا دانان.

کێشەی ناساندنی ئاینی

دیارترین و بەناوبانگترین کەسایەتی شیعەی موسوڵمان، ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی وتویەتی کەبەردەوام داکۆکی بۆ رۆڵێکی بەهێزی ئیسلام دەکات لەبەڵگەنامەکەدا، بەڵام لەهەمان کاتدا لەو یاسایانەش خۆی بەدوور دەگرێ کەلەلایەن کەسایەتیە ئاینیەکانی ئەو وڵاتەی تیایدا لەدایک بووە پەیرەوی دەکرێت، مەبەست لەوڵاتی ئێرانی شیعە مەزهەبە.

هەفتەی رابردوو، موەفەق ئەلروبەیعی، کەراوێژکارێکی ئاسایشی نەتەوەییە لەگەڵ کەسایەتیەکی شیعە، چاویان کەوت لەعەلی سیستانی، لەو چاوپێکەوتنەدا سیستانی وتی: ئەرکی سەرەکی فەرمانرەوایی شیعە بۆ (پارێزگاری کردنە لەناسنامەی ئیسلامی عێراق و خەڵکەکەی. ئەمەش واتە پارێزگاری کردن لەعێراقێکی یەکگرتوو و خەڵکەکەی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ).

کاتێک بەرێوەبەرانی ئەمریکا عێراقیان بەڕێوەدەبرد لەسەر ئەوە سوربوون کەچاکسازی لەئیسلامدا بکرێت و وەک (سەرچاوەیەک) بەکاربێت لەیاساداناندا کاتێک دەستوری کاتی عێراق لەمانگی مارتی ٢٠٠٤دا دانرا. بەڵام هەمان ئەو شیعانەی ساڵی رابردوو لایەنگری زاراوەی (سەرچاوە سەرەکیەکە)بوون. ئێستا ئەوان لەعێراقدا دەسەڵات دارن و فەرمانبەرە ئەمریکیەکانیش کاریگەرێتی کەمیان هەیە لەسەر خاوەن دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی. شەش وڵاتی عەرەبی کە (جەزائیر، مەراکیش، تونس، لیبیا، لوبنان، ئوردن)ن، هیچ ئاماژەیەک بەشەریعەت نادەن لەدەستورەکانیاندا.

لوبنان کەدانیشتوانە مەسیحیەکەی زۆرترەو سەرۆککەشی مەسیحییە، تاکە وڵاتی عەرەبیە کە تیایدا ئیسلام وەک ئاینی نەتەوەیی ناونابرێت. لەراستیدا، دەستورەکەی بەهیچ شێوەیەک هیچ کام لەزاراوەی (ئیسلام، مەسیحیەت)ی تیادا بەکار نەهاتووە، بەهۆی شەری ناوخۆی نێوان میلیشیا رێبازخوازەکانەوە ساڵی (٧٥-٩٠).

تونس، وڵاتێکی عەرەبیە کەتارادەیەکی زۆر باوەری بەئازادی رادەربڕین هەیە، لەساڵی ١٩٥٦دا یاسای فرەژنی هەڵوەشاندەوەو لەچک کردنی لەمەکتەب و دامودەزگا رەسمیەکاندا قەدەغە کرد. دەسەڵاتداران هەمیشە هانی ژنان دەدەن بۆ ئەوەی لەحیجاب خۆیان بەدوور بگرن، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆرتر لەژنان لەساڵانی پێشودا لەچکیان کردووە.

ئەو ناوچەیەی ئیسلام بەتەواوی تیایدا بەرقەرارە، دەکەوێتە ژێر یاسای باری کۆمەڵایەتییەوە، واتە ئەو یاسایانەی تایبەتە بەمارەکردن و تەڵاق و میراتی. شەریعە رێ بەپیاو دەدات بەپەیامێک ژن تەڵاق بدات، منداڵە کچەکان نیوەی ئەو میراتیەیان بەر بکەوێت کەکوڕ وەری دەگرێت.

دەستور بەپێی مەبەست دەگۆڕێت

لەسوریاو لیبیا دەستور زیاتر پەیوەستە بەبیروبۆچونە نەتەوەییەکانەوە، لیبیا وڵاتێکی سۆسیالیستەو، سوریا وڵاتێکە مەبەستی نەتەوەیەکی عەرەبی یەکگرتووە. تەواو پێچەوانەی ئەمانیش ئێران و سعودیەن، ئامانجی دەستوری ئێران ئامادەکردنی گەلێکی ئیسلامییە کەبە رابەرێک سەرۆکایەتی دەکرێت، کەبەشارەزاترین کەسایەتی ئاینی دادەنرێت لەوڵاتدا.

سعودیەش، کەخانەی پیرۆزترین مەزارگەی ئیسلامە، لەیەکەم سەردێری یاسایی بنەرەتیدا ئاماژەی بەوە داوە کەقورئان و نەریتەکانی پێغەمبەر محەمەد دەستوری وڵات و نەتەوەن و هەروەها کۆمەڵی سعودیەش لەسەر بنچینەی پابەندبوون بەفەرمانەکانی خواوە بنیاد نراوە.■

دارێژەرانی دەستوری عێراق پشت بەئیسلام دەبەستن وەک سەرەکی ترین یاسا لەوڵاتدا، بەشێوەیەکی زیاتر لەوەی ئەمریکا خوازیاری بوو. هەروەها ترسی هەندێک لەعێراقیەکان ئەوە دەردەخات کەرژێمێکی تەواو شوێن کەوتوی ئیسلام بێت. رۆڵی ئیسلام بەشێوەیەکی بەرفراوان جیاوازی هەیە لەدەستوری وڵاتە عەرەبیەکاندا، هەر لە لوبنانەوە کەهەرگیز ئیسلام لەدەستورەکەیدا بەدی ناکرێت تاکو سعودیە

پواز

قەیرانی عەقڵ لەگەنجینەی گەنجدا

ئایا منی گەنج، خاوەن پرۆژەو بیرکردنەوەی هزری خۆمم، ئایا خۆم بەرپرسی خۆمم، یان کۆمەڵ و چۆنیەتی پەروەردەی کۆمەڵ ئایا منی گەنج پرۆژەی هەیە؟ کەنیەتی بەچی گەنج دەوترێت پرۆژە ئایا بۆچی وایە؟ تۆ بڵێی وتەکەی دیکارت کەدەڵێت: (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم) لەم وڵاتە پڕ لەگەنجەی کوردستان پێچەوانە نەبێت؟ دیارە پرسیاری ترلەگرکانی هەستەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵام نەبونی وشیاری پەروەردەی گەنج لای کۆمەڵ. نەبونی وشیاری گەنج بەوەی کەنەیتوانیوە ئەقڵمەندو ئەو گەنجە بێت خاوەن بوونی خۆی و پرۆژەی خۆی و بیروڕای جیاوازی خۆیان و سەردەم بن و چیتر کوڕی کۆمەڵ و کوڕی باوک و کوڕی دەسەڵات و کوڕی ئاین و... هتد نەبن، نەبونی وشیاری کۆمەڵیش وەکو رۆماننوسی چیکی (میلان کۆندێرا) دەڵێت: (مرۆڤ هیچ کات هەست بەئاسایش ناکات و ژیانی تایبەتی لەبەین دەبرێت، ژیان لەوڵاتێکی وادا وەکو حەمام کردن وایە لەبەر چاوی هەزاران چاوی نەناسراودا).

لەباسی کێشەی گەنج قسەی زل زۆر دەکرێت بەبێ ئەوەی خۆی بەشداری باسەکە بێت و لەگرفتەکانی خۆی بکۆڵێتەوە، واتا لەباسی کێشەی گەنج، ئەوە گەنج خۆی نییە قسە دەکات بەڵکو ئەوانەن کەگەنج بوون، کەئەمەش دوبارە بونەوەی رابردوو خواستی گەنجی پێشوو ئەویترە بەسەر گەنج و خواستی گەنجی ئێستادا خۆی دەسەپێنێت، منیش لەگەڵ ئەوەدام ئەوانەی پێیان وایە گەنج سەرەتا پێویستی بەدەست گرتن و رێنیشاندان هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نیم و (گەنجیش لەگەڵی نییە) وەکو (پاولۆ کۆیلۆ) دەڵێت: (خەڵکانێک بەشێوەیەک لەشتەکان دەدوێن وەک بڵێی هەموو شت دەزانن بەڵام گەر بوێری پرسیاریان لێ بکەیت هیچ نازانن)، کەواتە راست نییە ئەوەی لەشتێک باسێک دەدوێت هەموو شت دەزانێت، بەڵکو پێموایە بزرکردنی سەرەداوی راستی کێشەکانە لەگەنج پاشان هەر خودی گەنجیش بەرپرس دەبێت لەچارەنوس و پرسی ئایندەی.

وەکو ماریا لەرۆمانی (یانزە خولەک)دا دەڵێت: (پێویستە بەرامبەر شتێک یان کەسێک بەفام بم ئەو کەسە خۆمم)، ئەگەرچی ئەو قسەیەی ماریا باسێکی ترە، بەڵام لەسەر چارەنوس و فامە، بۆیە دەڵێم: بەڵێ وایە، دەبێ گەنج بەسروشتی گەنجێتی فام لەگەنجێتی خۆی بکاتەوە و وەکو ماریا و وەکو خۆی و وەکو گەنج بیر لەئێستا و ئایندەی بکاتەوە. لەپێناو هەبونی خۆی، مافی خۆی لەدەست ئەویتر بسەنێتەوە و بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کایە مەعریفیەی کەهەیەتی، تالە قەیرانی گەڕانەوە بۆ پرس و بیرکردنەوەی ئەویتر رزگاری بێت.

بەنگین پیرۆت نوری

پەژارەی هاووڵاتی

گرفتی بێجێگەیی تەنها زیندوەکانی نەگرتۆتەوە

ئارام عوسمان

■ ئایا شارەوانی هەستاوە بەتەرخان کردنی زەوی بۆ گۆڕستانەکان یان نا؟

شوێنی نیشتەجێ بوو یەکێکە لەو گرفتانەی هاوڵاتیان پێوەی گیرۆدەن تاوەکو ئێستا بەشێوازێکی زانستیانە نەتوانراوە بیر لەچارەسەرێکی گونجاو بکرێتەوە.

قەیرانی بێ جێگەیی تەنها زیندوەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لای مردووەکانیش هەیە شوێنی شاردنەوەی مردوو لەگۆڕستانەکانی سلێمانیدا کەمە یاخود دەتوانم بڵێم هەر نەماوە.

کاتێک مردوویەک دەمرێت کەسوکاری ئەوەندە لەهەوڵ و تەقەلای ئەوەدان شوێنێک بدۆزنەوە تاوەکو مردووەکەیانی لێ بنێژن، رەنگە ئەوەندە لەبیری ئەوەدا نەبن کەوا کەسێک لەناویاندا ماڵئاوایی لێکردوون! لەهەمان کاتدا هاوڵاتیان زۆر هیلاک دەبن تاوەکو جێگەی قەبرێکیان دەست دەکەوێت، بەڵام جاری وا هەیە گۆڕەکە لەنزیکی تەواو بوندایە، دەبینین گۆڕێکی کۆنە، بۆیە ناچار دەبن بەجێی بهێڵن.

ماوەیەک بەر لەئێستا، دەنگۆی ئەوە هەبوو گوایە دوو شوێنیان بۆ گۆڕستان دیاریکردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە کردنە تاوەکو ئێستا شوێنی گۆڕستانەکان لەلای هاوڵاتی روون نییە، ئایا شارەوانی هەستاوە بەتەرخان کردنی زەوی بۆگۆڕستانەکان یان نا؟

گەر کاتێک ئێمە هەڵوەستە لەمەسەلەیەک دەکەین دیاردەیەکی زەقەو پێویستی بەچارەسەر هەیە لەهەمان کاتدا داوا لەبەرپرسان و سەرۆکایەتی شارەوانی دەکەین بەتەنگ ئەم گرفتەوە بێن.■

وەڵامێک بۆ رونکردنەوەکەی سەنتەری راگەیاندنی تەندروستی

ئارەزوو مەحەمەد

پاش ڕێزم بۆتان.. سەنتەری راگەیاندنی تەندروستی بەرێز، وەڵامم هەیە بۆ رونکردنەوەکەی ژمارە (٤٥)ی رۆژی دوو شەممە (٢٠٠٥/٩/١٢)ی رۆژنامەی (چاودێر)، کەلەم چەند خاڵەدا کۆی دەکەمەوە:

١- وەک خۆتان دەڵێن بەشی چاودێری تەندروستی هەیە لەناو وەزارەتی تەندروستیدا، منیش دەزانم، بەڵام ئەمانە هەموو لەشوێنێکدا کۆدەبنەوەو ناوێکیان هەیە پێی دەڵێن (وەزارەتی تەندروستی) کەهەر بەو ناوەشەوە ناسراوە لەناو خەڵکیدا.

٢- ئێوە بەمن دەڵێن کەکەموکوڕیم بەدی کرد گلەیی لەخاوەن دوکانەکە بکەم، خاوەن دوکانێک کەتەنها بیر لەبەرژەوەندی خۆی و پەیداکردنی پارە دەکاتەوە، هەرگیز گوێ بۆ منی هاوڵاتی ناگرێت گەر سزاکانی ئێوەو غەرامەکردنیان چاوترسێنیان نەکات، هەروەها کە دەڵێیت شتی لێ مەکرە؟ ئەی لەکوێ بیکڕم؟ کامانەن ئەو دوکانانەی کەلەوان باشترن، هەموویان یەک بابەتن.

٣- لەگەڵ رێزمدا من باسی ئەوەم نەکردووە کەخەڵکی شت فڕێ دەدەن، من باسی خاوەن دوکانەکان دەکەم کەشتی ناو دوکانەکەیان لەبەر دەرگاکەدا فڕێ دەدەن، نەک باسی شوێنێکی ترم کردبێت کە ئێوە دەڵێن (بەنوسەری بابەتەکەوە) کەچەند جارێک ئاماژەتان بەو دێڕە کردووە، حەز دەکەم دڵنیاتان بکەمەوەو بەبێ هیچ موبالەغەیەک خۆزگە شارەکەمان چەند کەسێکی تری وەکو نوسەری بابەتەکەی تیادا بوایە، ئەوکات هەرگیز شار بەو شێوەیە نەدەبوو.

■ گەر بموتایە کاری باشیان کردووەو کەموکوڕیان نییە کەواش نییە؟ بڕواناکەم وەڵامیان هەبوایە، بەڵام لەوڵاتی ئێمەدا لەگەورەوە تابچوکترین کەس قبوڵمان نییە پێشمان بڵێی ئەو کارەت هەڵەیە یاخود رەخنەی لێ بگریت..

٤- بەرێزەکەم، حەز دەکەم پێت بڵێم: من کارم رونکردنەوە نییە، بەڵکو سروشتی خۆم و نوسینم وایە کەهەر دیاردەیەکی ناشرین ببینم رەخنەی لێبگرم، تۆ بەمن دەڵێی کەهەندێ کەس تەنها ناو دوکانەکەی بەموڵکی خۆی دەزانێت و پاک و خاوێنی دەرەوە راناگرێت یان هەندێک کەس هەست بەلێپرسراوێتی ناکات و شت فڕێ دەدات. تۆ دەڵێی چاودێری تەندروستی چی لەو جۆرە کەسانە بکات، باشە چاودێری تەندروستی دەسەڵاتی نییەو ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەو هەموو خەڵکە بکات، خۆ دەتوانێت هەر هیچ نەبێت چاوێکی لەو دوکانانە بێت کەلەهەمان بابەتدا باسم کردووە، بۆچی؟

گوێی خۆیان لێ کەڕکردووەو باسێکی ئەو دوکانی مریشک فرۆش و گەص فرۆش و گۆشت فرۆش و پەرداخی شەربەتخانەکانیان نەکردووە، من نامەوێت لێرەدا دوبارە هەموو بابەتەکەم بنوسمەوە، بەڵام حەز دەکەم بەسەنتەری راگەیاندنی تەندروستی بڵێم گەر بموتایە کاری باشیان کردووەو کەموکوڕییان نییە کەواش نییە؟ بڕواناکەم وەڵامیان هەبوایە، بەڵام لەوڵاتی ئێمەدا لەگەورەوە تابچوکترین کەس قبوڵمان نییە پێشمان بڵێی ئەوکارەت هەڵەیە یاخود رەخنەی لێ بگریت، لەکۆتایدا هیوادارم لەوەڵامەکەم دڵگران نەبووبن گەر ئەمجارەش وەڵام یاخود رونکردنەوەتان هەیە بەسنگێکی فراوانەوە وەری دەگرم، چونکە منیش وەڵامی خۆمم دەبێت ئەوکات، لەدواجاردا دەڵێم: ئەو ژمارانەی کەداوتانە بۆ زیاتر رونکردنەوەی بابەتەکەتان رێژەیەکی زۆر زۆر کەم نییە؟ لەچاو ئەو هەموو ژمارە زۆرەی دوکان کەلەم شارەدا هەن؟!■

حکومەت و کۆمپانیاکان

نەوزاد سەنگاوی

■ گومان دەکرێت لێپرسراوانی حکومی و حزبی لەپشتیانەوە بێت و کەسیش زات ناکات بیر لەسزادانیان بکاتەوە..

زۆرجار لێرەو لەوێ دەنگی نارەزایی خەڵک دەبیستین لەسەر پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی حکومەتی هەرێم کەئەنجامی داون، ئەویش دەگەرێتەوە بۆ سستی کاری کۆمپانیاکان کەئیشەکانیان بەنیوەچڵی و خراپی جێدەهێڵن بەبێ ئەوەی حکومەت لێیان بپرسێتەوە زۆرجار بەناو سلێمانی و سەرجەم شارو شارۆچکەکاندا گوزەر بکەیت دەبینی ناو سکی شار هەموو هەڵدڕاوەو کارەکانیان بەبێ بەرنامە دەڕوات بەڕێوەو حکومەتیش سزایان نادات، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆئەوەی کەزۆربەی کۆمپانیاکان گومان دەکرێت لێپرسراوانی حکومی و حزبی لەپشتیانەوە بێت و کەسیش زات ناکات بیر لەسزادانیان بکاتەوە. لەمەوە نارەزایی خەڵک پەنگ دەخواتەوە زۆر جار لەئەنجامدا خۆ پیشاندان دێتە کایەوە کەئەمە حکومەت خۆی ئەو کارە دەکات خەڵک دەنگ هەڵببڕێت و کپ کردنەوەشی هەروا ئاسان نەبێت، بۆیە لێرەوە روو لەحکومەت دەکەم و داوا دەکەم چاو بەمیکانیزمی کارکردنی شارەوانی و کۆمپانیاکاندا بخشێنێتەوە و ئەوانەشی کەم تەرخەمن بەئاگاداری جەماوەر سزا بدرێن، چونکە ئەمە ئاسان ترە لەخۆپیشاندان و نارەزایی خەڵکی.■

هیوادارم هەر چاودێر بن!

جەمال

■ تکایە سەرنجێک لەسەر پرۆژەکەی گەرەکی رزگاری تازە؟

پرۆژەیەکی گەورەو فراوان سەرجەم کۆڵانەکانی رزگاری تازەو گەرەکی کارگەی جگەرەی گرتۆتەوە، سەربارێ ئەوەی پرۆژەکە لەسەر پشتی کیسەڵ دەروات بەرێوە! لەلایەکی تریشەوە کارەکان بەناپوختی ئەنجام دەدرێن. بۆ نمونە مەنهۆڵی زێرابەکان وەک پێویست دروست نەکراوە، کام لێپرسراوی حکومەت بڕوا ناکات، با بێت کەشفیان بکات. سەرجەم مەنهۆڵەکان بەپینەو پەرۆ بەرێ دەکرێن، هۆکاری ناپوختی کارەکان و پینەوپەرۆکردن دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی کارکردن لەبەرئەوەی لەکاتی دروست کردنی مەنهۆڵەکان وەستای تەختە بەستن و لەکاتی چیمەنتۆ تێکردن، شێلاندن پەیرەو نەکراوە وەک (پول پێدانان) کارەکان بەرێ کراوە ئەگەر من ئەندازیارو چاودێر بوومایە هەموو مەنهۆڵەکانم رەفز دەکرد. سەرنجێکی تر، لەکاتی دروست کردنی لێواری شۆستەکان چیمەنتۆ باش بەکار ناهێنن من وەک هاوڵاتیەکی گەرەک کاتێک بینینم چیمەنتۆکە وشک بۆتەوە واتە لێواری شۆستەکان پێویستی بەئاودان هەبوو کاتژمێر (٧)ی ئێوارە بوو بەهۆی ویژدانم سەرباری بەرژەوەندیش کەبە خزمەتی گشتی دەشکێتەوە ئاومدا، لەکاتی ئاوداندا چیمەنتۆ لەسەر لێوارەکە نەما، بۆم دەرکەوت کارەکە بەباشی ئەنجام نەدراوە، تەنها لمی زیاتر تێدابووە. لەکۆتاییدا دەڵێم: چاودێر بۆ نییە؟■

پارتی؛ رێگە نادا یەکێتی خانو بەکرێ بگرێت

پ: هەولێر

پاش ئەوەی لەسنوری هەولێر، چەند بنکەیەکی رێکخستنی نوێ بەناوی (بنکەی ٣،٢،١) دامەزرا. کەسەر بەمەڵبەندی هەولێرە بەدوای خانویەک دەگەڕێن تاوەکو وەک بارەگا بەکاری بهێنن، بەڵام کەپارتی بەمە دەزانێ یەکسەر دەچێ خانوەکە بۆخۆی داگیر دەکات و لێ ناگەرێ بارەگای نوێی تیا بکرێتەوە ئەمەش هەستی تورەیی جەماوەری یەکێتی وروژاندو داوا دەکەن چیتر لەرێگەی پەیوەندی نێوان دوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی ئەم کارە دووبارە نەبێتەوە. چونکە ئەمە یەکەم جار نیە کەهەمان هەڵوێست لەگەڵ بارەگاکانی (ی.ن.ک) لەهەولێر دووبارە دەبێتەوە.■

هەرەسی بەرد هاوڵاتیەک دەکوژێت

پ. هەڵەبجە

رۆژی ٢٣ی ئەم مانگە، لەهەورامان لەدێی زاوەر، هاوڵاتی (نەسرەدین حەمە تۆفیق)، لەکاتی شارۆکردنی گوێزدا، کەوتەخوارەوە، کەوتنەخوارەوەکەی بووە هۆی هەڵوەرین و کەوتنە خوارەوەی کۆمەڵێک بەردی شاخەکە، لەئەنجامدا چەندین بەرد کەوت بەسەر جەستەیداو هەر لەوێ گیانی لەدەست دا.

بەرێوەبەری خوێندنگەکە، ناهێڵێت کچ و کوڕ پێکەوە بن

پ. تەکیە

لەرۆژی ٢٤ی ئەم مانگە، (ئیبراهیم خەلیل) بەرێوەبەری خوێندنگەی ناوەندی تەکیەی تێکەڵاو، هەڵساوە بەجیاکرنەوەی کوران و کچان بەجیا هەر رەگەزەو لەپۆلێکدا دایناون.■

درۆی دوو زەردێنەی تورکمان و شیعەگەرا

پ. داقوق

تورکمانەکان و لایەنگرانی موقتەدا سەدر لەقەزای داقوق، گۆشتی خێریان دابەشکردووە بەسەر دانیشتوانی قەزاکەدا، لەخۆشی ئەوەی گوایە موقتەدا سەدر لەسەر مانگەو بینیومانە.■

هەولێر.. سەد پۆلیس ژاراوی بوون

پ: هەولێر

لەکاتی سازدانی (پێشانگای نێودەوڵەتی کوردستان) کەلەپارکی هەولێر ئەنجامدرا. نزیکەی ١٠٠ پۆلیس کەئەرکی پاراستنی سەلامەتی بەشداربووانی پێشانگاکەیان پێ سپێردرابوو، توشی ژەهراوی بوون، بەخۆراکی چێشتخانەی (واشنتۆن) کەچێشتخانەیەکی بەناوبانگی شاری هەولێرەو زۆر لەبەرپرس و دەوڵەمەندەکان سەردانی دەکەن و نانی تیا دەخۆن. لەپاش ئەم روداوی ژەهراوی بوونە، خاوەنی چێشتخانەی واشنتۆن و سەرجەم ئەو سەمونخانانەی کە سەمونیان بۆ چێشتخانەکە دابین دەکرد، لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکران لەترسی ئەوەی بەدەستی ئەنقەست ئەم کارەیان کردبێ. شایانی باسە تائێستا نەزانراوە کەئاخۆ ئاستی ئەم لێکۆڵینەوانەی ئاسایشی هەولێر بەکوێ گەیشتووە.■

پەیامی پەیامنێران

ئیمام و تارخوێنی مزگەوتی داقوق بانگدەری مزگەوتەکە دەداتە دادگا

پ. هاشم

لەرۆژی ٢٠ی ئەم مانگەدا ئیمام و تار خوێنی مزگەوتی قەزای داقوق، دوای دەمەقاڵێی لەگەڵ بانگدەری مزگەوتەکە، لەلای پۆلیس سکاڵا لەدژی بەرز دەکاتەوە، بەتاوانی ئەوەی کە بانگدەرەکە رێگەی بە (سێ) قەرەجی سواڵکەر نەداوە بۆ نیوەرۆ لەمزگەوتەکە بحەوێنەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کەئیمام و وتار خوێنەکە رێگەی بەبانگدەرەکە نەداوە، بۆیە لەکاتی دەمەقاڵێکەدا بانگدەرەکە بەئیمام و وتارخوێنەکە دەڵێ (ئێوە بێ ئەخلاقیتان هێناوەتە ناو مزگەوتەکەوە)، بۆیە پۆلیسی داقوق (٥) رۆژ دوای دادگایی کردن بانگدەرەکە بەند دەکەن.■

هەولێر.. پارەی تەرخانکراوی کارمەندانی تەندروستی دەخورێت

پ: هەولێر

پاش هەردوو روداوی تیرۆریستی هەولێر کەژمارەیەکی زۆری هاوڵاتی بریندارو شەهید بوون. لەلایەن حکومەتی ئیبراهیم جەعفەری بڕێک پارە بۆ ئەو پزیشک و کارمەندە تەندروستیانە دابین بکات کەلەکاتی فریاکەوتنی بریندارو شەهیدەکان دەوریان هەبوو. بەڵام ئەم پارەیە بەوانە نادرێت کەلەم رۆژانە ئامادەییان هەبوو، بەڵکو دەدرێتە ئەو کەسانەی کە تەنانەت لەونەخۆشخانانەش وجودیان نەبوو. شایانی باسە بەپێی قسەی کارمەندە پزیشکیەکان هەر پزیشکێک دوو سەد دۆلارو هەر کارمەندێکی تەندروستی ١٠٠ دۆلارو شۆفیرو بەردەستەکانیش ٥٠ دۆلاریان بۆ تەرخان کراوە.■

وەڵامێک بۆ پەیامنێری چاودێر

لەژمارە (٤٥)ی رۆژنامەی (چاودێر)ی سلێمانی هەواڵێکی دڵتەزێنم لەلاپەرەی (٣)دا خوێندەوە دەربارەی کارەساتە سەختەکەی هونەرمەندی کورد (دلێر گەرمیانی) کەچاودێر بەرۆحێکی زۆر شۆڤینیانەی شارچێتییەوە نوسیویەتی (گۆرانیبێژی هەولێر) وای داوەتە قەڵەم هونەرمەندی سرودە دڵگەرمەکانی ساتەدژوارەکان بەتەنێ گۆرانیبێژی هەولێر بووبێ، هی سلێمانی و هی کەرکوک و هی دهۆک نەبووبێ و لەرۆژە زۆر ناسکەکان پەراگەندەو توشی لێدان و ئیهانە نەکرابێ لەسەر حزبەکەی (خاوەن ئیمتیازو بەرێوەبەری بەرپرسی) ئەو رۆژنامەیەو شانۆکانی لێ قەدەغە نەکرابێ و پاروی نانی لێنەسەندرابێتەوەو کارەبایان لەسەر نەکوژاندبێتەوەو کارتی سوریان لەهەموو فستیڤاڵ و بۆنەکاندا لێ رانەکێشابێ. ئەدی برادەری نوسەری ئەو چەند دێرە (شارچیە) بەچ حەقێک دەخاتە قاڵبی گۆرانیبێژی تاکەشاری... یانی ئێمەش لەمەودوا گوێ لەگۆرانیە بەسۆزەکانی (کەریم کابان و عوسمان عەلی و ئەیوب عەلی و... هتد) بگرین و بڵێین ئەوانە (گۆرانیبێژی سلێمانی)ن یان (مەحەمەد عارف جزیریو تەحسین تەهاو گوڵبەهارو هەڤاڵ ئیبراهیم... هتد) ئەوانەش (گۆرانیبێژی دهۆک)ن. ئینجا (عەلی مەردان و حەمە رەئوف کەرکوکی و عەباس مەحەمەد....) ئەمە کەی لێکدانەوەو بیرکردنەوەی قەڵەم بەدەستێکە کەخۆی لەدوتوێی رۆژنامەیەک دەبینێتەوە بەهەموو حسابێکی خۆیان گوایە رۆژنامەیەکی (بێلایەنە)و بۆ هەموان وەک یەکە بەهەرحاڵ (دلێر گەرمیانی) شانازی بە (هەولێر)ی بوونی خۆی دەکا، بەڵام گۆرانیش بۆ هەموو کوردستان دەچڕێ... پرسیارێک دەمێنێتەوە: ئەرێ پەیامنێری مەخمور (خێر بوو) لە

لە باکورەوە

پەرلەمانی ئەوروپا : "کۆنفرانسی کورد"

رۆژانی ٢٠ ـ ١٩ی ئەم مانگە لەبروکسل پەرلەمانی ئەوروپا بەبەشداری کۆمەڵێک لایەنی نێو نەتەوەیی و ئەلیتی کوردی "کۆنفرانسی کورد"ی بەڕێوە برد. تەوەری سەرەکی مشتومڕی ئەم کونفرانسە پرسی کورد بو. بەڵام لەتوێی باسەکاندا تەوەرێکی لاوەکیش هەبو کە تەرخانکرا بو بۆ کۆمەڵکوژی ١٩١٥ی ئەرمەنییەکان. لەدیاربەکرەوە وەفدێکی کوردی بەسەرۆکایەتی ئۆسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر بەشداری ئەم کۆنفرانسەی کرد. بایدەمیر لەمەڕ فۆرمی چارەسەرکردنی پرسی کورد پرۆژەیەکی پێشکەش بەپەلەمانی ئەوروپا کرد. ئەم کۆنفرانسە کە دو ڕۆژی خایاند لەئاکامدا سەبارەت بەچارەسەرکردنی پرسی کورد هەندێک پێشنیارو بڕیاری گەڵاڵە کرد. هەروەها شێوە پرۆژەیەکی پێشکەشکرد، کە لەمەڕ چارەسەری ئەم گرێکوێرەیە رولی کلیل دەگیرێت. چونکە ئەمە پێش زەمینەی هەنگاوە سیاسیە نێونەتەوەییەکانە کە بۆ پرسی کورد هەڵدەگیرێن.

شیاوە بوترێ "کاتبەندی"ئەم کۆنفرانسە گرنگە، چونکە کۆنفرانس لەرۆژانی ٢٠ ـ ١٩ی ئەم مانگەدا بەڕێوە چو، لەکاتێکدا سێی ئۆکتۆبەری داهاتو وادەی گفتوگوکردنی ئەندامێتی تورکیایە لەیەکێتی ئەوروپادا.■

تورکیا مۆڵەتی فڕینی کوردستان نادات

وەزارەتی دەرەوەی تورکیاو دەزگای ڕێگا ئاسمانییەکانی تورکیا دوای مشتومڕێکی زۆر بڕیاریاندا ڕێگای فڕین بەفڕۆکەی "کوردستان"نەدەن!.هێڵی ئاسمانی کوردستان داوای لەتورکیا کردبوو مۆڵەتی نیشتنەوەی فڕۆکەکانی کوردستان بدەن. لەئەنجامدا لەبەر ئەوەی ناوی فڕۆکەکە "کوردستان"ە فڕینی فڕۆکەکانی کوردستانیان قەدەغەکرد.■

شەمدین ساکیک : پەشیمانم

فەرماندەی دەسگیرکراوی pkk شەمدین ساکیک لێدوانێکی نوێی داوە، ساکیک لەبەر ناکۆکیە نێوخۆییەکانی pkk ساڵی ١٩٩٨ڕایکردوخۆی بەدەستی پارتی دیموکراتەوەدا. دوای ئەوە تورکەکان رفاندیان. ساکیک گرنگترین زانیاریەکانی pkkی دایە تورکەکان بەشکو رزگاری بێت. بەڵام دادگای تورکیا یەکەمجار حوکمی ئیعدامی دایەو دواجار ئەو حوکمەیان کردە ئەبەد. ساکیک هیوادار بو کەڵک لەیاسای "پەشیمانی وەرگرێ"، بەڵام تورکەکان هەموو دەرفەتێکیان لێسەندەوە. بۆیە بەهەندێک سەرچاوەی گوتوە "پەشیمانم لەیاسای پەشیمانی"!■

کۆنفرانسی کورد لە پەرلەمانی ئەوروپا

بروکسل / ئاژانسی هەواڵنێری میزۆپۆتامیا

راپۆرت

و: زریان ڕۆژهەڵاتی

خەتیب دیجلە لەلێدوانێکی خۆیدا لەکونفرانسی پەرلەمانی ئەوروپادا سەبارەت بە"یەکێتی ئەوروپاوتورکیاو کورد" داوای بەردەوامی ناچالاک بوونی راگەیاندراوی pkk و کۆتایی هاتن بەئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای تورکیای کرد. خەتیب دیجلە سەرۆکی گشتی پارتی قەدەغەکراوی (DEP) پارتی رەنجی دیموکراتی و ئەندامی بزووتنەوەی کۆمەڵگای دیموکراتی لەکۆنفرانسێک لەپەرلەمانی ئەوروپادا سەبارەت بەیەکێتی ئەوروپاو تورکیاو کوردەکان دا ئەم داواکارییەی خۆی وەکوو مەرجێکی سەقامگیربوونی ئاشتی کۆمەڵایەتی لەتورکیا لەقەڵەمداو بەشێوەیەکی پەلەو خێرا داوای بەجێهێنانی کرد.

ناوبراو لەدرێژەی قسەکانی خۆیدا ئاماژەی بەوە کرد لەماوەی پانزە ساڵ شەڕی رابردوودا کە لەکێشەی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە زیاتر لە٤٠هەزار پۆلیس و سەربازو گەریلا ژیانی خۆیان لەدەستداوە و زیاتر لە٤هەزار گوندی کوردستانیش وێرانکراون و خەڵکەکەی بەناچاری کوچبەر کراون. هەروەها زیاتر لە٥هەزار خەڵکی سڤیلی کوردیش لەلایەن تیمە تایبەتەکانی پارامیلیتەری تورکیەوە کوژراون. دیجلە لەبەردەوامی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە ناکرێت ئەم ناکۆکیەو پێکدادانە گەورەیە تەنیا لەچوار چێوەی تیرۆردا بنرخێندرێت. بەتایبەتی لەمبارەیەوە لەدوای دەسگیرکرانی عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرۆکی گشتی pkk ، بەپێچەوانەی ئەو شتانەی واچاوەروان دەکران pkk ئاگر بەستی راگەیاندراوی خۆی لەساڵی ١٩٩٨دا بەردەوام کردو بەشێوەیەکی پراکتیکی شەڕو چالاکییەکانی خۆی راوەستاند. شایانی باسە ناوبراو باسی ئەوەشی کرد کە لەم ماوەیەدا گۆرانکاری و ریفۆرمی جۆراوجۆریش سەبارەت بەوەزعی نالەباری ئابووری کوردەکان هاتوەتە ئاراوە.

شایانی باسە ناوبراو ئاماژەشی بەوە کرد کە پەیوەندییەکانی تورکیاو یەکێتی ئەوروپا لەم ماوەیەدا پێشکەوتن و گۆرانکاری باشی بەخۆوە بینیوە، بەڵام لەبارەی کێشەی کوردەوە هێشتا هەنگاوی چارەسەری بنەرەتی هەڵنەگیراون. هەر بۆیە بەدیهاتنی ئاشتی کۆمەڵایەتی پێویستی بەیاسایەکی تایبەت بە"ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەشداری دیموکراتی" هەیە.

گرژی و ناکۆکی لەسەر بابەتی تەجرید بەرزتر دەبێتەوە. دیجلە لەبەشیکیتری بابەتی خۆیدا گوتی لەکۆتایی مانگەکانی بەهاردا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لەدژی گەریلاکانی pkk زیاتر بوەو بوە هۆی زیاتر بوونەوەی شەڕو پێکدادن و کوژرانەکان. هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە تەجریدی سەر بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرۆکی pkk ش زیاتر بووە. کە ئەمەش بووە بەهۆی توندتر بوونی هەڵوێستی لایەتی کوردی. لەلایەکیتریشەوە باسی ئەوەشی کرد کە بەتیرۆریست لەقەڵەمدانی pkk (کۆنگرەی گەل)لەلایەن ئەوروپاو ئەمریکاوە بۆتەهۆی ئەوەی کە لایەنێک لەنێو دەوڵەتی تورکیادا وەرەیان بەرزتر ببێتەوەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی خۆیان زیاتر بکەن.

خەتیب دیجلە لەدرێژەی قسەکانی خۆیدا گوتی پێکهێنانی کەش و هەوایەکی دوور لەشەڕو پێکدادان بەشێوەیەکی دوو لایەنە مەرجی سەرەکی چارەسەری کێشەی کوردە، بۆیە زۆر پێویستە کە لەمبارەیەوە رێوشوێنی گونجاوی ئیداری ئابوری ـ سیاسی و کۆمەڵایەتی دابنرێت. هەروەها پێویستە باری ئاسایشی ئابووری گەلی کورد زیاتر بکرێت و بەرپرسیارانی رەشەکوژی کوژرانی زیاتر لە٥هەزار خەڵکی سڤیلی کورد ئاشکرا بکرێن و دادگای بکرێن.

شایانی باسە لەبەردەوامی قسەکانیدا ئاماژەشی بەوە کرد کە کوردەکان لەبارەی چارەسەر کرانی کێشەکانی خۆیانەوە چاوەڕوانییەکی زۆریان لەیەکێتی ئەوروپا هەیەو ئەوروپا دەتوانێ لەبارەی چارەسەرکرانی ئەم کێشەیەوە رۆڵێکی هاندەرانە بگێرێ، هەرلەبەرئەمەش بووکەکوردەکان پشتیوانی پێشکەوتنی قۆناخی بەئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا یان کرد.

کوردەکان بەشێوەیەکی گرنگ لەدانوستانەکانی (٠٣/١٠/٠٥)چاوەروانی لەبەرچاو گرتنی کێشەکانی خۆیان دەکەن. ئاشتی و بەهێز بوونی پەیوەندی نێوان کوردو تورک خزمەتێکی شایستە بەبەرقەرار بوونی ئاشتی لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەکات. شایانی باسە لەبەیاننامەی کۆتایی کونفرانسەکەدا ٢٧مادە سەبارەت بەچارەسەر کردنی کێشەی کورد دەستنیشانکراون کە یەکێک لەوانە راوەستاندنی شەڕو چەک بەشێوەیەکی دوو لایەنەیە.■

پرسی کورد لە تورکیا

حەسەن جەمال

و: ئازاد ڕەئوف

دیاربەکر، یەکەم هەفتەی کانەنی یەکەمی ١٩٩١. لەباڵەخانەی شانۆی دەوڵەتدا واتە لە خانەی کولتوردا چوار-پێنج رۆژنامەنوسین وهەتادرەنگانی شەو لەگەڵ سەرەک وەزیران دەمیرەلدا قسە دەکەین.

ئیتلافی پارتی رێگای راستو پارتی سۆسیالیستی گەل تازە پێکەوە نراوە. دەمیرەل و دەڵێن یاسایەکی دابینکەری مافەکانی مرۆڤ دەنوسینەوە "ئەمە قسەی دەمیرەل بو. ئەوجا بەیەکجاری پەردەکە هەڵدەماڵێ:

ناتوانین چیتر حاشا لەناسنامەی گەلی کورد بکەین. دەبێ دان بە ریالیتەی کوردا بنێین".

سەرەکوەزیران لەپەستا قسە دەکات و قسەکانیشی دەنوسرێتەوە... رۆژی دواتر لەگەڵ ئەردال ئینۆنۆ لە سەکۆی گۆرەپانی شاردا ئەم قسانەی دوبارە دەکاتەوە. بەڵام کەشو هەوا تێکەڵ ـ پێکەڵ دەبێت.

شەپۆلێکی گەورەی خۆشبینی هەڵدەستێت.

بەشی دیموکراتیزە کردنی پرۆتۆکۆلی ئیتلافی لە لایەن وەزارەتی دەرەوە وەردەگێردرێتە زمانی ئینگلیزی. یەکێک لەسەردێڕەکانی ئەم بەرنامەیە قبولکردنی واقعی کوردە. ئیتلاف ئەو بڵاو کراوەیە لەبروکسل و پایتەختەکانی تری ئەوروپادا بڵاو دەکەنەوە. چوار ـ پێنج مانگ دواتر وەزیری دەرەوە حیکمەت چەتین لەئەنجومەنی ئەوروپا لەستراسبورگ قسە دەکات و من بە وردی سەیری دەکەم. کەشێکی ئۆمیدەوار هەیە. قورگی دیپلۆماتەکان لەگوێیاندایە..

بەڵام ئەمە هیچی بەدوادا نایەت!

گفت و بەڵێنەکان لەسەرکاغەز دەمێننەوە. دەستور نەبە گوێرەی مەرجەکانی پاریس و نەش مافەکانی مرۆڤ جێبەجێ ناکرێت. دەمیرەل چیتر باسی ریالیتەی کورد ناکات.

چاوەروانیەکان تێکرا روبەروی نائۆمێدی دەبنەوە...

ئەو کاتە بیرم کردبۆوە: ئایا قبوڵکردنی ریالیتەی کورد لەلایەن سەرەکوەزیران دەمیرەلەوە سیاسەتێکی درۆینە بو بۆ قازانجکردنی کات؟...

بەتایبەتی دەمزانی کە ئەنقەرە ناوە ـ ناوە کێشەی کورد دەخاتەرو..

لەبەر ئەمە ئەمەم بەئەقڵدا دێت:

بڵێی ئەم هەڵوێستەی ئەردۆغانیش کەبەراشکاوی باسی "پرسی کورد" دەکات سیاسەتێک بێت بۆ قۆستنەوەی هەل؟

پێموابێت وایە.

حکومەتی ئەردۆغان لەم بوارەدا هەنگاوی بوێری وای هەڵگرتوە کە تاوەکو ئێستا کەس خۆی لەقەرەی نەداوە. لەمەودوا بەردەوامبونی ئیرادەی سیاسی و خاوەن بڕیار بون ئەگەری زۆرتری هەیە. لەبەر ئەمانەی وترا قسەکانی بەڕێز ئەردۆغانم بەدڵە.■

تورکیاو مەسەلەی چارەسەر نەکراوی PKK

و: ئاریا ئەحمەدی

بەدەسپێکردنەوەی کردەوە سەربازییەکانی pkk ، یەکێک لەو ڕێگایانە کە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کۆسپەی هاتووەتە کایەوە، پەسەند کردنی لێبوردنی گشتی بۆ ئەندامانی ئەم گروپەیە. بەڵام رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیرو جەمیل چیچەک وەزیری دادی تورکیا وێرای دژایەتی لەگەڵ ئەم گەڵاڵەیە، رایانگەیاندوە کە ئەم جۆرە گەڵاڵەیە هیچ پێگەو جێگەیەکی لەنێو گەڵاڵەکانی حکومەتدا نیە. سەرەرای ئەوەش جێگری فەرماندەی گشتی ئارتەشی تورکیا دژایەتی خۆی لەمەڕ لێبوردنی گشتی ئەندامانی pkkدەربڕیوە، هەڵبەت ئەو وێرای قبوڵکردنی پێشنیاری لێبوردنی گشتی، پێشنیارێکی دیکەی بەم چەشنە دێنێتە ئاراوە کە: "ئایا پێویست ناکات هەڵسوکەوتێکی یاسایی جیاواز بکرێت لەتەک ئەو بەشە لەئەندامانی pkkکە پاش ساڵی ١٩٩٩وەک ئەندام لەو ڕێکخراوە وەرگیراون؟

ئەم ژەنەراڵە پایە بەرزە لەسەر ئەو باوەڕەیە بەشێک لەو کەسانەی کە پاش ساڵی ١٩٩٩رۆیشتوونەتە ناو ریزەکانی pkkوچل لەسەدی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە پێک دێنن، بەکردەوە هیچ تاوانێکیان دژی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ئەنجامنەداوە.گەر بۆچوونی جێگری فەرماندەی ئارتەش لەم پەیوەندیەدا دابین بکرێ، ئەگەری ئەوە هەیە بەشێکی بەرچاو لەپارتیزانانی pkkلەم ڕێکخراوە جودا ببنەوەو بەبەردانی مەتەرێزە شاخاوییەکان بگەرێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان."

هەڵبەت لەلایەن فەرمانرەواکانیشدا هێماگەلێکی ئەرێنی (پۆزەتیڤ) لەسەر ئەم گەڵاڵەیە وەدی کراوە، گەڵاڵەیەک یان پیلانێک کە سەبارەت بەوە دەگونجێ کەڵک لەپێناسی "لێبوردنی سنوردار" وەرگیرێت.

هەنووکە ئەم بابەتە دێتە پێشەوە کە ئایا لێبوردنی سنووردار دەتوانێ ڕێگایەکی باش بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی pkkبێت؟ دەبێ پێش لەهەر شتێک ئاماژە بەجیاوازی بابەتی لێبوردنی گەڵاڵەکراو لەلایەن ئارتەش و لێبوردنی داخوازیکراو لەلایەن pkk وگروپە هاوڕەوتەکانی بکرێ.

ئامانجی سەرەکی pkkوگروپە نزیکەکانی لەگەڵاڵە کردنی بابەتی لێبوردنی گشتی، شتێک نییە جگە لەئازادی عەبدوڵا ئۆجەلان نەبێ کە بەباوەڕی pkkئازادی ئەو بەرانبەرو هاوتەریب دەبێ لەگەڵ دەسپێکردنەوەی جوڵانەوەی سیاسی کوردەکان لەگۆڕەپانی سیاسی تورکیادا. بەڵام لەگەڵاڵە کردنی لێبوردنی سنوردار کە لەلایەن جێگری فەرماندەی ئارتەشەوە هاتووەتە کایەوە، بۆ ئەو کەسانە کە بەخواستی خۆیان شۆرشی چەکدری تەرک دەکەن هیچ ئیمتیازێک دیارینەکراوە.

بۆچارەسەرکردنی مەسەلەی pkkسەرۆک کۆمارو سەرۆکوەزیرانی پێشتری تورکیا ڕێگا چارەگەلێکیان پێشنیار کردووە کە لەنێوانیاندا خاڵی هاوبەش بەدیدەکرێ. "سلێمان دەمیرەل" سەرەرای ئاماژە کردن بەهەڵویستەکانی کۆشکی سپی و یەکێتی ئەوروپاو دەربڕینی ئەوەی کە لێبوردن ڕێگا چارەی کۆتایی نیە، دەڵێت: مەسەلەی کورد، تەنانەت گەر مەسەلەی pkkش چارەسەر بکرێت، دیسان تورکیا روبەرووی کۆسپ و گرفت دەکاتەوە. "هەروەها بلند ئەجویت" پاش لێکدانەوەیەکی وێکچوی روانگە وتێڕوانینەکەی "دەمیرەل" دەڵێت: "لایەنگری ئەمریکا لەپێکهێنانی دەڵەتێکی کوردی لەباکوری ئێراق کردەیەکی راشکاوانەیەو ئارتەشی تورکیا دەبێ بەرەنگاری ئەم بابەتە ببێتەوە. پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لەباکوری ئێراق راست وەک پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردییە لەباشوری رۆژهەڵاتی تورکیادا. بەڵام ئەردۆغان کە لەئەدەبیاتێکی جیاواز لەسەرۆکەکانی پێشتری تورکیا سەبارەت بەکوردستان کەڵک وەردەگرێ ناتوانێ لەهاریکاری ئەوروپاییەکان بۆpkkنەدوێ. ئەو تیشک دەخاتە سەر هاوکاریەکانی یەکێک لە وڵاتانی سکاندیناڤی بەم ڕێکخراوەیە. لێدوانەکانی ئەردۆغان سەبارەت بەبەرەنگاری ئارتەشی تورکیا لەناو سنوورەکانی ئێراق لەگەڵ ئەندامانی pkkلەکاتێکدا خواستەکانی ئەنقەرە لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە دابیننەکرێ، جێگای سەرنجە. سەرەرای ئەوەش هێمای هاوبەشی سێ سەرۆک وەزیری پێشتری تورکیا سەبارەت بەهەڵویستەکانی واشنتۆن و یەکێتی ئەوروپا لەهەمبەر pkkدا نابێ بەرێکەوت بزانرێت، لەبەرئەوەی کە ئاگادارین هەمویان رۆژگارێک دەستیان بەبەڵگەو زانیارییەکان گەیشتوە.

سەرچاوە: سایتی نواندیش

لەئێراق کێ دراوسێمانە؟

جەنگیز چاندار و: مامەند ڕۆژە

ئێمەش یەکێک لەوکەسانەین کە فیربوین لەتورکیا گەلێکجار تێکدانی یەکبابەت "لەبەر" بکەین و پەیتا ـ پەیتا دوبارەی بکەینەوە.

مەبەستم لە "تێکدانی لەبەر کراو" دەستەبەر کردنی زەمینەی گۆرانی ئەو دنیایەکە بەخێرایی روی لەوەرگۆڕانە بۆ ئەمەش:

بیرکردنەوە لەدەرەوەی "قاڵبە نەریتیەکان"و دەسپێکردنی وەرچەرخان دێتە ئاراوە. لەسەرەتای ئەمانەدا هەڵوێستمان بەرامبەر بەئێراق خۆی دەنوێنێ.

سەبارەت بەئێراق گەلێک شت لەتوێی پێویستێتی "تێکدانی شتە لەبەر کراوەکان" دا جێی دەبێتەوە، و دان بەوەدا دەنێین کە ئەوەندە لەوە دڵنیا نین، "دەستەبژێری سیاسی" تورکیا بتوانێ پێی بوێرێ.

سیاسەتی تورکیا لەمەڕ ئێراق وێڕای ئەوەی "تەقلیدی"بوو پاراستنی "ستاتیکۆی هەرێمیشی" لەگەڵدا بو. تورکیا رژێمێکی ناوەندی سوننی عەرەبی پێ خۆش بوکە دەسەڵاتی بەسەر تێکڕای هەرێمەکانی ئێراقدا بسەپێنێ و "ئاسایشی تورکیا" وبەدەربڕینێکی دیکە ئەو ژانەی تورکیا بەدەست "پرسی کورد"ەوە دەیکێشێ لابەرێت.لەبەر ئەوەی رژێمی زاڵمی دیکتاتۆری "سەدام حوسێن"مان بەوڵاتێکی لایک و دیموکراتی جیهانی ئیسلام قبوڵکردبو. روخانی ئەم رژێمە تورکیای نارەحەت کردوە. هەرچەند رژێمە ناوەندیە سوننە عەرەبیەکانی بەغداد رەوشی وەکو سەدامیشیان نواندبێ و سیستەمێکی "نەژاد پەرەستانە"ی واشیان بەرێوە بردبێ کە تورکمانەکان و نەتەوە ناعەرەبەکانیتریشیان چەوساندبێتەوە، بەس بەو مەرجەی کوردەکانیان بەستایەتەوە، ئەوا لەلایەن ئەنقەرەوە پێشوازیان لێدەکرا! لەبەر ئەمە ئەنقەرە دەیانساڵە لەبەرامبەر چەوساندنەوەو بێبەشکرانی تورکمانەکان لەمافە نەتەوەییەکانیان بێدەنگ بوەو گوێی خۆی لێ خەواندوە. تەنانەت لەنێوان ئەنقەرە و رژێمی سەدامدا "پەیمانی بەدوادا چونی گەرم"یش مۆرکرا بو!

رواوی تەزکەرەی ١ی مارسی ٢٠٠٣کەئەنجومەنی گەورەی نوێنەرانی تورکیا رێگەی بەدەربازبونی سوپای ئەمریکانەدا، هۆیەکەی بۆئەوە دەگەرێتەوە کە ١٨٠پلەی جیاوازی لەنێوان تێروانینی ئەنقەرەو ئەمریکادا لەئارادایە. سەبارەت بەئێراق، شەرەکە بۆ گۆرینی رژێمی سەدام بەرێوە دەچوو. کاتێک چالاکی سەربازی ئەمریکا گەیشتبوە بەغداد، چالاکی سەربازی تورکیاش لەباکوری ئێراق پەنگیخواردبۆوە و بەمەبەستی جڵەوکردنی "قەوارەی کوردی" بەرێوە دەچو.

ئەمە تەنها "سیاسەتی تەقلیدی دەوڵەت" یا خود "هەڵوێستی دەوڵەتی شاراوە" نەبو. سیاسەتی پارتی داد بەرامبەر بەرووداوەکانی هەرێمەکە لەگەڵ ئەمەدا دەگونجا، سیاسەتی فرە لایەنی دەرەوە و نەبونی کێشە لەگەڵ دراوسێکانمان بوە دەنگی رەسای سیاسەتی دەرەوەو دوابەدوای ئەم فورمیلاسیۆنە ئیدیعای سەربەخۆبون لەئەمریکا دەکراو هەوڵی ئەوە دەدرا تورکیا وەک "وڵاتێکی ناوەندی" بنوێندرێ و دیمەنی سیاسەتی شەرەفمەندانەی دەرەوەی تورکیا پیشانبدرێ و ئەمەش نواندنی بەرگێکی نوێی "سیاسەتی تەقلیدی" بوو. تورکیا بەخۆ نزیککردنەوە لەعەرەبەکان و بەتایبەت سوریاو ئێران دەیەویست گەمارۆی کوردەکان بدات. کۆنفرانسی وڵاتانی دراوسێی ئێراق بوە بابەتی بەرچاوی ئەم هەنگاوە.

ئەو روداوانەی بەر لەشەڕو دوای شەڕ لەئێراق هاتنە کایەوە ئەم سیاسەتە تەقلیدیەیان تارومار کرد. هەتاوەکو تورکیا سەبارەت بەرووداوەکانی ئێراق لەچوارچێوەی قاڵبە تەقلیدیەکاندا وەمێنێ، ناتوانێ خۆی لەکاریگەریە نالەبارەکان بپارێزێ. واتە "بەلە بەرکراوی" تێکیدەدەن و لەمە زیاتر هیچ چارەیەکی دیکەتان نیە.

چونکە ئەو مۆدێلەی دەستوری نوێی ئێراق بەهەرێمەکان و تەنانەت پارێزگاکانی بەخشیوە، بۆ خۆشی مۆدێلێکی فیدراسیۆنی نەرمە.

ئێراق لەبیستەکاندا بوە کۆلۆنی ئینگلتەرە و هەر لەو کاتەدا کوردەکان و شیعەکان راپەرین. ئێراقی نوێ وەک حکومەتێکی ناوەندی لەچوارچێوەی دەسەڵاتی سوننە ـ عەرەبدا بنیاتنرا. ئەم ئێراقە لە٢٠٠٣دا بەشێوەیەکی حەتمی لەگۆرنرا. ئێراقی تازە بەتەواوی سەرو ژێر کراوەو بەناوەندێکی لاوازەوە گۆرەپانێکی فراوانی مانۆرو دەسەڵاتی بەکوردەکان و شیعەکان بەخشیوە.

فیدراسیۆنی نمونەیی باسکراو هەر لەئێستادا دەبینرێت. بنیاتنانی ئێراقی نوێ هەر چەند دژوارە بەڵام ژیانەوەی ئێراقی کۆن مەحاڵە.

پێدەچێ سوننەکان دەنگی "نەخێر" بدەنە ئەم رەشنوسی دەستورە. رەوشێکی بەمجۆرە دەبێتە هۆی راپەرینی جەماوەری سوننەی عەرەبی لەدژی ئەمریکاو تیرۆری بەدواوە دەبێ، هەروەها ئەگەری شەڕی ناوخۆی شیعەو سوننەش بەهێز دەکات.

رۆژنامەی فایناننشاڵ تایمز سەردێرێکی ئاوای نوسیبو:

لێرەدا سازشێک دەستەبەر نەرکراوە کە هەر سێ پێکهاتەکە تێر بکات. لەکەشی تیرۆردا، نوسینی دەستورێکی واکە ببێتە هۆی پێکەوە نانی یەک "گەل" زۆر دژوارە. ئەم زۆربە نازۆرینەیە دوابەدوای دارزاندنی شەڕی ناوخۆیی رەنگە ئەنجام بگرێت.

ئەگەری پارچە بونی ئێراق بەقەد یەکگرتنەوەی لەئارادایە. لەرەوشێکی وادا کام پێکهاتەی ئێراق دەبێتە "دراوسێیی" تورکیا؟ ئەوجا لەگەڵ کێ سیاسەتی "نەبونی کێشە بەرێوە دەبەین؟" وەڵامێک کە دەدرێتەوە "تێکدانی لەبەر کراو" لەگەڵ خۆی دەهێنێ...■

ئاینده لە پەیمانی دەستوردا

صەباح حەمەخان

لەم دۆخە نالەبارەی
عێراقدا دەتوانم بڵێم،
کەکورد رۆڵێکی
یەکجار گەورەو گرنگی
لەدروستکردنی
کۆماری دووەمی
عێراقدا بینیوەو
توانیویەتی
هەنگاوێکی باش بنێت
بۆ پاراستنی نەوەکانی
ئایندەی کوردستان
لەئەگەری
مەترسیەکانی ئایندە.
جێی خۆیەتی لێرەدا
دەست خۆشی
لەنوێنەرانی کورد
بکەین لەهەوڵ و
کۆششیان بۆ بەدی
هێنانی ئامانجە
سەرەکییەکانمان

لەساڵی٢٠٠٢، لە(کوردستانی نوێ)دا، وتارێکم سەبارەت بەفیدراڵییەت و دەستور بڵاوکردەوە. هۆی بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە گرنگە، پێش سێ ساڵ، رەشنوسی دەستورێک بوو، کەلەلایەن پەرلەمانی کوردستان، بڵاوکرایەوەو خرایەبەردەست بۆلێدوان و لێکوڵینەوە. هاوکاتیش چەند سیمینارێکم لەسەر فیدراڵییەت وەکو سیستمێکی حوکمرانیی گونجاو بۆ عێراق، پێشکەش کرد، وێنەیەکی ئەو وتارو سیمینارانەم، ئەوکاتە خستەبەر دەست زۆر سیاسەتمەداری گەلەکەمان. ساڵی ٢٠٠٢ لەو وتارەدا هەندێک روونکردنەوەو تێبینیم خستبوە بەرچاو، کەبەلایەنی کەمەوە ساڵی ٢٠٠٥ دەتوانرا سودی لێوەربگیرێت، بەتایبەتی کە بۆ دوو ساڵیش دەچێت گەڕاومەتەوە کوردستان و هەموو توانایەکم خستۆتەگەر بۆ خزمەتکردنی گەل و وڵات، هەمیشە باسی گرنگی دەستورو هۆشیاری و زرنگی و وردبینیم لەنوسینی دەستوردا لەگەڵ زۆر سیاسەتمەداردا کردوە. هەمیشەش بەوە دڵنیاکراومەتەوە، کە باشترین و زیرەکترین و شارەزاترین یاسانناسی کورد، بەڵکو بگرە نێودەوڵەتی، لەبواری دەستوردا، سەرقاڵی نوسینی دەستورن و هۆشیاری تەواویان لەو بارەیەوە هەیە. راستە کەزانای دەستوری ئەرکی سەرەکی نوسینی دەستور دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، بەڵام بەر پرسیارێتی تەنها سیاسەتمەداران هەڵیدەگرن و ئاکامەکانیشی لەئایندە، بەچاکی یان بەخراپی، بۆ میللەت و نەوەکانی ئایندە دەمێنێتەوە. بۆیە زۆر بەگرنگی دەزانم، وەکو هاوڵاتیەکی پەرۆش بۆ ئایندەی کوردستان، راو تێبینی خۆم سەبارەت بەرەشنوسی دەستوری هەمیشەیی عێراق، کەدوای ماوەیەکی کەم دەبێت میللەت دەنگی لەسەر بدات و دوای پەسەندکردنی وەکو دەستورێکی هەمیشەیی کاری پێبکرێت:

١- ئەوەی کە سەرنج راکێشەرە، کەپێکهاتە سەرەکیەکانی (گەلانی) عێراق دەستنیشان نەکراون، کەلە دەستورەکانی دیکەی عێراق دیاری کرابون. لەم دەستورەدا هەموو لەبۆتەی (بودقە) عێراقدا تێکەڵ کراون، ئەمەش بەباش لە قەڵەم نادرێت، چونکە گومان لەهۆکاری دەستنیشان نەکردنی ئەو پێکهاتانە دەکرێت.

٢- فیدراڵیەت وەکو سیستمی حوکمرانی، دەستورەکەی دابینی دەکات. واتە هاتنی دەستەواژەی فیدراڵیەت لە دەستوردا بەتەنها، خاڵ ناخاتە سەر هەموو وشەکان، بەڵکو دەبێت شێوەی فیدراڵیەتەکە بەروونی لەبرگەکانی دەستوردا باس بکرێت و لایەنەکانی فیدراڵیەت دەستنیشان بکرێن و دەسەڵاتەکانیان، بەتایبەتی بەشداریکردن لەدەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی (فیدراڵ) دەستنیشانبکرێن، کەئەمە یەکێکە لەمەرجە سەرەکییەکانی پێکهێنانی دەوڵەتی فیدراڵ. لەرەشنوسی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا لایەنەکانی فیدراڵیەت دەستنیشان نەکراون، ئەمەش لەخۆیدا کەلێنێکی گەورەیە کەلەئایندەدا مەترسیەکی گەورەی لێبەدی دەکرێت. راستە لەچەند برگەیەکدا دەستەواژەی هەرێمی کوردستان هاتووەو ئاماژەی پێدراوە، بەڵام لەهیچ بەندێکدا ئاماژە بەوە نەدراوە کەهەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشێک، یان بەشەکانی دیکەی عێراق، عێراقی اتحادی (فیدراڵی) دروست دەکەن، لەهەمان کاتیشدا مافی دەبەخشێت بەپارێزگاکان، بەتاک یان بەیەکەوە، هەرێمی خۆیان دروست بکەن، واتە ئەوکاتە هەرێمی کوردستان لەئاستی پارێزگایەکدا دەبێت، کەدەبێت بەهەرێم، کەئەمەش لەخۆیدا لاوازکردنی لایەنی کوردیەو تێکدانی هاوسەنگییە لەدەوڵەتی فیدراڵخوازی عێراق. لەگەڵ ئەم هەموو سلکردنانەشدا، ئەو برگانە لەئایندە هەمووی قابیلی گۆراندنن، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا گەورەترین مەترسیە، کەدوای ماوەیەک بە٣/٢ دەنگ دەستکاری برگە بنەرەتییەکانی دەستور بکرێت، بۆیە زۆر گرنگە، لایەنەکانی دروستکەری دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ بەروونی دەستنیشان بکرێن و رێگە بگیرێت لەگۆرانی ئەو برگە سەرەکیانە لەئایندە، بەشێوەیەک، کەگۆرانکاری لەو برگانە تەنها مافی لایەنەکانی دروستکەری دەوڵەتی فیدراڵە، دەبێت بەرەزامەندیو تەوافق دەستکاری ئەو برگە سەرەکیانە بکرێت و کورد ئەو مافە دەستورییەی هەبێت (ڤیتۆ) رێنەدات بەدەستکاریکردنی ئەو بەندانە، کەپەیوەندیان بەئایندەی کوردستانەوە هەیە، هەر گۆرانێک لەو جۆرەو بەبێ رەزامەندی کورد شەرعییەت وەرنەگرێت. بەو شێوەیە دەتوانین لەئایندە، لەلایەکەوە رێگە بگرین لەگۆرانکاری نادروست لەدەستوردا، لەلایەکی دیکەشەوە پشتیوانی یاسای نێو دەوڵەتی مسۆگەر دەکەین، چونکە ئەو دەستورە دوای دەنگدان لەسەری، لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتیەوە شەرعییەت وەردەگرێت و نەتەوە یەکگرتوەکان وەکو بنەمایەکی سەرەکی دروستکردنی دەوڵەتی عێراق وەریدەگرێت و دانی پێدادەنێت. ئەم تێبینیانە پێویستە گرنگی تایبەتی پێبدرێت، پەراوێز نەخرێن، دەبێت بەڵگەنامە بەگشتی و بەڵگەنامەی دەستوری بەتایبەتی قورسی خۆی پێبدرێت و جەختی لەسەر بکرێت. دەبێت دوربکەوینەوە لەنەریتی تاقیکردنەوە، گەر باش نەبو، هەڵیدەوشێنینەوە، کە لەنێو زۆر وڵات و میللەتانی ناوچەکە باوە. لە قۆناغی جیهانگیریو جیهانی هاوچەرخ ئەو جۆرە نەریتانە جێگایان نابێتەوەو ئاکامی خراپیان لێدەبێتەوە.

٣- لەبەندی دووی دەستوردا هاتوە، کەئیسلام ئاینی رەسمی وڵاتەو سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسایە (تەشریع). راستە کەزۆربەی دانیشتوانی عێراق ئیسلامن و مافی خۆیانە بەئازادی ئەرکی ئایینی خۆیان جێبەجێبکەن. بەڵام ئەبێت لێرەدا ئەوەش بوترێت، کەلەعێراقدا ئایینی زۆری دیکە هەیەو نابێت پەراوێز بکرێن و ئەو هەستەیان لا دروست ببێت، کەدەستور وەکو ئاینێکی رەسمی دانیان پێنانێت، لەکاتێکدا لەزۆر وڵاتانی ئۆروپایی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەک ئاینێکی رەسمی ناسراوەو مزگەوتیان بۆ موسڵمانان، کە زۆربەیان رەگەزنامەی بێگانەیان هەیە، دروست کردوەو دەوڵەت یارمەتی باشیان پێشکەش دەکات. نەبونی ئەم بەندە لە دەستوردا لە زۆر رووەوە سود بەخشتر دەبولەبونی.

٤-لەبەندی سێ تەنها ناوی ئیسلام و عەرەب هاتوە، پێکهاتەکانی دیکەی عێراق دیاریکراو نین، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا شێوەیەکە لەپێشخستنی لایەنێک بەسەر لایەنێکی دیکە، گونجاونیە لەگەڵ دەستوری وڵاتێک بیەوێت ببێتە دیموکراتی هاوچەرخ.

٥- بەپێی بەندی شەش، دەسەڵات و حکومەتی فیدراڵ تەنها بەدەست ئەو لایەنانەوە دەبێت کەزۆربەی دەنگیان لەپەرلەماندا دەبێت، واتە هیچ پۆستێکی سیاسی لەدەستوردا بۆکورد دابین نەکراوە، ئەمەش نەک تەنها لەگەڵ داخوازیەکانی کورد یەک ناگرێتەوە، بەڵکو لەئایندەی دەوڵەتێکی پر لەبیری توندرەوو رەگەزپەرست مەترسی گەورەش بەدی دەکرێت. ئەم بەندە خۆی لەخۆیدا تەنها یەک راستی دەردەخات، کە ئەویش دورخستنەوەی کوردە لەدەسەڵات و وردە وردە بەپێی یاساو دەستور مافە گرنگەکانیان پەراوێز بکرێت. ئەمرۆ کورد پۆستی سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆک وەزیران و چەند وەزیرێکی هەیەو لەگەڵ ئەوەشدا، بەهەموشێوەیەک هەوڵ دەدرێت ناوچەکانی دیکەی عێراق زۆر زیاتر لەکوردستان سودمەندتر بن لەحکومەتی مەرکەزی. ئایا کە کەسمان لەحکومەت نەبێت، چۆن دەبێت؟ باسی مەترسیەکانی دیکە ناکەم.

٦- بەندی شەش، کەباس لەقەدەغەکردنی بیری نەژادپەرستی و تیرۆر دەکات، ناوی حیزبی بەعس و صەدامی تێدا هاتوە، کەئەمە لەخۆیدا بایەخدانێکی گەورەیە پێیان و نەدەبوایە بەهیچ جۆرێک ئەو ناوانە لەدەستوری گشتی و وڵاتێکی هاوچەرخ و دیموکراتیخواز بهاتایە. دەتوانرا بەیاسایەک هەمان ئامانج بەدی بهاتایەو پێویستی بەوە نەدەکرد لەدەستوریشدا ناویان بۆ مێژوو تۆمار بکرێت؟

٧- سەبارەت بەپێکهێنانی سوپای عێراقی، هیچ پابەندبونێکی دەستوری نییە، کەبەشداربونی کورد لەفەرمانبەری ئەو سوپایە، کەژمارەکەشی دەستنیشان نەکراوە، دابین بکات.

٨- بەندی دوازدە باس لەئاڵای عێراق و سرودی نیشتمانی عێراق دەکات، بەبێ ئاماژەدان بەمافی هەرێمەکان لەپەسەندکردنی ئاڵای تایبەتی و سرودی نەتەوەیی خۆیان. بۆیە بەپێویستی دەزانم لەدەستوری هەرێمی کوردستان ئەم خاڵە گرنگە فەرامۆش نەکرێت. هەڵبەتە بەهێزتر دەبو، کەئەم مافە لەدەستوری عێراقیشدا بچەسپایە.

٩- (٩-١) مەرجی سەرەکی سیستمی دیموکراتی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و میکانیزمی کۆنترۆڵکردنە، واتە هەر سێ دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادپەروەری) سەروەربن و هەر یەکێک کۆنترۆڵی ئەوی دیکە بکات. لەم دەستورەدا ئەو میکانیزمە بەدی ناکرێت و دەسەڵاتێکی یەکجار زۆری داوە بەکۆمەڵەی نیشتمانی و ئەنجومەنی وەزیران و هیچ دەسەڵاتێکی دەستوری نیە کۆنترۆڵی کۆمەڵەی نیشتمانی بکات، کەدەسەڵاتی گۆرانی دەستوریشی پێدراوە.

(٩-٢) سەرۆکی کۆمار دەسەڵاتی یەکجار کەمی پێدراوە و هەمووئەو دەسەڵاتانە، کەدەبوایە دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار بونایە، دراون بە سەرۆک وەزیران، ئەمەش سەرنج راکێشەو مەترسی گەورەی لەئایندە لێوە بەدی دەکرێت. تەنانەت دانانی سەفیرەکانیش لەدەسەڵاتی سەرۆک کۆماردا نیە. گرنگە ئەو دەسەڵاتانە دابەش بکرێن و لەلایەک کۆنەبنەوە.

(٩-٣) یاسادانان کەلێنێکی گەورەی تێدایە، ئەویش ئەوەیە، کەکۆمەڵی نیشتمانی هەر یاسایەک دەردەکات بەبێ ئیمزای سەرۆک کۆماریش دوای دوجار بریاردان لەسەری بەیاسا دەناسرێت و دەبێ جێبەجێ بکرێت. لێرەدا گەورەترین مەترسی لێ بەدی دەکرێت و پێویستە ئەم خاڵە گرنگی پێبدرێت و میکانیزمی تایبەتی بۆ دابنرێت.

٩-٤ بەندی ٤٨ دەسەڵاتی تەشریعی فیدراڵی لەکۆمەڵی نوێنەران (مجلس النواب)و کۆمەڵی فیدراڵ (مجلس الاتحاد) (نوێنەرانی هەرێمەکان) پێکهێناوە. کۆمەڵی نوێنەران چواردە بەندی بۆ تەرخان کراوە لەدەستورداو وەکو باسکرا دەسەڵاتی زۆری پێبەخشراوە، بەڵام کۆمەڵی فیدراڵ تەنها یەک بەندی (بەندی ٦٣) بۆ تەرخان کراوە، بەبێ هیچ رونکردنەوەیەکی پێویست سەبارەت بەئەرکەکانی بەرچاو بخات. کۆمەڵی فیدراڵ لەسیستەمی حوکمرانیی فیدراڵی گرنگییەکی یەکجار گەورەی هەیەو بەتەواوکەری کۆمەڵی نوێنەران دادەنرێت و فاکتەری هاوسەنگیە لەو سیستەمە، کەچی دەبینین لەم دەستورەدا بەشێوەیەک پەراوێز کراوە، کەجێی گومان و سەرنج راکێشانە.

لەکۆتایدا بەپێویستی دەزانم:

کەئاماژەیەک بەو راستیەش بدەم، کەزۆر خاڵی پۆزەتیڤ لەم دەستورەدا هاتوە، کەجێی دەستی نوێنەرانی کوردیان تێدا بەدی دەکرێت و ئەو تێبینیانە کەلەنێو خاڵی سەرەوە ئاماژەم پێ داوون، ئەو هەستە دروست نەکەن، کەنوێنەرانمان بەئەرکی خۆیان بەپێی پێویست هەڵنەساون، بەپێچەوانەوە، لەم دۆخە نالەبارەی عێراقدا دەتوانم بڵێم، کەکورد رۆڵێکی یەکجار گەورەو گرنگی لەدروستکردنی کۆماری دووەمی عێراقدا بینیوەو توانیویەتی هەنگاوێکی باش بنێت بۆ پاراستنی نەوەکانی ئایندەی کوردستان لەئەگەری مەترسیەکانی ئایندە. جێی خۆیەتی لێرەدا دەست خۆشی لەنوێنەرانی کورد بکەین لەهەوڵ و کۆششیان بۆ بەدی هێنانی ئامانجە سەرەکییەکانمان.■

دەستورێک.. دور لەخواستی ژنان

نەجیبە مەحمود

تادەرفەتی گۆرینی هەیە پێویستە بەزوترین کات دەست بکرێت بەکارو چالاکی، ئەمەش تەنها بەئەرکی ژنانی نازانم، بەڵکو بەئەرکی هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتنخوازی دەزانم

هێزە کوردستانیەکان
پێویست بوو رۆڵ و
خەباتی ژنانیان بەرز
بنرخاندایە نەک
رازی بن بەو
دەستورە، هەموومان
ئەزانین کەعێراق
چەندین ساڵە
بەدەست
بیروباوەڕێکی
ناسیونالیستی
عەرەبی
چەقبەستووەوە،
دەناڵێنێ

ئەگەرزۆر نەگەڕێینەوە بۆمێژوو تەنها قۆناغی دوای راپەرین و دوای ئازادی عێراق سەیر بکەین، ئەبینین لەهەوڵ و خەباتی رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و کەسایەتی ژنان لەکوردستاندا، بەبەردەوامی جەختیان لەسەر گۆرینی یاساکان کردۆتەوە.

بەتایبەتی یاسای باری کەسێتی و ئەوبەندانەی ژنان بەپلە دوو لەقەڵەم دەدات، بەشێوازێک کەلەگۆڕیندا سود لەبەندەکانی مافی مرۆڤ وەربگیرێت و مافەکانی مرۆڤ بپارێزێت. بەشێوەیەکی یەکسان دژی جیاکاری و پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ بەرز رابگیرێت. بۆ ئەو مەبەستەش چەندین چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، بەتایبەت سازدانی کۆڕو سیمینار لەشارو شارۆچکەکان سەبارەت بەو بەندانەی یاسای باری کەسێتی کەپێویستی بەگۆڕان هەیە لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی کەلەیاسادا کراوە.

ئەمەش تاڕادەیەک کاریگەری خۆی هەبوە لەسەر هێزە سیاسیەکان، کەدەبێت بایەخیان هەبێت بۆ کارەکانی ژنان و گوێیان لێبگیرێ.

هەر لەدوای رزگارکردنی عێراقیش هەوڵدرا بۆ گواستنەوەی ئەزمونی خەباتی چەند ساڵەی ژنانی کوردستان بۆ دەورو خەباتی ژنانی عێراق، لەپێناو گۆرانکارییەکانی عێراقدا، بەتایبەت هەوڵدان بۆ بەرز کردنەوەی رێژەی ژنان لەبەشداری کردن و نوێنەرایەتی کردنی ژنان، چ لەپۆستی حکومیدا، چ بۆ ئامادەبون لەلیژنەی رەشنوسی دەستورو گۆرانکارییە یاساییەکان.

لەساڵی (٢٠٠٣)دا بریاری (١٣٧)ی ئەنجومەنی حوکم دەرچوو، کەیاسای باری کەسێتی سەرچاوەکەی شەریعەی ئیسلام دەبێت. ئەوەبوو نوێنەری زۆرینەی رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و کەسایەتی ژنان لەکوردستان و عێراق بەهاوەدەنگی لەبەغداد بەرێپێوان لەساحەی فیردەوس مانگرتنێکیان سازداو دواتر نامەیەکیان بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو بریارە بەرزکردەوە. کەئێستا دووبارە لەدەستوردا هاتۆتەوە. لێرەدا ئەوەی من دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، ئەوەیە کەلەدوای ئەو هەوڵ و خەباتانەی ژنان و ئافرەتان بەئاگاداری هێزە سیاسیەکان، بۆبونی نوێنەری ژنان لەلیژنەی رەشنوسی دەستور لەپێناو داکۆکی کردن لەمافەکانی ژنان. دووبارە گوێ لەخواست و داواکانی ژنان و ئافرەتان نەگیرایەوە بەبیانووی ئەوەی کەئەم قۆناغە قۆناغێکی هەستیارەو مەسەلە نەتەوایەتیەکە پێش مەسەلەی ژنانەو ژنان ناچاریش دەکرێن ئەبێ بچنە شەرەکەوەو دەنگیشی پێ بدەن، گوایە لەبەرژەوەندی کوردە، بەڵام واسەیر ناکرێت کەئەگەر نیوەی کۆمەڵ ژێر دەستەو چەوساوە بێت مانای نیوەی کورد ژێر دەستەیە. جگەلەوەی کەزۆر لەبرگەکانی دەستور دژ بەیەک و مەتاتیەت و ئاڵۆزیەکی زۆری پێوە دیارە، هەروەها، مەسەلەی فیدراڵیەکەش دەتوانم بڵێم تەنها روکەشە لەبەرئەوەی کاتێک بریاری (٥٨) بەهەڵواسراوی ئەمێنێتەوەو یەکالا نەکراوەتەوە، کەواتە ئەگەر کورد خاوەنی سنورێکی دیاری کراو نەبێت لەسەر چ بنەمایەک فیدراڵی وەرەگرێ، ئەگەر تەنها رازی کردنی کورد نەبێت بەوسێ پارێزگایە.

بۆیە من چۆن دەنگ بدەم بەدەستورێک کەجارێکی تر بەدەستورو یاسا پێشێلی مافەکانم ئەکرێ کەئەمەش دەبێتە هێزێکی گەورە بۆ پاڵپشتی کردن لەمانەوەی ئەقڵیەتی پیاوسالاری وەک مرۆڤێکی پلەدوو لەکۆمەڵدا سەیر بکرێم و خۆشم بکرێم بەقەڵغان وەک ژن بۆ پارێزگاری کردن لەو دەستورە، کەدەبێتە دەستورێکی هەمیشەیی عێراق.

هێزە کوردستانیەکان پێویست بوو رۆڵ و خەباتی ژنانیان بەرز بنرخاندایە نەک رازی بن بەو دەستورە، هەمومان ئەزانین کەعێراق چەندین ساڵە بەدەست بیروباوەڕێکی ناسیونالیستی عەرەبی چەقبەستوەوە، دەناڵێنێ بچوکترین دەرفەت نەبوە بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ، بەجۆرێک کەهەست و بیروهۆشی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتەی داگیرکردوە، نەیتوانیوە هەوڵ بدات بۆخۆ رزگارکردن و گۆرانکاری لەعێراقدا بەهۆی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرییەوە.

دەبوایە پێکهاتەی حکومەتی عێراق هاندەرێک بوایەو سودی لێوەربگیرایە بۆ دووبارە نەکردنەوەی مێژو و رابردوی عێراق، چونکە رژێمی بەعس بەیەکسانی و بەبێ جیاوازی نەتەوە، ئاین، مەزهەب، ئایدۆلۆژیا درێغی نەکردوە لەسەرکوت کردن و لەناوبردن و زوڵم و زۆری لەبەرامبەر گەلی عێراقدا، جا کەئەو بارودۆخەی گەلی عێراق بەگشتی تیایدا ژیاوە، ئاوابێت، دەبێ بارودۆخی ژنان کەهاوڵاتی پلە دوون چۆن بێت؟

لێرە بەپێویستی دەزانم داوا بکەم لەسەرجەم رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و کەسایەتییەکانی ژنان بەپاڵپشتی کەسایەتیە سیاسیە پێشکەوتنخوازەکان، رۆشنبیران، بەیەک دەنگی و یەک هەڵوێستی، دور لەدەمارگرژی (نەتەوایەتی، ئاینی، ئایدۆلۆژیا) کاربکەین بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو برگەیە کەئاینی ئیسلام ببێتە سەرچاوە بۆ دەستور، لەبەرئەوەی ناکۆکە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤدا. پێویستە ئاین وەک عەقیدەیەک رێزی لێبگیرێت و خەڵک ئازاد بێت لەموماڕەسەکردنی. بەڵام دەبێ دەستور بێ لایەن بێت، هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵ لەبەردەم یاساو دەستوردا یەکسان بن. تادەرفەتی گۆرینی هەیە پێویستە بەزوترین کات دەست بکرێت بەکارو چالاکی، ئەمەش تەنها بەئەرکی ژنانی نازانم، بەڵکو بەئەرکی هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتنخوازی دەزانم.■

گۆرانی کوردی و چەند سەرنجێک

زمناکۆ ئەحمەد

هیچ کاتێک بەقەد ئێستا گۆرانی کوردی هەمەڕەنگ فرە جۆر نەبووە، هیچ کات بەقەد ئەم چرکە ساتەمان گۆرانی کوردی تێکەڵەیەک نەبووە لەکلیپی باش و کلیپی خراپ. گەر بەوردی تێڕوانینێکمان بۆ ئاستی هونەری کوردی هەبێت بەتایبەت لەباشوری کوردستان دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەهونەری گۆرانی کوردی لەقەیرانێکی زۆر گەورەدایەو ئەوەی ئیش دەکات تەنها نیشاندانی کلیپەکانە بەشێوەیەک کەدەیەوێت سەرنجی بینەر بۆ خۆی رابکێشێت.

سێ کۆڵەکەی سەرەکی هەیە لەگۆرانی کوردی دا، ئەویش (هۆنراوەو وتن و ئاواز)ن، بەجۆرێک کەگەر هەر گۆرانیەک ئەم سێ پایەی وەکو پێویست نەبوو بێگومان گۆرانیەکی کامڵ لەدەرناچێت.

خاڵی یەکەم هۆنراوەیە. گەر گۆرانیبێژ نەیزانی چی دەڵێ و بەئارەزی خۆی قسە ڕیز بکات ئەوا دڵنیام کەناتوانێت مەبەست بگەیەنێت. گۆرانی کوردی ئێستا پڕە لەوقسە بێ سەروبەرانەی کەناوی نراوە هۆنراوە بەجۆرێک کە گۆرانی بێژ تەنها دەیەوێت گۆرانی بڵێت بەبێ ئەوەی بەتوانا بێت لەهەڵبژاردنی دەقەکاندا.

خاڵی دووەم هونەری وتنە. گۆرانی بێژ دەبێت زۆر وریا بێت لەوتن دا بەجۆرێک دەبێ بزانێ بەچ ئیقاعێک گۆرانی دەڵێت. گۆرانی بێژی کوردی هیچ شارەزاییەکی نییە لەبەرزو نزمی (دەنگ)دا بەجۆرێک ئەو هەر هێندە دەزانێت گۆرانی بڵێت. هەربۆیە هەندێکیان بۆ خۆیان دەنگیان خۆشەو هەندێکی تریان بەسروشتی دەنگیان ناخۆشە، بەبێ ئەوەی وەک شەماڵ سائیب دەڵێ بتوانن دەنگی خۆیان خۆش بکەن، سائیب لەجێیەکدا دەڵێت من خۆم دەنگم خۆش نییە بەڵکو خۆم خۆشی دەکەم.

خاڵی سێیەم ئاواز دانانە. کەم لەهونەرمەندان شارەزان لەدانانی ئاوازدا، بەجۆرێک ئێستا گۆرانی کوردی هیچ نیە جگە لەتێکەڵەیەک لەئاوازەکانی وڵاتانی دراوسێ و کەلتورەکانی تر. ئاوازی سەرکەوتوو ئەو ئاوازەیە کەزۆر بەئاسانی دەتوانێ گوێگری جدی بۆلای خۆی رابکێشێ. بۆیە ئێستای گۆرانی کوردی پڕە لەو ئاوازانەی کەپاش هەفتەیەک گۆرانیەکە دەمرێت و کەس گوێی لێناگرێت.

گەر لایەنێکی تری گۆرانی فەرامۆش نەکەین بریتییە لەکلیپ بەجۆرێک دەبێت کلیپ لەگەڵ ئاوازو هۆنراوەکەدا بگونجێت و تەعبیر لەمەبەستی گۆرانیەکە بکات، بۆیە ئێستای هونەری گۆرانی کوردی پڕە لەو کلیپە بێ سەروبەرانەی کە نەک هەڵگری تێڕامان بەڵکو مایەی پێکەنینە.

سەرجەم ئەم پاشاگەردانیە بێ ئومێدمان ناکات بەڵکو لەپانتایی گۆرانی کوردیدا هونەرمەندی وامان هەیە نەک دەکرێ لەسەریان بوەستین بەڵکو دەبێت ڕێزی بێ پایانیان لێ بنێین و کارئاسانی تەواویان بۆ بکەین. لەو دەنگە گۆرانی بێژانەی کەدەکرێ لەسەریان بوەستین گۆرانی بێژانی وەک (دیاری قەرەداغی و عەدنان کەریم و خالید ڕەشید و بەهجەت یەحیاو چەندانی ترن) کەشایەنی ڕێزو

مەرزیە فەریقی.. شۆڕەژنێک لەگۆرانی

بێستون گەرمیانی

بەو پێیەی کۆمەڵی کوردی بۆشایی گەورەی هەبووە لەرۆڵی ئافرەت لەهونەردا، بەو پێیەی لەڕابردودا شەرم بووە ژنان وەک هونەرمەند دەربکەون، بۆیە کەمن دەنگی ئەو ژنانەی کە لەمەیدانی هونەری کوردیدا دەرکەوتوون.

مەرزیەی فەریقی شۆڕەژنێکی هونەرمەند زۆر بەفراوانی لەمەیدانی هونەری گۆرانی گوتن دادەرکەوت. (سرودی سڵاوی پێشمەرگەو گۆرانیەکانی بەڵێن بدە، کانی، لەدەریاوە.. شەش پەپولەکە.. هتد) هەمیشە لەگوێماندا دەزرینگێتەوە.

بەبۆچونی من کاریگەری مەرگی ناوادەی مەرزیە لەسەر خەڵکو نیگەرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگەرێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١-مەرزیە ئافرەتێکی ڕووخۆش و دەم بەخەندە بوو ئەمەش وای کردبوو کە خەڵک خۆشیان بوێ.

بیرمە ساڵی ٢٠٠٢ مەرزیەو ناسرو منداڵەکانیان هاتن بۆ زانکۆی سلێمانی و لەکافتریای زانکۆ پێشوازی گەرممان لێکردن. ئێمەی خوێندکار زۆر تامەزرۆ بوین بەبینینی مەرزیەو ناسر.. ئەوانیش لەناو کافتریای زانکۆ لەناوماندا دانیشتن و وێنەمان لەگەڵ گرتن و ئەوانیش یەکی گۆرانییەکی خۆشیان بۆ ئێمەی خوێندکار وت.

بیرمە کەوێنەمان لەگەڵ مەرزیەدا دەگرت، زۆر بەڕوویەکی خۆشەوە باوەشی پیادا دەکردین و بۆ وێنەکان لەگەڵماندا دەوەستا. من هەمیشە بزەو پێکەنینەکانیم لەبیر ناچێت.

٢-کارامەی هونەرمەندو دەنگە زوڵاڵەکەی یەک لەو هۆکارانەیە، کەوایکردووە خەڵکی بۆ مەرگی مەرزیە خەمبارو پەرۆش بن.

٣-ڕۆڵی ناسر لەدەرکەوتنی مەرزیە. ئەم دوو عاشقە وەک دوو هونەرمەندی گەورە دەردەکەوتن، ئێستا کەمەرزیە کۆچی کردووەو ناسر بەتەنیا ماوەتەوە، ئەوە بەتەواوی بوەتە کۆسپێک بۆ ناسرو خەڵکیش بەو مەرگە زۆر بەداخ و کەسەرە.

٣-شۆڕشگێری مەرزیەو بنەماڵەکەیان هێندەی تر خەڵکی خەمبار کردووە. مەرزیەی گۆرانی بێژو پێشمەرگە هەمیشە وەک کەسێکی کوردپەروەر خەباتی کردووەو سرودەکانی "سڵاوی پێشمەرگەو بەڵێ بۆ ریفراندۆم و کوردینە کاتمان کاتە" شاهیدی ئەو هەستە شۆڕشگێریەی مەرزیەی پێشمەرگەی هونەرو ئازادیخوازین.

٤-بەڵام ئەوەی لەهەمووی کاریگەرترو خەمناک ترە، ئەوەیە کەمەرزیە لەئاوارەیی دا چاوی (پڕ لەهومێدی) لێکنایەوەو بۆ چرکەیەکیش نەیتوانی شارە ئازیزەکەی مەریوان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببینێتەوە. مەرزیە خەونی ئەوە بوو کە کوردستان بەئازادی ببینێ و بەئازادی لەشارەکانی کوردستانی ئێران کۆنسێرت پێشکەش بکات. بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا.

٥-دوایین خاڵ بۆ خەمباری خەڵک سەبارەت بەکۆچی مەرزیە خان ئەوەیە کەمردنەکە کتوپڕ بوو. کەسیش لەو بڕوایەدا نەبوو مەرزیە وا بەزوویی و بەجوانەمەرگی جەستەو بەهرە جێمان بێڵێت.

لەکۆتاییدا ئەوەی گرنگە لەبارەیەوە بدوێم، ئەوەیە کەمەرزیە مردنی کاری کردۆتە سەر خەڵک ڕاستە مەرزیە بەجەستە لامان نەماوە بەڵام هەمیشە گۆرانیەکانیم لەگوێدا دەزرینگێتەوە.■

موزیکزانە ناودارەکانی جیهان

ئا: باران

×جوهان جۆرج ئەلبرختسبرجەر: ١٧٣٦-١٨٠٩

دانەرێکی نەمساویە، ژەنیاری ئۆرگ بوو، لەکۆشکی ئیمپراتۆری. هەروەها مامۆستای مۆزیک بوو لەکاتدرائی سان ئیتین. هاوڕێی هایدن و موزارت بووە، جگە لەمەش مامۆستای بتهۆڤن بووە..

گرنگترین بەرهەمەکانی: موزیکی ئاین، ٢٦ ریکویم، چەندین ئۆراتۆری، لەگەڵ چەندین بەرهەمو دانراوی تیئۆری تر.

×ئەلفرێد ئیساندریسکۆ: ١٨٩٣-١٩٥٩:

دانەرێکی ڕۆمانیە، ژەنیارو سەرۆکی ئۆرکسترا بووە، لەپاریس لای فنسنت دندی خوێندویەتی. لەساڵی ١٩٢١ سەرۆکی ئۆپێرای بخارست بووە. هەر لەساڵی ١٩٢٦ دا سەرۆکایەتی تیپی فیلهارمۆنیەی شاری بۆخارستی گرتۆتە خۆی. زیاتریش لەم کارەیدا کارەکانی هاونیشتمانی خۆی ئۆنیسکۆی پێشکەش کردووە.

بەرهەمەکانی: کردنەوەی دیدۆن بۆ ئۆرکسترا، هۆنراوەی سیمفونی. چەندین بەرهەمی گۆرانی.

×هۆجۆ ئەلفین: ١٨٧٢-١٩٦٠

دانەرێکی سویدیە، وەک سەرۆکی ئۆرکسترا، ڤیەنناو لەندەن و ئۆبسالا کاری کردوە. چەندین کاری دابەشکردنی بۆ ئۆرکسترا ئەنجام داوە. یەکێک لەرابسودیانەکانی، لەسەرجەم جیهاندا، ناوبانگی زۆر گەورەی بەدەست هێنا. بەرهەمەکانی، پێنج سیمفونی، سێ رابسودیات بۆ ئۆرکسترا. بەناوبانگەکەیان، "هیدسومارفاکا" لەگەڵ چەندین کانتاتا.

×گریگۆریۆ ئەلیگری "١٥٨٢-١٦٥٢"

دانەرێکی ئیتالیە، هەروەها گۆرانی بێژی، تنبیور بووە لەکلێسایەکەی ڕۆما، ئەمیش لەسەردەمی بابا ئوربانی هەشتەم. بەشێوەیەکی گشتی ناوبانگی بەمیزیریر دەرککردبوو. بەرهەمەکانی. ریکویم، لاواندنەوەی ئاینی بۆ یەک دەنگی و چوار دەنگی.

×فلادیمیر ئامبروس ١٨٩٠-١٩٥٦

دانەرێکی چیکیە، لای لیدش یاتاتشیک، خوێندویەتی، وەک سەرۆکی ئۆرکسترا لەئۆپێرای لەندەن، کاری کردوە. لەژێر کاریگەریەتی قوتابخانەی ئینتباعیەکان بووە، بەرهەمەکانی، چەند سیمفونیەک هەرە گرنگەکان، سێینەی سیمفۆنیا، لەگەڵ هێندی کانتاتا، ئینجا ئۆپێرا.■

دەربارەی پرۆسەی تەواوکردنی وێنە لەکاتی تەماشاکردنیدا

یەنز پیتەرکۆیرفەر

و/ ئاری عومەر

(هۆشیاری بێ دەنگی (صامت) کارێک ناکرێت لەلایەن هۆشیاری باسکردنەوە (قسەکردن دەربارەی) بەلاوە بخرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان بەشدارن لەسازدانی دونیای مانا (معنی)دا. کە تێیدا تێگەیشتن بێ کۆتاییە. بەشێوەیەکی مەبدەئی دەکرێت لەتابلۆیەک تێبگەیت بەڵام ناکرێت تەواو لێکبدرێتەوە (تحلیل) و وەربگێردرێت (ترجمە) وێنە نێردراوێکە بۆ چاو، چاویش لەپرۆسەی تەماشاکردندا خوازیاری تێگەیشتنە لێی).

گۆتفرید بۆیم/کتێبی: ڕوانین، لێکدانەوەی شکانەوەکان

کارەکانی (ئینگۆمیللەر) سادەو ساکارن، وەک ماتریاڵیش هەرئەوەن کەچەند سەدەیە کاریان پێدەکرێت: (بۆیەی ڕۆن و خام). ئەم دوو مادەیە کە لەرێیانەوە کارێکی هونەری بەئەنجام دەگەیەنرێت تەواو ڕوون و ئاشکران و هاو بەهان. کاری هونەرمەندیش بریتییە لەرەنگ - کێشان کە لەوێنەیەکدا (تابلۆیەکدا) بەرجەستە دەبێت. لەکارکردنەکانی (میللەر)دا هونەری شێوەکاری بەرووی تەماشاکەردا تەواو کراوەیە ئەو بینەرەی بەرامبەر کارەکان دەوەستێت، ڕاستییەکی (واقع) بەرەو ڕوو دەبێتەوە کەوێنەیە Bid.

بەلای تەماشاکەرێکەوە کارکردنەکان لەشێوەی وێنەیەکدان و تەماشاکەرێکی تریش وەکو پێکەوەنانێک konstelltion لێی دەڕوانێت.

لەکاتی بەرکەوتنی کارێک لەگەڵ چاوی تەماشاکەردا، ڕاستەوخۆ جەدەلێکی بزێو دێتە ئاراوە. کارەکان چۆن بەئاسانی وەردەگیرێت، هەر ئەوهاش گرفت هەیە لەتێگەیشتن لێیان، گرفتێک لەنێوان ڕووی ماتریاڵی و نا - ماتریاڵی کارێکدا. لێرەدا مەبەستمان لەدوو-ڕوویی کارێکە:- ڕووی یەکەم، کە کارەکە وەکو شتێکی ئەنجامدراو (الشیء و المنجز) پیشان دەدات. ڕووی دووەم کە کارەکە لەڕاستییەتی پێکەوەنانێکەوە دەگوازێتەوە (یاخود پەرێنێتەوە) بۆ پرۆسەی مانا - پێدان، بێگومان بەبەشداریکردنی کەسی تەماشاکەر لەم پرۆسەیەدا.

لەهونەری شێوەکاریدا هاوشان لەگەڵ بیرکردنەوە دەربارەی هەڵبژاردنی تۆنی ڕەنگی سەرەکی و هەڵبژاردنی پلەی ڕەنگی، بیریش لەچۆنیەتی دانانی ڕەنگەکانیش دەکرێتەوە لەسەر ڕووی خامێک، کە هەڵگری (حامل) ڕەنگەکانە، ئامادەکردنی کارێک لەرێی دەستەوە بڕیاردانی هونەرمەند وەکو کەسی کارکەر (Subjekt - بکەر)، ساتەوەختێکن کە لەکارکردنی (ئینگۆمیللەر)دا زۆر جەوهەرین، پێکەوەنانی ماتریاڵەکان لەلای تەماشاکەر، لەشێوەی تابلۆیەکدا خۆی پیشان دەدات و وەکو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی ئاشکراو دروستی سەرجەمی ئەو ڕاستیانەی کە لەپێش چاویدایە ئامادەیە. بەڵام تەنها لەساتەوەختی تێڕامان و جەدەلکردن لەگەڵ ئەو دراوانەدا (معطیات) کارەکە کامڵ دەبێت و دەبێتە وێنەیەک.

کارەکانی (میللەر) بزوێنەری تێڕامانێکی چڕن. ئەوەش بەتوانایی کارەکانە کەتەماشاکردنێکی مامەڵەیی دەخەنەوە. ئاسانی بەرکەوتن لەگەڵ ئەو ڕووبەرانەدا، تەماشاکردنێکی گشتگیری بەردەوام لەنێوان سەرجەمی کارەکەو پێکهاتەکانیدا دەهێننە ئاراوە.

ئەو نیگایەی کەئاگایی تەماشاکردنی هەیە، کارەکە (کە ڕەنگە بەسەر پارچە خامێکەوە) وەکو وێنەیەک قبوڵ دەکات، واتە (چاو) وێنەکە بەئەنجام دەگەیەنێت و تەواوی دەکات.

بەڵام ئەوەی وادەکات کەسەرەڕای ئاگایی و تێبینی کردنی ئەو ڕاستیانە بابەتەکە بگۆڕدرێتە سەر کارێکی ئەنجام دراو (وێنەیەک) هێشتا هەر بەکراوەیی دەمێنێتەوە. کرۆکی پرسیارکردن دەربارەی وێنەیەک (پرسیارکردن لەرێی شکاندنەوەی بابەتی - الانعکاس الموضوعی و قسەکردن لەسەری) لەنێو پرۆسەی پەڕینەوەی (انتقال) کارێکدایە لەپێکهاتە مادەیەکانییەوە بۆ وێنەیەکی تەواوبوو. بەڵام بەهۆی بێ توانایی دەربڕین بەوشە، کێشەیەک دێتە ئاراوە، کەڕاستەو ڕاست پەیوەندی بەداخراوەیی (تحفظ) تەماشاکردنەوە هەیە، کەخۆی لەخۆیدا کێشەیەکی کارەکەیە.

ئامانجی کارکردن لەهونەری شێوەکاریدا دووبارەکردنەوەی شتێک نییە، بەڵکو زیاتر ئامادەبوونی کارێکە (Prisent werden) وەکو وێنەیەک.

چونکە شێوەکاری هەمیشە ڕوویەکی واقیعی یانەی کارێک دەخاتە بەرچاو.

یەکێک لەئەگەرەکان بریتییە لەتێڕوانینێکی چڕی بێ بیرکردنەوە لەچۆنیەتی کارکردن و چێژوەرگرتن لەتەماشاکردنێکی پوختی کارکردن بەماتریاڵەکان. تەماشاکردنی چۆنیەتی خۆکردنەوەی مادەیی بۆیەکە لەگەڵ هەموو شێوازێکی دانانیدا. سەرەتا چۆنیەتی دروست بوونی چرچ و پەڵەی ڕەنگی لەسەر ڕووی خامەکەو چۆنیەتی پرکردنەوەو داپۆشینی. تەماشاکردنی ئەو بارستە ڕەنگیەی (کتلە لونیە) کە لەرێی تاڵەکانی فڵچەیەکەوە دادەنرێت و وردە بەشێوەیەک تەنک بڵاوەبێتەوە، هەروەها چۆنیەتی چۆڕانەوەو پچڕان و وشک بوونەوەی بۆیە دانراوەکە لەسەر ڕووی خامەکە.

لێرەدا هەموو ڕەنگ دانانێک ڕودانێکە (حدث Eneigniss) و مامەڵەیەکە (تعامل Handlug) هەر جارەش مادەی بۆیەکە بەشێوازێکی جیاواز لەرێی فڵچەکەوە لەسەر ڕووی خامەکە دادەنرێت و هەر ڕەنگێکیش بەشێوەیەکی تایبەت کاردەکات لەگەڵ ڕەنگ و ڕووی خامەکەدا، کەبێگومان خامەکەش بەپێی ئەو مادەیەی کەلێچنراوە و بەپێی ئەو تۆنە ڕەنگییەی کەهەیەتی یەکەیەکی کاریگەری بەشداری لەکارەکەدا.

کارەکان لەهیچ شوێنێکیاندا خاڵی نین، تەنانەت ئەگەر هیچ ڕەنگێکیش دانەنرێت ئەوا خامەکە بەتەنها خۆی شێوەکارییە. لێرەدا خامەک وەکو فۆرمێکی تایبەت، وەکو زۆنێکی کراوە (مجال مفتوح) یاخود جێگایەکی لێدەڕوانین ئامادەیە، ئەوکەسەش کەتەماشای دەکات چێژ وەردەگرێت لەئەو کرانەوەیەی کەبۆشاییەکە (Raum چاو) بۆ تێڕوانین.

لەپرۆسەی تەماشاکردندا (چاو) تووشی بەرەو ڕووبوونەوەیەک دەبێت لەگەڵ شتێکی ناتەبادا، بۆ نموونە: فڵچە دانانێکی زۆر درێژی نەگونجاو، ڕەنگ دانانێکی کەم، تۆنێکی ڕەنگی دژ (تضاد) یاخود پێکەوە بەستنەوەیەکی ناهارمۆنی، ئەمانە هەمووی وەکو ڕێگرێک لەبەردەم خێرا کامڵ بوونی کارێک کاریگەن و بۆ چاوی تەماشاکەریش بەرەنگاری بوونەوەیەکی (تحدی)، کە نائارامییەکی بەردەوام بۆ (چاو) دروست دەکەن.



ڕوویەکی تری واقعیانەی تەماشاکردنی بریتییە لەوروژاندن و بەیاد داهێنانەوە، کەورده وردە خۆیان تێکەڵ دەکەن بەپرۆسەی تەماشاکردن وەکو سێبەرەکانی ئەم پرۆسەیە.

بێگومان کەهەر تۆنێکی ڕەنگی وروژاندنێک دەخاتەوەو دانانیشی ئەم هەستە بەهێز دەکات و هەروەها بوونی تۆنێکی ڕەنگی تر لەتەنیشتیدا یان لەژێریدا هەستێکی تر دەخاتەوەو بەم شێوەیە پرۆسەی تەماشاکردن لەڕاستیدا یەکتر دەبڕێت (یتقاطع) لەگەڵ ئەو خەیاڵ و بۆچوونانەی کەپێش وەخت لەلای تەماشاکەر ئامادەیە.

ئەم کاریگەری و وروژاندن و هەستپێکردنانە کەلەخۆڕا لەکاتی تەماشاکردندا دێنە ئاراوە، دەشکرێت هەر بەهەمان شێوە ون بن و بڕەوێنەوە. بەڵام بەشێکی سەرەکین لەدروستکردنی ماناو پرۆسەی مانا-پێدان دا.

مانا پێدان لەکارەکانی (ئینگۆمیللەر)دا دیاریکراو چەسپاو نیە، نە پرۆگرام کراوە، نە لەرێی ناونیشانی کارەکەشەوە خۆی دەخزێنێتە نێو جەدەلی نێوان تەماشاکەرو کارەکەوە. بەڵام مانا پێدان بەشێکە لەبەتوانایی کارەکانی (میللەر) و لەشێوەی ئەگەرێکدا ئامادەیەو لەرێی پرۆسەی تەماشاکردنەوە دروست دەبێت. بەپێچەوانەی ئەو کاریگەریانەی کەلەخۆڕا (تلقائی) دەکەونەوە، مانا - پێدان پەیوەستە بەکارکردنێکی ئەکتیڤەوە، کەبەخشینێکی هەنووکەیی و سوبێکتیڤییە (بکەری). بەڵام ئەم مانا - پێدانانەی لەلایەن تەماشاکەرەوە بەدەخشرێتە کارێک دەکرێت کامڵ و دەقیق نەبێت. هەربۆیە هەمیشە دەبێت بەراوردکارییەک بکرێت لەنێوان مانا پێبەخشراوەکەو کارەکەدا، ئاخۆ ئەوەی درکی پێکراوە کت و مت ڕاستە؟.

وێنە (تابلۆ) لەلای هونەرمەندێکی وەکە (ئینگۆمیللەر) بریتیە لەو کارەی کە لەرێی یاساگەری و پرۆگرام و ماتریاڵە هەڵبژێردراوەکانەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت، کەلەلایەن هونەرمەند خۆیەوە وەکو کارێکی هونەری قبوڵ دەکرێت، بەڵام دواتر کارەکە مادەیەکە بۆ تەماشاکردن وەکو ئەوە وایە کەئیتر موڵکی تەماشاکەر بێت. ئەوەی لەپرۆسەی تەماشاکردندا بەسەر کارێکدا دێت، ئەرکی سەرشانی تەماشاکەرە، لێرەوە کارەکە بەجێدەهێڵرێت بۆ وردی و وریایی و هەستیاری گونجاوی تەماشاکەران.

هەروەها ئەو ئەرکەی کەوتۆتە سەرشانی تەماشاکەر پەیوەستە بەئامادەیی تەماشاکەرەوە بۆ پێداچوونەوەی (مراجعە) هەڵسەنگاندنەکانی لەسەر بنەمای ئەو کەوتنەوە (انطباع) نوێیانەی لەجەدەل کردنیدا لەگەڵ کارەکەدا بەدەستی هێناوە. ئەمەش ڕوویەکی ئێتیکی (ئەخلاقی) پرۆسەی تەماشاکردنە.

کارەکانی (ئینگۆمیللەر) لەزۆر ڕووەوە سەر بەترادیسیۆنی هونەری شێوەکارین. کارکردنەکان دەگەڕێنەوە بۆ بەکارهێنانی ماتریاڵی باوو ناسراوو هەڵبژاردنی ئەو میتۆدانەی کارکردن، کەبەزەرورەت تەرکیز دەکەنە سەر وێنەکە (تابلۆکە) خۆی. لەم کەمکردنەوە بابەتیانەی کارکردنەکانی هونەرمەندا، پرسیارکردن دەربارەی کارکردن و وێنە (تابلۆ)، بەم شێوەیە کورت دەکرێتەوە:

چۆن دەکرێت لەرێی ڕێکخستنەوەیەکی پوخت و ئاشکرای بنەما سەرەکیەکانی هونەری شێوەکارییەوە وێنەیەک یاخود تابلۆیەکی ئاڵۆز بەئەنجام بگەیەنرێت (کە ئازاد بێت لەخۆبەستنەوە بەشتەوە (بالشئ) بەڵام سەربەخۆ نەبێت لێی)، کە لەئاکامدا بەهایەک و مانایەک هەڵبگیرێت؟

تەماشاکردنی کارێک بەم شێوازە بەرکەوتنێکە، کە شکاندنەوەی بینینی کارەکەیە. بۆگەیشتن بەوێنەیەک لەکارێکدا پێویستە سەرجەم ئەو ڕاستییانەی دەربارەی شێوەکاری کە تا ئەو ساتە لەبەر دەستدایە لەپرۆسەی تەماشاکردندا بخەیتەگەڕ، لەهەمان کاتیشدا بتوانیت ئەو مانا - پێدانەی کە لەتەماشاکردن و خودی جووڵەی کارەکەوە دەکەوێتەوە لەیەک بۆتەدا تێکەڵ بەیەکتر بکەیت و کۆیان بکەیتەوە. ئەمەش خەسڵەتێکی کارکردنی (ئینگۆمیللەر) و بەرکەوتنی کارەکانیەتی لەگەڵ چاوی تەماشاکەردا، کە وێنە بەئەنجام دەگەیەنرێت و شێوەکاری تایبەتمەند دەکات.■

×سەرچاوە: Bread Buttes، edited by، Institut -Londen
Geothe -کتێبخانەی نورنبێرک بۆ هونەری تازە.

پشتیوانی لەکوردەکان

پارتی سوسیال چەپی نەرویج

و: عارف باوەجانی

کوردەکان گەورەترین نەتەوەی جیهانن کە دەوڵەتی سەربەخۆیان نییە، لەلایەن وڵاتانی داگیرکەری خاکەکەیانەوە لەژێری فشارو ئازاردان و مافەکانیان پێشێل دەکرێت. حیزبی سۆسیالیستی چەپی نەرویج: کە چەندین ساڵە پشتیوانی لەمافە رەواکانی گەلی کورد دەکات و بەئەرکی خۆی دەزانێت بەردەوام پشتیوانیان لێ بکات.

باشترین چارەسەری بۆ ئەو وڵاتانە کە کوردیان تێدا دەژی، ئەوەیە کە مافەکانی مرۆڤ بپارێزن و مافەکانی گەلی کورد پێشێل نەکەن. تورکیا هەوڵی داوە برێک گۆرانکاری لەنێو وڵاتەکەیدا پێک بێنێ بەشێوەی ریفۆرم، بەڵام زۆری ماوە کە مافەکانی کوردی تێدا بپارێزێ، هیواداراین لەو بەشەدا هەر دووی واز لەچارەسەری نیزامی بێنن، لێبوردنی گشتی بۆ هەموو پێشمەرگەکان و کوردە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان دەربچێت.

دەوڵەتی نەرویج دەبێ مافەکانی گەلی کورد لەساتو سەودای ئابوری ئەو هەموو کارگەو داهاتەی نەوتی نەرویج لەگەڵ وڵاتانی جیهان و ئەو وڵاتانەی کە کوردیان هەیە بپارێزێ. هەڵومەرجی کوردی تورکیە دەبێ بهێندرێتە نێو ڕێکخراوە نێو نەتەوەیەکانەوەو هەردوو وڵاتی تورکیاو نەرویجیش تێیدا بەشدار بکرێن. لەپێوەندی بەدەوڵەتی ئێرانەوە دەبێ دەوڵەتی نەرویج تێبکۆشێ بەدژی بەندکردن و ئازاردان و لەسێدارەدانی کوردەکان، هەروەها پشتیوانی تەواو بکات لەمافی مرۆڤی کوردو پەرەپێدانی کولتورەکەی لەئێراق: زۆر گرینگە کە ئەو ڕێکخراوانەی لەناوچەکانی کوردستان دان و تێدەکۆشن بۆ یارمەتی دەری مافی ژنانی کورد، پشتیوانی تەواویان لێ بکرێت.

ئەو کوردانەی کە لەسوریا ناسنامەی سوریبیان پێ نەدراوە دەبێت ناسنامەی سوریبیان پێ بدرێت، و مافی هاوڵاتی تەواویان پێ بدرێت هەموو مافێکیان لەخوێندنگەو شوێنەکانی تر بپارێزێت و بەندییە سیاسیەکان ئازاد بکرێن.

ئاکامی ئەو پرۆژە سیاسیە دەبێ ببێتە هۆی بەدیموکراتیزە بوونی ئەو دەوڵەتانە، هەردوو وڵاتی تورکیاو سوریە دەبێ بەشێوەی یاسای ڕاستی لەو سیستەمە ڕەوایەدا بۆ پاراستنی مافی ئەو کوردانە کردەوە نیشان بدەن. بەبۆچونی پارتی ئێمە لەپێوەندی بەوڵاتانی ئێراق و ئێرانەوە بەشێوەی فیدراڵی دەتوانرێت چارەسەری کێشەی کوردەکان بکرێت، حیزبی سۆسیالیستی چەپ: پشتیوانی لەشێوەی بەڕێوەبردنی نێوخۆی ئێراق دەکات.

بەرهەر شێوە بۆچوونێک کە ئێستا سەیری بەڕێوە بردنی ئێراق دەکەین، ئێمە پێمان وایە کە زۆرنابەرامبەری دەبێت، ئەگەر شێعەکان کە زۆرایەتی ئێراقن هەوڵ بدەن یاسای شەریعەت بەسەر ناوچەکانی دیکەشدا بسەپێنن بۆ نمونە کوردستان.

دیارە سیستەمی فیدراڵی برێک کێشەی تێدایە: وەک سنوورەکان، مافی کەمایەتیەکان، دابەشکردنی کار لەنێو ناوچە ئێدرابیە ئەسڵی یەکان و هاوبەشەکان، هەروەها سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی وڵات کە دەبێ بەدروستی چارەسەر بکرێن و مکانیزمی گونجاویان بۆ ببینرێتەوە.

حیزبی سۆسیالیستی چەپ: پێی وایە کە باشترین چارەسەر بۆ نەمانی کێشەی عەرەبە هێنراوەکان بۆ ناوچەکانی کوردستان ئەوەیە، کە دەبێ وڵاتانی دیکە بێنە ناو ئەو کێشەو یارمەتی ماڵی بکەن بۆ گواستنەوەی ئەو کەسانەی لەلایەن ڕژێمی پێشوو هێنداربوونە سەر ماڵ و خاکی کوردەکان و ناوچەکانی کوردستان، ئێستا کە بەملیارد خەرجی شەڕ کراوە، زۆر پێویستە بەو ئەندازەیەش دابینبکرێت بۆ ئاشتی و هێمنی لەو ناوچەدا.

حیزبی سۆسیالیستی چەپ: دژی ئەوەیە کە ئەو پەنابەرە کوردانەی لەوڵاتی نەرویج مافی پەنابەریان پێنەدراوە بیانگەڕێنەوە بۆ وڵاتانی ئێراق و ئێران، لەبەر ئەوەی ژیان و گیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە، بەهۆی ئەو هەل و مەرجەی کە ئێستا لەو وڵاتانەدا هەیە، پارتی سۆسیال چەپ پشتیوانی لەوە دەکات کە ئەو پەنابەرانەی کە مۆڵەتی کاتیان پێدراوە، قبوڵی تەواویان پێ بدرێت و هەروەها بەیاسای پەنابەری یەکگرتنەوەی بنەماڵەش مافی پەنابەریان پێبدرێت.

پارتی سۆسیال چەپ: پشتیوانی لەشۆرای بەرگری لەمافەکانی گەلی کورد دەکات و هاوکاریان لەگەڵ دەکات، پارتی سۆسیال چەپ هەوڵ دەدات گروپی کوردی لەپەرلەمانی نەرویج چالاک بکات، پارتی سۆسیال چەپ: زۆر خۆشحاڵە لەهاوکاری لەگەڵ کوردەکان و بەتایبەت لەگوڵ کوردانی ئەندام لە پارتەکەداو هەروەها هاوکاری لەگەڵ گشت ڕێکخراوەکانی نەرویجی دا. ■

وەرگێڕانی دونیای کورد بۆ دەرەوە

شانۆ

وەرگێڕانی دەقێک بۆ زمانێکی تر گەلێک قسەو باسی ئاکادیمی و جیدی لەسەر کراوە، وەکو ئەوەی وەرگێڕ پەیامبەری نێوان دوو گەل یان دوو مرۆڤ بێت و وەرگێڕان ڕوبەڕو کردنەوەی نیشتمان و زمانی جیاوازی نەتەوەیەک بێت لەوپەڕی دونیا لەتەک دونیاو جیهانبینی نەتەوەیەکی تر لەو پەڕی دونیا. لەم میانەیەشدا وەرگێڕ زۆر جار بایەخ بەو شتانە دەدات کە لە دونیای جیاوازی نەتەوەیکدا گەلێک شتی تازەو نهێنییە کەلەدونیای نەتەوەکەی ئەودا بوونی نییە. یان ڕۆخسارێکیترو تایبەتمەندیەکیتری بواری وەرگێڕان، ناساندنی نەتەوەیەکە لەرێگەی وەرگێڕانی ئەدەب و هونەری ئەو نەتەوەیەوە بەسەرجەم تایبەتمەندیەکانیەوە بەنەتەوەیێکیتر. زۆر جاریش وەرگێڕان دەبێتە پردی نێوان دوو جیهانبینی کە ڕەنگە هەر لەئەزەلەوە دوو ئاراستەنیگای جیاوازیان بۆ جیهان هەبوبێت. هەروەها دەکرێت بڵێین زیندو کردنەوە، یاخود خەلقکردنەوەی ئەو جیهانەیە کە لەنێو زەینیەت و بیرکردنەوەی ئەو جیهانەدا مردووە یان هەر بۆ خۆی نەبووە.

(مەریوان هەڵەبجەیی) ئەو گەنجە هێمنە چاوپڕ لە پزیسکەیە کە ماوەیەکی درێژە ئەوەندەی تەمەنی مۆڵەتی پێ دابێت هەوڵی داوە ئاراستەیەکی تری وەرگێڕان بگرێتە ئەستۆی کە جگە لەوەی کارێکی ئەدەبی گرنگە لەلایەکی تروە ناساندنی نەتەوەیەکە بەنەتەوەیەک کە لەبەر هەزارو یەک هۆ نەیتوانیوە یان نەیانهێشتوە بیناسێت، لەپاڵیداژیاوەو هێشتا بەباشی نایناسێت، یان ئەوەی دەربارەی دەیزانێت لەرێگەی ئایدیایەکەوە بۆی وێنە کراوە کە دژی ئەو نەتەوەیە یان داگیر کەری ئەو زمانەو ئەو نەتەوەیە. وێنە کردنی نیشتمانێک بۆ نیشتمانێکی ترکە وێنەی ڕاستەقینەی نەتەوەکەی پاڵەدەستی هێشتا وێنەیەکی تەم و مژاویەو هەموو ئەمانەش لەبەر باڵا دەستی ئایدیالۆژیای ترسنۆکانەی دەوڵەتێکە کە لەهەموو جۆرە رونکردنەوەیەک خۆی دەشارێتەوە.. وەرگێڕان لەزمانی کوردیەوە بۆ زمانی فارسی گەلێک پرسیار بەدوای خۆیدا کێش دەکات: کە ئایا زمانی کوردی لەبواری ئەدەب و هونەرو فیکرو هەر یەک لەپێگە جیاوازەکانی زماندا گەیشتۆتە چ ئاستێک کە خوێندنەوەی لەلایەن زمانێکی تری وەکو زمانی فارسی دراوسێ گرنگ و پڕ بایەخ بێت؟ نەتەوەی کورد دەیەوێت کام جیهانبینی خۆی ڕوبەڕوی جیهانبینی نەتەوەی فارس بکاتەوە؟

کام دەقە لەبەردەم گەلی فارسدا باشترین دەقە لەمەڕ پێناسەکردنی نەتەوەی کورد؟

هەموو ئەم پرسیارانەو گەلێک پرسیاری تریش ئەو دەمەی درک بەوە دەکرێت ئەم نەتەوە لەهەمیشە زیاتر پێویستی بەوەیە خۆی بە دونیای دەرەوەی خۆی بناسێنێت لەشوێنێکدا ئیرادەو وەستێ و دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە بپرسێت ئایا کاتی ئەوە هاتووە منیش خۆم لەبەردەم دونیای دەوروبەرم نمایش بکەم؟ ئایا ئەو دەرگا داخراوانە دەکەمەوە کە بەهۆی سادەیی و بێ ئاگایی منەوە نەیانهێشتوە ئەو دیو دونیای خۆم ببینم؟ ئالێرەدایە کە جارێکی تر بایەخی کارەکەی ""مەریوان هەڵەبجەیی" خۆی دوپات دەکاتەوە: نەتەوەی کورد پێویستی بەوەیە لەرێگەی سەرجەم هۆکارەکانی گوزارشت کردنەوە، خۆی پێشکەش بەدونیای دەرەوەی خۆی بکات، زمانی کوردی لەسەرتای ڕێگەیەکدایە کە بۆ بەردەوامبونی لەو ڕێگەیە پێویستی بەوەیە لەلایەن زمان و دونیاکانی زمانەوە کاردانەوەی لەبەرامبەر ئەنجام بدرێت. سەرجەم ئەو پرۆژەیە وەرگێڕانی دونیابینی دەق و دونیا بینی نووسەرو پێشکەشکردنی ئەو دونیا حەشاردراوەیە کەلەرێگەی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی داگیرکەری کوردستان بەردەوام هەوڵ دراوە لەناو ببرێت یان بشێوێندرێت.

(مجموعه قصه)
لامارتین
فرهاد پیربال
ترجمه: مریوان حلبچه‌ای، امان جلیلیان

هەر بۆیە لێرەدا جێگەی خۆیەتی جارێکی تر وەرگێڕانەکانی "مەریوان هەڵەبجەیی" لەڕوانگەی جیاوازەوە لەبەر چاو بگرین: هەڵبژاردنی کۆمەڵە چیرۆکی د. فەرهادپیربالی چیرۆکنوسی بەناوبانگی کوردستان (پەتاتەخۆرەکان) بۆ پێشکەشکردنی بەنەتەوەیەک کە سەرجەم نەتەوەکانی دەوروبەری خۆی دەناسێت و دەیەوێت دەروبەرەکەی بخوێنێتەوە، کارێکی زیرەکانەیە. ئەو کۆمەڵە چیرۆکە سەرەتای ئاستی بیرکردنەوەو دونیابینی مرۆڤی کوردی لەپێگە جیاوازەکاندا لەگەڵ خۆی هەڵگرتوە دونیای زمانی فارسی ڕەنگە بۆ بەرکەوتنی لەتەک ئەو جۆرە نوسینە مێژوویەکی کۆنتری هەبێ، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی بایەخە ئەوەیە کە ئەو هەرگیز بەخەیاڵیدا نەهاتووە لەنێو نەتەوەی ژێر دەست و داگیرکراوی کوردان بواری بیرکردنەوە لەدونیای ئەدەب و هونەرو فیکرو گشت بوارەکانی بەرهەم هێنان هەبوبێ، بەڵکو بەوەرگێڕانی (پەتاتەخۆرەکان) توندپێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دونیای منیش خاوەنی جیاوازی خۆیەتی و لەگەلێک شوێندا بەجیا لەئێوە خاوەنی تایبەتمەندی و چوارچێوەی تایبەتی خۆیەتی. دونیای من، دونیایەکی کپ کراوەو تەواو جیاوازە لەوەی تۆ دەربارەی دونیای من دەیزانیت.

ئالێرەدا گەلی فارس کە چەند هەنگاوێک دورتر لەئێمە دەژی کە بەبێ هیچ پەردەیەک ڕوبەڕومان دەبێتەوە، لەزۆر شوێندا هەست بەشەرم دەکات و لەگەلێک شوێنیتریش هەست دەکات تاوانبارە. ئەوەی بۆ (مەریوان هەڵەبجەیی) دەبێتە جێگەی شانازیی ئەمە نیە، بەڵکوئەوەی شانازیەک بۆ مەریوان دەهێڵێتەوە ئەوەیە کە:

من دەمەوێ گەلێکت پێ بناسێنم کە تائێستا تۆ وەکو دڕندەیەک ناسیوتە، تۆ وەکو هاوڵاتی پلەسێ تەماشای دەکەیت، تۆ زۆر جاران تەنها لەبەر بەزەیی ئاورت لێ داوەتەوە، گەلێک و دونیاکانی گەلێک کە تۆ ئەوەتای لەپاڵ دەستیدا دەژیت و نایناسیت.

من هەست دەکەم پێویستە سەرجەم ئەو برا ئازیزانەی توانای وەرگێڕانی زمانی کوردییان هەیە بۆ سەر زمانی فارسی، لەئێستاوە بەچاوێکی پڕ بایەختەوە لەو کارە بڕوانن و هەوڵ بدەن دونیای ئێمە بەڕونی و ڕاستگۆیانە بەپێی سەرجەم قۆناغەکانی، بەدەرەوەی خۆی بناسێنن.■

ئایا مەترسی هێرش بۆ سەر ئێران ڕەوییەوە؟

محسن باقری نیا

و: ئاریا ئەحمەدی

ڕاست چەند ڕۆژ پاش لافاوی وێرانکەری ئەیالەتی "لویزانا" و شارەکانی "نیوورلئان"، "وکاترینا" سەرچاوە ئەمریکیەکان بەراشکاوی هەواڵی دواکەوتنی شەڕی دژ بەتیرۆریزم کەبەسپێکردنی نزیکە ڕادەگەیەنن. فەرمانداری ئەیالەتیش بەمەبەستی بەهانادا چوونی زیان لێکەوتووەکان، خوازیاری گەڕانەوەی پاسەوانانی ئەو ئەیالەتیە لەئێراقدا. هاوکات و پێش لەوکارەساتە دەسەڵاتدارانی پایەبەرزی ئێرانی لەرێبەرو سەرۆک کۆماری نوێ، تا خاتەمی و ڕەفسەنجانی بەبەیانوی زیارەت و ڕەواندنەوەی گوناە! سەردانی مەشهەدیان کرد. ئەم ڕووداوە جیا لەوەی کە جەخت لەسەر پێگەی مەشهەدو کەسی "واعظ طبسي" لەگۆڕانکارییە سیاسیەکان و دەسەڵات لەئێراندا دەکات پیشاندەری پەرۆشی زۆریشە لەلایان سەرۆکەکانی ئێرانەوە لەمەڕ دەرئەنجامی کارو کردەی ڕێبەری هەنووکەیی ئێران.

خامنەیی بەتاق و تەنیا وێڕای دژایەتی لەدەنگی تێکرای شوێندانەرانی نەریتی دەسەڵات لەئێران، لەهاشمی ڕابردو تەنانەت ئامادەو حازر نەبوو وەلایەتی، لاریجانی و قالیباف لەرواڵەتدا بەڕێوەبەری وڵات بن. ئەو بەپشتیوانی ڕاستەوخۆی (کوروو مەکتەبەکەی) و ناراستەوخۆی (شورای نیگابان، بەسیج و سپاە)، ئەحمەدی نەژادی خستە سەر کورسی دەسەڵات کەتەنانەت بەرای دۆستە نزیکەکانی حکومەتەوە شایانی ئەو جۆرە پێگەیە نەبوو، بێ گومان کۆماری ئیسلامی دەبێ تاوانێکی زۆر بۆ تێڕوانینە ڕواڵەتیەکان و توندو ڕادیکاڵبوون و بیروڕاکانی پشتیوانی بدات.

لەلایەکی دیکەوە وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگانە، گرفتی هەستەیش کە چەند ساڵێکە دەستەو یەخەی ڕژێمو دەسەڵاتداریەتی، زۆر بوو. لەچەند ساڵی ڕابردوو کە ڕەفسەنجانی لە وتارەکانی نوێژی هەینیدا ئاخافتنی لەسەر بۆمبی ئیسلامی دەکرد و پاش ئەو خامنەیی ڕێبەری ڕژێم کە مووشەکەکانی شەهابی بەسەر کردەوەو وەک پشتیوان و یاریدەری نەتەوەی زوڵملێکراوی فەلەستین ناوی دەبرد، ئا لەو کاتەدا پەروەندەی ئێران کەوتە ناو قۆناخێکی نوێدا، لەوکاتە بەدواوە پەروەندەی ئێران بەوردبینییەوە وەژێر چاودێری کەوت. لەم نێوەدا هەندێک نهێنی کاری ئێران و ئەو کرینانەی کە لەدەرەوەی گرێبەستەکانی نێو نەتەوەیی ئەنجامیدان، جێگای هیچ شک و گومانێکی نەهێشتەوە کە ئێران پێداگرانە لەهەوڵی کۆکردنەوەو ئامادە کردنی چەکی ئەتۆمی دایە. سەروشتی یەکە دوژمنی سەرەکی ئێران لەگۆڕەپانی نێونەتەوەیی، واتا ئیسرائیل کە بەکردەوە لەمەیدان دایەو بەتوانا بەرزەی کە لەبواری پروپاگەندەیدا هەیەتی، لەهەوڵ و حەوشی پێکهێنانی یەکێتیەکی نێونەتەوەیی بەدژی ئێران. ئیسرائیل لەرێگای چیاندنە گوێ و گەورە کردن و زەق کردنەوە، مەترسی توندڕەوی ئێرانی لەناوچەو جیهان ڕاگەیاند.

بەڵام ئێران بەزانیاری گەیاندنی یەک لایەنە لەنێو خۆو گرێدانی پەروەندی ناوەکی (هەستەیی) بەدەسەڵات و بەرژەوەندی نەتەوەیی، نرخێکی زۆر وە ئەستۆ دەگرێ لەدەرەوەش بەجەخت کردنەوە لەسەر ئاشتیخواز بوون و پێویست بوونی وزەی ئەتۆمی بۆ گەشەی وڵات، بۆ وتووێژو گرتنی ئیمتیاز لەهەوڵدایە ئێران تێدەکۆشێ بەراکێشانی بیروڕای وڵاتانی سەربەخۆو وەرگرتنی کات بەشێوازی جۆراوجۆر هەر چەشنە بڕیارێکی جیهانی بەدژی خۆی وەدوا بخات و لەهەڵبژاردنەکانی دیکەوە وەک خۆتێگلاندن و دەستێوەردان لەئێراق بەمەبەستی گوشار خستنە سەر ئەمریکا کەڵک وەرگرێ. بەڵام ئەمریکا چەندێکە وەخەبەر هاتووەتەوە، وادیارە سەبری لەحکومەتێکی توندڕەوو خاوەن پێشینەی پشتیوانی لەگروپە تیرۆریستەکان لێوڕێژ بووە.■



مەرزیەی فەریقی

بەتەنیا دەنگە دەمێنێتەوە....

ئەمجارەشیان پاییز بەپیری هونەرمەندێکەوە هات و بەهاری تەمەنی لێ کردە خەزان، لەمێژە باخی هونەری ئەم میللەتە شینخۆر دەبێ و بەهرەکان بەجوانەمەرگی سەر ئەنێنەوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەلێ هونەرمەندی جوانەمەرگی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوە کاک سوارە، ژیلا، کاک مارفی ئاغایی و دەیان و سەدان کەسی دیکە کە هەرگیز لەیادو بیرەوەری ناسڕدرێنەوە. ئەوا مەرزیە خانیش بەکۆچی ناوادەی خۆی بوو بەسوێی سەر سوێیان و دەردی سەر دەردان. مەرزیە خان ئەو ژنە پێشمەرگەو نیشتمان پەروەرەی کە بۆیەکەمین جار پاش بێدەنگیەکی زۆر کە بەسەر گۆرانی ئافرەتدا هاتبوو، لەپاش فەتانەی وەلیدی و شەهین تاڵەبانیدا، هاتە مەیدان و ڕچەی شکاندو بواری خۆش کردەوە بۆ ژنانی ڕۆژهەڵات. دەیان ژنی وروژاند بۆ ئەوەی بەهرەی دەنگی خۆیان نەخنکێنن و لەرکەی سینگەوە بیگوێزنەوە بۆ بیستنی گشتی.

بەڕاستی ئەم چەشنە کۆستانە خەسارەتیان دوو قاتە. لەبەر ئەوەی هەم بێدەنگ بوونی بەهرەیەکەو هەم زەمەنێکی دوورو درێژی دەوێت هەتا کەلێنەکەی پڕ بکرێتەوە، هەر چەند کەس ناتوانێ جێگەی کەس پڕ بکاتەوە، بەڵام زەمەنێکی ئەوێت بۆ ئەوەی بەهرەیەکی دیکە وەرەی دەربرین پەیدا بکات و پەروەردە بکرێت و بگاتە ئاستی شیاو.

فروغ فەرۆخزاد دەڵێ: "تەنیا دەنگە کە دەمێنێتەوە" دەنگی مەرزیە خان دەنگێکە کە بۆ تا، هەتاخۆی لەمێژووی هونەری کوردیدا تۆمار کردو بەدڵنیاییەوە بەزیندویی دەمێنێتەوەو فەلسەفەی هونەریش لەمانەوەدا، ناپەیدا دەکات. هەر بۆیە وەکو هەمیشە پەنا دەبەینە بەر ئەو ڕستەیەی وا گەلی کورد هەمیشە سەبوری خۆی پێداوەتەوە. "نامرن ئەوانەی وا لەدڵی میللەتا دەژین". بەئەرکی سەرشانی خۆم زانی بەبۆنەی کۆچی ناوادەی مەرزیە خانەوە، پرسەو سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی کاک ناسری ڕەزازی و خاتو لەیلا فەریقی و بنەماڵەی بەرێزیان و سەرجەم گەلی کوردستان بکەم. ڕۆحی شادو یادی زیندوو.■

ناهید حوسەینی

مەرزیە خانم، ئەو ژنەی گەرووی پڕاوپڕ بوو لەئاوازی رەسەنی کوردی. ڕاستە دەرنگ هاتە نێو خەمەکانی هونەری گۆرانی بەڵام لەگەڵ یەکەم هەنگاوی هونەری خۆیدا، بەڕاستی توانی هەموو تونە سیحر ئامێزەکانی خۆی، بەگوێچکەی خۆشەویستانی گۆرانیەکانی ئاشنا کات. بەمردنی ئەم ڕەنگە ئەفسانەییەش، ڕاستە هونەری کوردی زیانێکی زۆری لێکەوت بەڵام بەرهەمەکانی مەرزیە، هەمیشە ئەو ڕوبارەن لەدوای مەرگیشەوە ماناکانی وەستان نازانن.■

سامی هادی

سڵاوی پڕ هومێدی مەت پێشکەش ئەی ژنە پێشمەرگەکەی.....

قەد ناتوانم باوەر بکەم کە مەرزیە خانمی دەنگ خۆشی هەست ناسک و مێهرەبان بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێ کردبین، بەدڵنیاییەوە مەرزیە خانم یەکێک لەو شۆڕە ژنانەی گەلەکەمان بوو کە توانی شان بەشانی کاک ناسر، لەگەڵ هەموو تاڵی و ڕەنجەکانی ژیاندا وەهەروەها شۆڕشگێڕیکی بەتەواو مەعنا سەرکەوتوو بێت.

بەڕاستی بەکۆچی ئەو ژنە هونەرمەندو شۆڕشگێڕە، خەسارەتێکی گەورە لەدنیای هونەرو موزیکی کوردی کەوت کە قەد لەو باوەڕەدا نیم هیچ کەس بتوانی جێگەی پڕ بکاتەوە. بەڵام مەرزیە گیان بەڕۆشتنت، مەریوان و زرێباری بێ باوانیش بۆ هەمیشە بێ باوان بوون و هەموو ڕەشیان پۆشی و ئازیەت بارن.■

لەیلا حەسەنپوور

بڕوا ناکەم هیچ مرۆڤێک بتوانێت ئەوەی لەدڵیدایە بەرامبەر بەرووداوێک وەکو خۆی دەربڕێت. نەمزانی بەچەند ڕۆژێک پێش هاتنی وەرزی گەڵاڕێزان جوانترین و ناسکترین گەڵای هونەرمەندێکی گەورەی وەک مەرزیە دەوەرێت، کۆچی مەرزیە، کۆچی ئاوازو دەنگ و ریزبازێکی تایبەتی بوو لەهونەرو گۆرانی کوردی. مرۆڤ هەمیشە بەگۆرانییەکانی دەچووە دۆخێکی ڕۆمانسی و مرۆڤدۆستانە، چونکە مەرزیە گۆرانی بۆ مرۆڤ و بۆ ژیان و بۆ ئارامی و بۆ ئاسودەیی دەوت. بەدڵما نایەت بڵێم ماڵئاوا ئەی ناسکترین و گەورەترین ژنە هونەرمەندی کورد، چونکە تۆ ڕۆژ نیە بەگۆرانیەکانت لەڕۆحی ئێمەدا نەژیت.■

ڕەهێل عەلی

وەرگێرانێک لەزمانی زگماکەوە

وڵاتێک لە شەڕ

ڕۆبەرت کاگان

و. لە ئینگلیزییەوە/ عەزیز ڕەئووف

washingtonpost.com

گەر تۆ بە وردی عیراق بڕوانیت یاخود بە وردی چاودێری ئاژانسەکان و ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامە بکەیت دەگایتە ئەو دەرئەنجامەی کە لە عیراقدا ئەوەی دەبیسترێت و دەبینرێت هەر لەبارەی جەنگەوەیە.

عیراق لەڕابردوودا بە جەنگ دروست بوو، سەدام بە جەنگ هاتە سەر دەسەڵات و بەجەنگیش لەسەر کار لابرا. ئەوەی ئێستا لە عیراقیشدا دەگوزەرێت هەر جەنگە.



بەڵام شەڕ تاشەڕ کەوتووە. هەندێک شەڕ هەیە ڕەوایەتییەکی تێدایە. ڕوخانی سەدام بە شەڕ لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ڕادەیەک ڕەوایەتی تێدابوو، چونکە سەدام سەرکردەیەکی دژە دیموکراتی و نا لیبراڵ و کۆنزێرڤاتیف بوو.

ڕەنگە هەموان لەسەر ئەوە کۆک بین کە شەڕی سەدام پێویست بوو، بەڵام ئەوەی پرسیارە و ڕەوایەتی هەڵناگرێت ئەو جەنگە شاراوەیەیە کە ئێستا یەخەی عیراقییەکانی گرتووە، ئەو شەڕەی یاخیبوانی ئەلقائیدە و چەکدارەکانی سەدام هەڵیانگیرساندووە.

ئایا عیراق لە شەڕ قوتاری دەبێت؟ ئەمە گرنگترین و هەستیار ترین پرسیارە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر و ورد تر هەیە. من باسم کرد عیراق باکگراوندێکی دورو درێژی لەگەڵ شەڕدا هەیە، بە درێژایی دەسەڵاتە یەکلەدوایەکەکانی ئەو وڵاتە هیچ پرۆژەیەک بۆ بەدیموکراتیزەکردن و بە مەدەنیکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن دەسەڵاتدارە جیاوازەکانی عیراق لەئارادا نەبووە، بۆیە لامان سەیر نەبێت کە کەلتوری جەنگ جێی سەرجەم بنەما پێکەوە ژیانییەکانی ئەو وڵاتەدا خۆی بسەپێنێت.

بەڵام دیارترین سەپاندن و بەئاساییکردنی شەڕ لەسەردەمی زیاد لە سی ساڵی سەدام حسێن و ڕژێمەکەیدا بوو. سەدام حسێن هێندە لەگەڵ جەنگدا ڕاهاتبوو بە شەڕی هێزەکانی ناو وڵات نەدەوەستا بەڵکو شەڕی وڵاتانی دراوسێکانیشی دەکرد.

ئەم بەسانایی کردنەوەیەی شەڕ لە عیراقداکەم تا زۆر کاریگەری لەسەر نەوەکانی ئایندەی عیراق جێهێشتبوو. هەر بۆیە لامان سەیر نەبێت دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ئەم کەلتورە شەڕ ئامێزە هەر دەمێنێت و هێز و لایەنە عیراقییەکان شەڕی یەکتر دەکەن و لاوەکانی ئەو وڵاتە زۆر بە ئاسایی لە شوێنە قەرەباڵغەکانی ئەو وڵاتەدا خۆیان دەتەقێننەوە و خۆیان و بەرامبەریش دەکوژن.

پرسیار ئەوەیە ئایا عیراق دەتواندرێت لەشەڕی هێزەکانی دەربازی بێت؟ مەبەستم لە شەڕی هێزەکان ئەوەیە ئێستا ترسناکترین شەڕ کە ڕووبەڕووی هێزەکان و گروپەکانی ئەو وڵاتە دەبێتەوە شەڕی هێزو گروپەکانی ئەو وڵاتە خۆیەتی.

ئێمە بینیمان ئەمریکا بەشەڕ هاتە عیراقەوە بەڵام هەموومان و خەڵکی عیراق خۆشیان ئەوە دەزانن کە ئەمریکا دەیەوێت بە ئاشتی بچێتە دەرەوە، ئەمریکا بۆ ئەوە لە عیراقدا شەڕی کرد تاکو ئاشتی بچەسپێنێت بەڵام بەپێچەوانەوە کەوتەوە، ئەمریکا شەڕی کرد و یاخیبوانیش دەیانەوێت بەشەڕ ئەمریکییەکان ناچار بکەن وڵات جێبێڵن.

هەموو عەرەب دەزانن کە ئەمریکا بە شێوەیەکی کاتی هاتۆتە عیراق وەک چۆن لە شەڕی دووەمی جیهان چووە ئەڵمانیا و یابان و دواتر گەڕایەوە. کەچی هەمیشە پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی عیراق وەک پرۆسەیەکی ئیجابی نابینن بەڵکو هەمیشە ئەمریکا بە داگیرکار تەماشا دەکەن.

گەلانی عیراق تاوانی دەیان ساڵەی سەدامیان بیرچۆتەوە بۆیە ئێستا لەڕێی یاخی بوانەوە شەڕی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن و تەنانەت پۆلیس و ئاسایشی وڵات و خەڵکی مەدەنی وڵاتەکەی خۆیان دەکوژن.■

بۆش عیراق جێ ناهێڵێت

دانا حەمید

PUKMEDIA

سایتی Puk media ڕۆژی ٢٤ی ئەم مانگە ڕاگەیاندنێکی سەرۆک بوشی بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بە مانەوەی هێزەکانیان لە عیراق. بۆش ڕایگەیاند کە عیراق جێناهێڵێت پێش ئەوەی یارمەتی گەلی عیراق نەدات لە بنیادنانی دەوڵەتێکی دیموکراتی بەهێزدا.

گەر لەم بۆچونەی سەرۆک بوش بڕوانین دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئەمە یەکەمجار نییە بۆش باس لەوە بکات مانەوەیان لە عیراقدا پێویستە.

سەرۆک بۆش باش ئەو ڕاستییە دەزانێت گەر عیراق جێبێڵێت ئەوا ئەو وڵاتە دەبێتە لانکەی تیرۆرستان و لەوێشەوە زیان بە گەلانی عیراق و ناوچەکەو سەرجەم وڵاتانی جیهان بە زلهێزەکانیشەوە دەگەیەنن.

هاتنی مارینزە ئەمریکییەکان بۆ عیراق تەنها بۆ ئازادکردنی گەلانی عیراق نییە بەڵکو ئەوان بۆ ئەوە هاتون کە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورە جێ بەجێ بکەن و هەوڵ بدەن دەسەڵاتی وڵاتە دیکتاتۆر و تیرۆرستەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کزبکەن.

مانەوەی ئەمریکا لە عیراق زەروریەتێکی کاتییە و گەر هێزەکانی ئەمریکا عیراق جێ بێڵن ئەوا دوو ئامانجی سلبی دەبێت: یەکەم عیراق دەبێتەوە لانکەی یاخی بوان و تیرۆرستان. دووەمیش جێبەجێ کردنی پرۆژەی خۆرهەڵاتی گەورە توشی کەموکوڕی دەبێت.

گەلانی عیراق ئەو چاکەیەی سەرۆک بۆش و مارینزەکان سەبارەت بە ئازادکردنی عیراق لەدەست یاخی بوان هەرگیز فەرامۆش ناکەن. هەربۆیە گەلانی عیراق مانەوەی ئەمریکییەکان لە وڵاتدا بەهەند وەردەگرن. پێدەچێت ئەم ڕاگەیاندنەی سەرۆک بۆش سەبارەت بە مانەوەی لە عیراقدا هەر لەو سۆنگەیەوە بێت.■

سوریا هاوکاریمان ناکات

کاوە نادر

CNN.com WITH FREE VIDEO

سایتی Cnn.com لە ڕۆژی ٢٣ی ئەم مانگەدا هەواڵێکی لەسەرزاری وشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عیراقی فیدراڵدا بڵاوکردۆتەوە کە زێباری ڕایگەیاندووە لە بنەبرکردنی تیرۆرو تیرۆرستان وڵاتی سوریا هاوکاریمان ناکات.

بەو پێیەی سوریا هاوسنورە لەگەڵ عیراقدا، بۆیە چەندین جار یاخیبوان و تیرۆرستانی وڵاتە جیاجیاکانی عەرەب لە سنوری سوریاوە هاتونەتە خاکی عیراقەوە و لە شارو شارۆچکەو شوێنە جیاجیاکانی ئەم وڵاتەدا چالاکییە خۆکوژییەکانیان ئەنجام داوە. زۆربەی یاخیبوان لەسوریاوە دزە دەکەنە خاکی عیراقەوە و سنورەکانی ئەو وڵاتە بەکاردێنن کەچی حکومەتی سوریا بە ڕاگەیاندن چەندینجار بەڵێنی هاوکارییان بە بەرپرسانی عیراقداوە کەچی بە ئەمری واقیع تاکو ئێستا هاوکاری ناکات.

دوێنێ هوشیار زێباری بە شێوەیەکی فەرمی سوریای تاوانبارکرد بەوەی کە هاوکاری عیراق ناکات و بێدەنگە بەرامبەر دزەکردنی یاخی بوان بۆ ناو ئەو وڵاتە.ئەمەش بە ئاشکرا ناکۆکە لەگەڵ بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بەوەی کە دەوڵەتان دەبێت پابەند بن بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە پاراستنی سنورەکانی یەکتر. لەو بارەیەوە زێباری وتی " ئێمە زۆر باش ئەوە دەزانین کە سوریا پابەندبوونی بڕیارەکان پەیڕەو ناکات و ڕێز لە سیادەی خەڵکی عیراق ناگرێت ".

وڵاتانی دراوسێی عیراق لەسەروی هەموانەوە سوریا بە ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی بەرپرسانی باڵا باس لەوە دەکات کە هەرگیز ڕێگە نادات کە تیرۆرستا لەو سنورانەوە بێنە ناوخاکی عیراقەوە بەڵام بەکردەوە جێ بەجێ ی ناکەن.■

ئێران و چەکی ئەتۆمی

سەردەشت حەمە ساڵح

Associated Press

ئاژانسی (Associated Press) لەڕۆژی ٢٢ی ئەم مانگە ڕاگەیاندنێکی (ئەحمەدی نەژاد)ی بڵاو کردۆتەوە کەئێران سورە لەبەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی و نەژاد ڕایگەیاند: کەهەر کەس بیەوێت دەست بخاتە کاروباری ئێرانەوە بەچەکو ئاگر وەڵامی دەدەینەوە.

دوای هەڵبژاردنەکانی ئێران هاوکێشەکە ئاڵۆز بوو، ئەو ئێرانەی خەریک بوو بەرەو ڕیفۆرم بڕوات، بەڵام کەنەژاد هەڵبژێردرا، گورج دڵی چاوەڕوانکەرانی باشبونی ئێرانی توشی شۆک کرد، چونکە ئەحمەدی نەژاد کابرایەکی توندڕەوە، هەر بەهاتنە سەر حوکمی خێراتر لەجاران دەسەڵاتی عەسکەری بەهێز بوو، ئێران هەلی عێراقی قۆستۆتەوەو ئەمریکای بینیوە لەگۆڕەپانەکەدا، ئەو ترسەی جارانی بەرامبەر بەئەمریکا هەیبوو زۆرکەم بۆتەوە، هەر لەقسەکانیدا وا دەردەکەوێت، کەوتویەتی: ئەوەی دەست بخاتە کاروباری ئێرانەوە، بەچەک و ئاگر وەڵامی دەدەینەوە، ئەمە قسەو باسگەلێکی زۆر هەڵدەگرێت، ڕەنگە وڵاتانی دژی ئەتۆمی ئێران هەڵوێست وەربگرن، لەسەر ئەو جۆرە قسانە کە بەرگی هێرشکردنی لەبەردایە، ئێرانیش وڵاتێکە نایەوێت خۆی لەهیچ یەکێک لەوڵاتە زلهێزەکانی جیهان بەکەمتر بزانێت، بۆیە ململانێکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، ئێرانی ئێستا توندڕەوترە لەجاران، بەڵکو ئێستاش بەهێزترە لەجاران بۆیە زیاتر بێ ترس و بێ هیچ حسابکردنێک بۆ دژانی، لەسەر ڕێچکەی بەروەدان بەئەتۆمی، خۆی ئامادەیەو ڕەنگە وڵاتانی دژایەتیکەری ئێران ئەگەر لەسەر ئەم لێدوانەی ئەحمەدی نەژاد، بێدەنگ بن، ئەوا زیاتر بەردەوام و بەرەو دەدەن بەپرۆژەی ئەتۆمی و لەڕووی مەعنەویشەوە شوولی لێهەڵبکێشن.■

دلێمی وەسفی پێشمەرگە دەکات

کامەران ساڵەیی/ کەرکوک

ڕۆژنامەی ئەلمتەقبەل ڕۆژی ٢٣ی ئەم مانگە هەواڵی ئەوەی بڵاوکردۆتەوە کە سەعدون دلێمی وەزیری بەرگری عیراق سەردانی باکوری عیراقی کردووە و بەرپرسەکانی کوردی لە باکور بینیوە و پێی وتوون کە پێشمەرگە میلیشیا نییە و هێزێکی نیزامییە.

پێشمەرگە ئەو هێزە شۆڕشگێرییە کە لە دوای ساڵی ١٩٦١ەوە وەک هێزێکی جوانی کۆمەڵگەی کوردی و عیراقی زۆر لە خۆبوردوانە بەشداری ڕوخانی ڕژێمە یەک لەدوایەکەکانی عیراقی کردووە بە تایبەت ڕژێمی سەدامی دیکتاتۆر. پێشمەرگە ئەو هێزەیە کە بەتایبەت لە دوای شەڕی کەنداوو ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ەوە لەباکوری عیراق هەوڵی پاراستنی ئەو ناوچەیە دەدەن و ڕۆڵیان هەیە لە پاراستنی حکومەتی دیموکراتی گەلی کورددا لە چوارچێوەی خاکی عیراقدا.

المستقبل AL-MUSTAQBAL

گەر بەوردی لە بۆچونی سەرکردە عیراقییەکان بەتایبەت هێزە سونەکان لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا بڕوانین هەست بەو ڕاستییە دەکەین کە ئەوە بۆیەکەمینجارە بەرپرسێکی عەرەبی عیراقی بەئاشکرا وەسفی پێشمەرگە بکات و بە هێزێکی نیزامی و غەیرە میلیشیا ناوزەندی بکات.

وەسفکردنی پێشمەرگە لەلایەن بەرپرسە عیراقییەکانەوە لەو سۆنگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێشمەرگە ڕۆڵی کاری هەبووە لە پاراستنی شارو شارۆچکەکانی عیراق بەتایبەت لە موسڵ وکەرکوک. ئەوەی لەم ڕاگەیاندنەی دلێمییەوە هەست پێدەکەین ئەوەیە کە پێشمەرگە بۆتە هێزێکی جوانی کۆمەڵگە و سەبارت بە عیراقیش بۆتە ئەمری واقیع.■

ئەوە بۆیەکەمینجارە بەرپرسێکی عەرەبی عیراقی بەئاشکرا وەسفی پێشمەرگە بکات و بە هێزێکی نیزامی و غەیرە میلیشیا ناوزەندی بکات

عیراق بەرەو شەڕی ناوخۆ

سیمۆن تیسداڵ

لێکدانەوەی: ئاوێر بەختیار

Guardian

ڕاگەیاندنەکەی ئەبوو موسعەب زەرقاوی بۆ شەڕکردن دژ بە شیعەکان بە تەواوی ترس و نیگەرانی خستوەتە نێوان عیراقییەکانەوە . عیراقییەکان لەوەدەترسن کە ئەوە سەرەتایەک بێت بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتەدا.

دوابەدوای ڕاگەیاندنەکەی زەرقاوی تەقینەوەیەک لە ناو کرێکارەکانی شارۆچکەی تاجی باکوری عیراقدا ڕوویدا و هێندەی تر بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە ڕوون بۆوە کە عیراق خۆی لەبەردەم ناکۆکی و دوبەرەکی گروپو هێزە جیاوازەکاندا دەبینێتەوە، بەتایبەت سوننە و شیعەکان.

بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە سەرکردە شیعەکان زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا دەکەن و هەرچۆنێک بێت هەوڵ دەدەن نەخزێنە ناو شەڕی ناوخۆوە لەگەڵ یاخیبواندا کە لە سوننەکانی ئەو وڵاتە پێکهاتوون.

سیمۆن تیسداڵ، لەدوورەوە دوربینی (گوایە!) شەڕی ناوخۆ لەعێراقدا دەکات. گوایە.. سوننیگەرا شەڕەکەی فرۆشتوەو شیعەگەرا لێیان ناکرن.

قسەیەکی سەیرە! شەڕی ناوخۆ هەر ئێستا لەعێراقدا ڕوویداوە، بەڵام شەڕێکی ناوخۆ کەهەم سوننیگەراکان تەنها بەم شێوەیە دەتوانن بیقەومێنن؛ هەم شیعەگەراش تەنها بەم شێوەیە دەتوانن وەڵام بدەنەوە، یان پەلامار بدەن.

لەعێراقدا.. هاوپەیمانی هەبێ. سوپایەکی بەهێزی تۆکمە هەبێ. نوێترین چەشنی فڕۆکەو زرێپۆش هەبێت. هێزە چەکدارەکانی شیعەگەراو سوننیگەراش جگەلە هەندێ چەک کەتەنها بۆ تیرۆرو تێکدان باش بەکاردێنن، جگەلەو چەکانەیان نەبێت.. هیچی دیکەیان نییە شەڕی بەرەیی فراوانی ناوخۆ بکەن. بۆیە لەدۆخێکی سیاسی و عەسکەری ئاوەهادا، شەڕی ناوخۆ تەنها بەم شێوەیە دەکرێت.. کەلەعێراقدا کراوە. ڕێگەی دیکە نییە، ئەم ڕێگە شەڕە ناوخۆیە، نەخشەیەکی وردی بەدواوەیەو دەوڵەتانی ئیقلیمیش قاڵبەکەیان دارشتووە. ئەم شەڕە، ڕۆژانە ڕوودەدات. ڕۆژانە دەکوژن و دەنێژن و تێک و پێک دەدەن. درێژیش دەخایەنێت. ئاسایش دەشێوێنێت. خەڵک وەڕس و ئابوری داغان دەکات. پەیوەندی نێو دەوڵەتی لاوازو متمانەی دیپلۆماسی کەم دەکاتەوە. داووەزگاکان هەڵدەوەشێنێتەوەو دزی و بەرتیل و گەندەڵی.. فراوان دەبێت.. هەر ئەو ئامانجانەش.. ئامانجی ئاشکراو نهێنی تیرۆرو شەڕی ناوخۆو ئیسلامگەراکانە.. کەدەیانەوێت دەسەڵات قۆرخ بکەن و مەزهەبێکیش بسەپێنن!■

عیراق پارچە پارچە دەبێت

جەمیلی قادری/ هەولێر

الوطن AL-WATAN

ڕۆژنامەی ئەلوەتەنی سعودیە ڕۆژی ٢٣ی ئەم مانگە لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەوە بڵاوی کردۆتەوەکە عیراق بەرەو پارچەپارچەبوون دەچێت. سعود ئەلفەیسەڵ وەزیری دەرەوەی عەرەبستانی سعودی ڕایگەیاند کە کوردەکان لە باکوری عیراق جیا دەبنەوە و ئێران و تورکیاش دژ بەو جیابونەوەیەن و ڕەنگە خوێن بڕژێت.

کوردەکانی عیراق ئێستا لە بەرزترین پایەی دەسەڵاتدان و هیچ سەردەمێک هێندەی ئێستا کوردەکان لە عیراقدا خاوەن پۆستی باڵا نەبوونە. هەر بۆیە گەر کوردەکان لە عیراق جیاببنەوە ئەوا مایەی شەرم نییە و لە ساڵی ١٩٩١ەوە سەرکردەکانی کورد دەیانتوانی ئەو دروشمە هەڵبگرن و خەباتیشی بۆبکەن.

بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کوردی زۆر وریایە سەبارەت بەو مەسەلەیەو دەزانن لە ناوچەکەدا جارێ دەوڵەتی کوردی مەحاڵە هەربۆیە ئەوان داوای فیدراڵی دەکەن لە چوارچێوەی عیراقدا و هەوڵیاندا ئەو سیستەمە لە دەستوری هەمیشەیی ئەو وڵاتە جێ بکەنەوە.

دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی خەونی هەموو کوردێکە بەڵام گەلی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی باش ئەو ڕاستییە دەزانن کە جیاوازی گەورە لە نێوان خەون و واقیعدا هەیە بۆیە گەربیانەوێ سەربەخۆش بن ئەوا لە ئایندەدا خەباتی بۆ دەکەن. خەباتی سیاسی هەرگیز بە حەماس و توندڕەوی ناکرێت بەڵکو دەبێت زۆر بە وردی و وردەوردە مافەکانمان لە دەستوردا بچەسپێنین.■

دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی خەونی هەموو کوردێکە بەڵام گەلی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی باش ئەو ڕاستییە دەزانن کە جیاوازی گەورە لە نێوان خەون و واقیعدا هەیە

بنەماخوازان

یونس شوکرخاه

و. لەفارسیەوە: ئازاد بەهین

بەشی دووەم و کۆتایی

بنەماخوازی ڕوسی

بنەماخوازانی ڕووسیە بەواتایەکی تریش دەناسرێن، ناوی تری بنەماخوازانی ڕووسیە بەتایبەت ئەڵقەگەلێک کەلەدەقەری زمانناسی و ئەدەبیاتدا هاتە ئەو بوارەوە شێوە خوازانی ڕوسی یان هەر ئەو فۆرمالیزمی ڕووسییە، فۆرمالیزمی ڕووسی کە لەماوەی ساڵەکانی ١٩٤٥-١٩٦٥ داگەشەی کرد، لەسێ قۆناغ تێپەڕیوە.

١-ڕوانگەی میکانیکی لەئاست زماندا.

٢-ڕوانگەی ئۆرگانیک لەسەر بنەمای ئەدەبیات وەکو ئۆرگانیزمی پێکهاتە لەبەشە پێکەوە لکاوەکان.

٣-ڕوانگەی سیستماتیک بەواتای پەزیرشی ئەدەبیات وەک سیستمێک، لەڕوانگەی بنەماخوازانی ڕووسییەوە، فۆرم (form) ڕێکخراوی مادە لەپێشدا جوان کراوە، ئەوان باوەڕیان وایە وشەکان تەنیا لەحاڵەتی شیعرو پەخشاندا نین، بەڵکو لەلایەن ئەو شتانە، کەدەڕژێتە ناوی، ڕەنگ ئامێزی دەکرێن، ئەوان دەق بەیەکبوونێکی دژوارو ئاڵۆز لەبەشەکان (parts) دەزانن و پەیوەندی ئەم بەشانە لەگەڵ یەکتر لێدەدەنەوە لەم ڕوانگەیەوە دەق بەرهەمی سیستمە نە تاک، کەواتە دەبێ نوسەر وەلا بنرێ.

دریدا

میخائیل باختین (Mikhail baktin) لەگەورەترین تیۆری سازانی ئەدەبی سەدەی بیستەم لەگەڵ پشت بەستن بەبنەماخوازی، گرینگییەکی وەکو ڕۆمانی وتوێژی، ئاوازو قسەو باسەکانی ڕۆمان نووسانەی هێنایە ناو بواری ئەدەبیاتەوە و بەپشت بەستن بەئەندێشەی بەنەماخوازی ئەم چەمکانەی کردە کەرەسەگەلێک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی.

بەبۆچوونی باختین "وتوێژەکانی ڕۆمان نووسانە"دەبێ بەشوێنێکی بزۆز دابنرێ کەهاوشێوەی گوتەی پەیوەندی بەو ڕوانگەی زمانناسانە نییە بەڵکو لەوەدا موبادلەو وتوێژ ڕوودەدات، زمان لەڕوانگەی باختینەوە شوێنی بەیەک گەیشتنی مانایەک نییە بەڵکو شوێنی بەیەک گەیشتنی چەند مانایە.

بەهەرشێوە، بنەماخوازانی ڕووسیە چەمک گەلێکیان بۆ تیۆری ئەدەبی بەدیاری هێنا کەگرینگترینیان بەم شێوەیە:

١-ئەوان کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکان لەئاست دەقدا بەباسێکی پەراوێزی پێناسەیان کرد.

٢-یاساکانی سەبارەت بەفۆرمو ناوەڕۆکیان بەهێز کرد.

٣-مێژووی ئەدەبی و بزاڤی ژانێرە ئەدەبیەکان بەبزۆزیەکی دەروونی لەقەڵەمیان دا.

٤-ئەوان کەرەسەگەلێکی گرنگیان خستە خزمەت ڕەخنەی شێوەیی و هەروەها ئیمکانی ڕەخنەی چۆنیەتەکانی چیرۆک بێژیان ئامادەکرد، هەڵبەت باسکردنی ئەم خاڵە پێویستە کەقوتابخانەی باختین توخمی شێوەخوازی لەگەڵ مارکسیزم تێکەڵاوکرد.

ئەم ڕێبازە تا ئەو جێگایەی کەبایەخی بەپێکهاتەی زمانناسیی، دەقی ئەدەبی دەدا، شێوەخوازا بوو و لەو جێگایەی کەزمانی لەئایدیۆلۆژی بەجیا نەدەدی، مارکسیزمانە هەڵسوکەوتی دەکرد.

بەهەرشێوەیەک ئامانجی بنەماخوازی ڕووسی ئاشکراکردنی دیاردەکانی ڕواڵەتی بەرهەمی هونەری، خستە پەراوێزی ژیانی هونەرمەند، سنوردار پێناسەکردنی بەرهەمی گەورەو ڕاگەیاندنی ئەم خاڵەیە کەهونەرەکان و بەرهەمە گەورەکان چەشنێک ناوەڕۆکی جیهانیان هەیە.

بنەماخوازی لەسەر بنەمای گێڕانەوەناسی

بنەماخوازی لەسەر بنەمای گێڕانەوەناسی (narratology) پێش خەری دەدا بەبابەتە ئەدەبیەکان و لەسەر جەوهەرو ناوەڕۆکی (کەپەیوەندی بەمانا ناسییەوە دەبێ) بەپێش کەوتنی دەزانێ.

پەیڕەوانی ئەم ڕوانگەیە کە لەوتوێژگەلێک ئەدوێن کەهەرئەوگێڕانەوەیەولەماوەی چیرۆکدا، خۆی بڵاوو ئاشکرا دەکات.

بەهەرحاڵ، سەرکەوتنی گریمانەیەک کەزمانی بەسیستمێک لەسەر بنەمای جیاوازی (difeerence) دەزانی و هەروەها ڕای لیڤی شتراوس کە فەرهەنگی بەزمان دانا بوو بوو بەهۆی ئەوەی کەرەخنەگرانی لایەنگری بنەماخوازی دەست بەکارین، ئەوان ئەو باسانەی کەپەیوەندی بە "ژرف ساخت" وە بوو هێنایانە ناو بواری چیرۆکەوەو بەم شێوەیە بووکە کاری شتراوسیان هەنگاوێک بەرەو پێشترەوە، ئەوان کوتیان چیرۆکەکانیش وەکو زمان، ژرف ساختیان هەیەو هەر بەو جۆرەی کەزمان خاوەنی ژرف ساختە چیرۆکەکانیش ئەم تایبەمەندییەیان هەیە.

ڕەخنەگرانی بنەماخواز دیاریان کرد، هەر بەوشێوەیەی کەرستەکان لەژێر (پێکهاتەی گرامری) دەنوسرێن، ئەدەبیاتیش پێکهاتەیەکی شاراوەی هەیەو بەم شێوەیە بووکە گێڕانەوەناسی هاتە ناو دونیای ئەدەبیاتەوە.

ڕەخنەگرانی بنەماخواز لەنێوان ئەدەبیات و هەموو شکڵە نووسینەکانی تر جیاوازییەک دانانێن و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا لەنێوان ئەدەبیاتی "باش" و "خراپەش" دابەها دانانێن.

بەڵام گێڕانەوە (narrative) چییە؟

تزوێتان تودۆرف (tzvetzn todorof) ی بولغاری، تیۆرسازی بەرەستەی بنەماخوازکە لەژێرکارتێکەری ئەندێشەکانی شێوەخوازانی ڕووسیە دایە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە لێکدانەوەی پێکهاتەیی، شکڵ و نیگاری بابەتی ئەدەبی لەسەر جەوهەری ناوەڕۆک ٠ کە بەمانا ناسییەوە دەلکێ - پێش خەری هەیە.

تودۆرف دەڵێ تەنانەت سادەترین گێڕانەوەش هاوسەنگییەکی هەیە، هاوسەنگیەک کەبەگۆڕانێک دەخولقێ و بۆ خۆشی دەبێتە هاوسەنگییەکی تر، بۆ نموونە، شا بەسەر نیشتمان دەسەڵاتداری دەکرد، "مەکبێس" شا دەکوژێ و دواتر بۆخۆشی دەکوژرێ، یان نموونەیەکی سینەمایی: "بەتمەن" (batman) پنگوئن شکست ئەدات، شاری گوتام (gotham) ئارام دەبێتەوە، گروپێک لەئارام خوازانی ئینگلیزی بەشەمشەمە کوێرەیەک بڵاوەبنەوە ئەو دەکوژرێ و ئەوان دەگەڕێنەوە سەر ژیانی خۆیان.

کریستیڤا

لەڕوانگەی تودۆرفەوە ئەمە پێکهاتەیەکە کەهەموو چیرۆکەکان دەبێ پەیڕەوی لێبکەن و بنەماخوازان بەدوای داهێنانیەوە بوون، ڕەخنەگرانی بنەماخواز هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ئاماژە بەجیاوازییەکی تریش دەکەن، وتوێژو چیرۆک:

وتوێژەکان (discourse) هەر ئەو گێڕانەوەیە کە لەکاتی خوێندنەوەی کتێبێک یان دیتنی فیلمێک خۆی دەنوێنێ.

ڕوداوی ڕاستەقینە (چیرۆک) (story) ڕیکییەکە، کەئەگەر ڕووداوەکان و واقعی ببان دەبوو هەر بەو ڕیکییە ڕوویان بدابا.

لەکاتێکدا ئەم دوانە پێکەوە جیاوازیان دەبێ و ئەوە لەکاتێکدایە کە لەگەڵ (فلاش باک) بەرەو ڕووین، نموونەیەک بۆ وتوێژەکان و نموونەیەک بۆ ڕوداوەکان یارمەتی بەتێگەیشتنی ئەم بابەتە دەکات.

وتوێژەکان: ژن مێردەکەی خۆی دەکوژێ، فلاش باک نیشانمان دەدا کەمێردەکەی چەندە ئەو ژنەی ئازار داوە، پۆلیس ژنەکە دەگرێ.

ڕووداو: پیاو لەگەڵ ژنەکە خراپ ڕەفتاری دەکا، ژنەکە مێردەکەی دەکوژێ و پۆلیس ژنەکە دەگرێ.

کەواتە هەربۆیە لەڕوانگەی بنەماخوازانەوە، وتوێژەکان ئەو شتانەیە کە دەیانبینین و دەیانخوێنینەوە، بەڵام فلاش باک (flashback) کارێکی سروشتی نیە (لەبەرئەوەی کەرێکی ڕوودانی ڕووداوەکان لێک ئەدات) بەڵام ئێمە دەمانەوێ لەبەرئەوەی کەپێیەکی نەگۆڕو لەتوخمەکانی پێشوونی وتوێژەکانە.

بەم شێوەیە بنەماخوازی بەباشی تیشک دەداتە سەر ئیستراتیژیەکانی پێکهاتەی چیرۆکەکان، لەسەر ئیستراتیژی گەلێک کەئێمە وەکو بیسەر بەکارێکی ئاسایی ووەرگیراوی دەزانین کەواتە دەتوانرێ بوترێ: تەنانەت چیرۆکە زۆر ساکارەکانیش پێکهاتە گەلێکی ئاڵۆزیان هەیە.

بنەماخوازی لەسەر ڕەخنەی مارکسیستی

ئەندێشەی بنەماخواز لەڕەخنەیی مارکسیستی دا (Marxist criticism) هاوخۆیی بەرۆخ دەکێشێ لەڕەخنەی مارکسیستی یان ئەندێشەی ڕەخنەیی مارکسیستیدا، دۆخی حوکمی ژێر ساختی هەیەو یان بەواتایەکی باشتر هەر ئەو ژرف ساختەیەو ئەمە لەکاتێکدایە کە لەم ئەندێشەیەدا، ئەدەبیات و فەرهەنگ حوکمی ڕووساختیان هەیە.

هەڵبەت هێندێک لەمارکسیستەکان باوەڕیان وایە کەڕوو ساخت دەتوانێ سەربەخۆ کار لە "ژێر ساخت" بکات. نموونەیەک کەلەم بوارەدا نیشانی دەدەن ئەوەیە کەئایدیۆلۆژی ڕەگەزپەرستانە لەدوای تەواوبوون سیستمی ئابوری لەسەر بنەمای کۆیلایەتیش دوبارە خۆڕادەگرێ کەواتە ڕوو ساخت، دەتوانێ بێ ژێر ساختیش بمێنێتەوە.

بنەماخوازی لەڕەخنەی دەروونناسانەدا

پەیڕەوانی ئەندێشەی ڕەخنەی دەروونناسانە (psychoanalytic criticism) گرێ و لکی ئەدیبیان هەر بەو ژرف ساختە دەزانن و هەندێکیش وەکو یۆنگ لەسەر ئەم باوەڕەن کەدەست گەیشتن بەناخودئاگا دەبێتە ڕۆیا و هەلومەرجی گۆڕاوی ڕاستەقینە (کە ئەمەش چەشنێک ژێر ساختە).

ئەوان دەڵێن هەر کەسێک کەگرفتی هەیە خاوەنی گرێ و لکی چارەسەر نەبووی ئەدیب و یان لک و گرێی خراپ چارەسەر بووی ئەدیپە (وەکو هۆملێت کە دەیهەوێ لەگەڵ دایکی بخەوێ) ئەم بیرکردنەوەیە هەڵبەت بە شێوەیەکی توند سەر بەدەستەواژەکانی "زیگمۆند فرۆید" وەکو "شەخس" یان نووسەری نەخۆشە.

بنەماخوازی لەسەر بنمای تیۆری هاوەدەنگی گشتی

(consenus theory)

بنەماخوازی لەسەر بنەمای تیۆری هاوەدەنگی گشتی پێکهاتەکان بەچەشنێک نیشان دەدا کەکۆمەڵگاو تاک لەپاڵ یەکتردا دەپارێزێ و بەشێوەیەکی خێرخوازانە لەپاڵ یەکتردا ڕایان دەگرێ، ڕۆڵ خوازی یان کارکرد خوازی یەکێک لەچەشنە تیۆریەکانی هاوەدەنگی گشتییە کە لەناو بنەماخوازیدا جێی هەیە بیرۆکەی تیۆرسازانی گەورەی بواری هاوەدەنگی گشتی وەکو ئەمیل دوورکهایم (١٩١٨-١٨٥٨) و یان تاکلۆت بارسۆمز (١٩٧٩-١٩٠٢) هێشتاباوە لەڕوانگەی ئەوانەوە کۆمەڵگا سیستمێکە کە بەهاکەی زیاتر لەئاپۆرەکەیەتی و سەربەخۆشە.

لەڕوانگەی تیۆری هاوەدەنگی گشتییەوە نیهادەکان وەدیار دەکەون، چونکە ئەمە پێویستی خەڵکە، ناوەندەکان لەلایەکی ترەوە هێزێکی ناو کۆمەڵگەن کەشکڵ و نەزمی پێدەدەن. ئەم ناوەندانە ئایین، ئەخلاق دابەش کردنی ماڵ و کار لەخۆدەگرن، پەیڕەوانی ئەم تیۆریە لەسەر ئەو باوەڕەن کەکۆمەڵگای ئاڵۆزو دژوارتر، ناوەندگەلێکی ئاڵۆزو دژواریشیان هەیە، ناوەندەکان و تاک و کردەوەکانیان لەخزمەت کارکردەکانی ناو کۆمەڵگایەکە تا بارودۆخی هەنووکەیی بپارێزرێ وەک ڕەسەنەکان کەسیستمی چینایەتی کۆمەڵگا بەپێویست و بێ لادان لەقەڵەم دەدەن و ئەمە لەبیرکردنەوەی کارکردگەرایان دا کارێکی سروشتییە.

بنەماخوازی لەسەر بنەمای تیۆری ناتەبایی

بەڵام ئەندێشەی بنەماخوازی لەسەر ئەساسی تیۆری کێشمەکێش بنەچەی هەیە لەتوێژینەوەکانی سەرکوت و دەسەڵاتداو هەروەها ئەگەڕێتەوە سەر بەرهەمی کارل مارکس، هەڵبەت ڕوانگەیەکی نوێی تر وەکو ماکس وێبر، فێمینیزم، دەسەڵاتی ڕەش، وڕوانگە نیومارکسیستەکان و نیوڤێبەرییەکانیش کاریگەرییان لەسەر ئەو بووە ئەو قۆناغەی کەکارل مارکس گەڵاڵەی کرد (کۆیلایەتی، فیودالیزم، سەرمایەداری، سووسیالیزم و کۆمۆنیزم) دەرئەنجام بەگۆڕانی شۆڕشی سەرمایەداری لەگەڵ سوسیالیزم بەرەو ڕووەبێ باسی سەبارەت بەچینی حاکم، چینی مەحکوم، پرۆلیتاریا، سەرمایەدار، سەرمایەداری کە هەمووشتێکی هەیەو پرۆلیتارایایەک کەجیالەزنجیری کۆیلایتی شتێکی بۆ لەدەست دان نییە، هەموو بۆنی ناتەبایی دەدا. دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیەکی چینی حاکم، (گرامشی) ئەخلاقی کارپروتستانی (ماکس ڤێبەر) و خەڵک سالاری لەبەرچاو و سەرنجی هەموو بزوتنەوە فێمینیزمەکان بریتی لە : ڕادیکاڵ، سوسیالیست، لیبراڵ و، مارکسیست ڕەهەند گەلێکی ترن لەتیۆری ناتەبایی دا کەڕۆڵی پێکهاتەکان لەناوەندا دەدەنە بەر سەرنج.■

تودۆرۆڤ

امیل دورکهایم (١٨٥٨ - ١٩١٧) ، باوکی کۆمەڵناسی

وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە: بارین بابان

امیل دورکهایم لەخێزانێکی جولەکە ساڵی ١٨٥٨ لەشاری (ئەبنیاڵ)ی ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا لەدایک بوو، خێزانکەی ئەوەیان دەخواست کەببێتە یەکێک لەپیاوە ئاینییەکانی جولەکە، چونکە هەر لەمنداڵیەوە زیرەکی و بەهرەیەکی ئەوتۆی هەبوو، کەچ خێزانەکەی وەچ خەڵکی دەوروبەرو هاوتەمەنەکانی پێی سەرسام بون، بەڵام سەیر ئەوەیە کەئەوەی خێزانەکەی دەیانخواست بەهیچ شێوەیەک خەون و ویستی ئەو نەبوو، ئەوەی ئەوان دەیانخواست بەدرێژایی ژیانی دورکهایم فەرامۆشکراو ڕووەو ونبون چوو.

شەڕی نێوان فەرەنساو پروسیای ئەوکاتە، کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر هزرو مەغزای دورکهایم بەجێهێشت، کەزۆربەی کەسەکان لەو بڕوایەدان کەدورکهایم ئەوە پاڵی پێوەناکەلایەنی ئاینی فەرامۆش کات و کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی ئەوکاتەی نێوان فەرەنساو پروسیا پاڵنەرێکی گەورەی ئەوە بوون کەلایەنی کۆمەڵایەتی (ئەوکات) ئێجگار بەهەند وەربگرێ کەدواجار ناونرا بەدامەزرێنەرو باوکی کۆمەڵناسی.



امیل دورکهایم

دورکهایم ناونرا بەسەرکردەی کۆمەڵناسی فەرەنسا، بوو بەیەکێک لەدیارترین کەس لەبزوتنەوەی زانستی کۆمەڵناسیدا لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم.

دورکهایم ماوەی خوێندکارێتی خۆی لەسەر دەستی (ڤاگنەر، شمولەر، فۆنت) کۆتایی پێهێنا کەلای ئەوان بەزانستی ئابوری ئەنترۆپۆلۆجی (مرۆڤ ناسی) و کەلەپورو هەندێ بابەتی دیکەی کۆمەڵایەتی قوڵ بۆوە. کە دەوترێ (قوتابخانەی فەرەنسا بۆ کۆمەڵناسی، بەسەرۆکایەتی دورکهایم)، ئەم قوتابخانەیە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ قوتابخانەکانی پێشوو و ئەوەی بەریتانیاش، بۆیە بەریتانیاش چونکە ڕەخنەو وەڵامدانەوەیەکی توند بوو بۆ سەر تیۆرو بۆچونەکانی هربرت سبنسر دونیایەک تەواوکاری و تەواوکردنی بواری لێکۆڵینەوەکانی ئەوی تەواو کرد، پاشان ئاڕاستەی قوتابخانەکەی بەرەو (الوچعیە الصحیە) برد کەتیایدا جەختی دەکردەوە لەسەر سەربەخۆیی بونی کۆمەڵناسی و تایبەت خوێندنی دیاردە کۆمەلایەتیەکان (القواهر الاجتماعیە) و پاشان تیایدا سنوری خوێندن و چوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسی دیاریکردو تیۆرو گریمانەی نوێی (بۆ ئەوکات) پێشکەش کرد.

لەدوای مردنی (ئۆکسست کۆنت)ەوە (١٧٩٨-١٨٥٧) کەس لەبیرمەندانی کۆمەڵناسی پابەند نەبوو بەدیاریکردن و سنوری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیەوە، سەربەخۆیی زانست کۆمەڵناسی لەپرۆژەی کەسدا نەبوو، ئەو قوتابخانانەی کەپێش ئەم هەبوون:

١-قوتابخانەی کۆمەڵایەتی - بایۆلۆژی، بەسەرۆکایەتی فەیلەسوفی ئینگلیزی (هربرت سبنسر).

٢-قوتابخانەی ماتریالی مێژوویی بەسەرۆکایەتی فەیلەسوفی ئەڵمانی (کارل مارکس).

٣-قوتابخنەی جوگرافی - کۆمەڵایەتی، بەسەرۆکایەتی (برۆن) و (میشیلیە).

٤-قوتابخانەی دەرونناسی کۆمەڵایەتی بەسەرۆکایەتی (تاردۆ غۆستاف لوبون)

٥-قوتابخانەی ئەتنۆلۆجی - کۆمەڵایەتی، یاخود لێکۆڵینەوە لەکۆمەڵە جیاوازەکان زۆر بەی بیرمەندانی کۆمەڵناسی لەو بڕوایەدان کە امیل دورکهایم Emile Durkheim باوک و دامەزرێنەری کۆمەڵناسی هاوچەرخە، چونکە گەورەترین هاوکار بووە بۆ دەستنیشانکردنی بابەتەکانی کۆمەڵناسی، پاشان دانانی ڕێبازو پێوەرو ڕێسای تایبەت بۆ ئەم زانستە کە کردویە بەزانستێکی سەربەخۆی فرە پەل. ژیانی زانکۆیی ئەم فەیلەسوفە کۆمەڵناسە لەزانکۆی (بۆردۆ) وە دەستپێدەکات، پاشان دەیگوازێتەوە بۆ زانکۆی (سۆربۆن) لەپاریسی فەرەنسا، دورکهایم لەسەرەتادا کاریگەرییەکی زۆری بەفەیلەسوفە کلاسیکیەکانی فەرەنسا هەبووە کە گەیشتۆتە ڕادەی سەرسامی پێیان، لەنمونەی ئەوانەش جان جاک ڕۆسۆ، هێنری سان سیمون، ئۆگست کۆنت، کارەکانی دورکهایم بەو دژو دژوارییە دەناسرێوە کەبەرامبەر مەزهەبی (المنفعە التقلیدی) هەیبوو کە لەشانسینی یەگرتوی بەریتانیا سەری هەڵدا، کەتیایدا دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاڤەکرد لەمیانەی تێگەیشتنی خۆی بۆ کردەکانی تاک و پاڵنەرەکانی تاک، دواجار جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەمیتۆدی کۆمەڵایەتییە کەدەتوانێ بەتەنها مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵدا بکات.

لەکارە هەرە سەرەکیەکانی دورکهایم (پێڕی دابەشکردنی کار لەکۆمەڵدا) کە لەساڵی ١٨٩٣ نوسیوە، تێیدا گفتوگۆی ئەوە دەهێنێتە ئاراوە لەمەڕ بەربەرچدانەوەی بۆچونەکەی هربرت سبنسری بەریتانی کەدەڵێت پێڕۆی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵە پیشەسازییەکاندا ناتوانێ بەشێوەیەکی گونجاو تەفسیری پاڵنەرو بەرژەوەندییەکانی تاک بکات و ئەو پێڕۆیەی لێوە بەرهەم بهێنێ، پێشی وایە کەرەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی تاک و جەخت کردنەوە لەسەری، دەبێتە هۆی دروستبونی جۆرێک پەشێوی کۆمەڵایەتی و لەرێ لادان و لادانی کۆمەڵایەتی، بۆ نمونە کتێبی (خۆکوشتن - الانتحار) یەکێکە لەلێکۆڵینەوە بەناوبانگەکانی امیل دورکهایم، کەتیایدا پەیوەندی و هۆکارەکانی دیاردەی خۆکوشتن ڕوون دەکاتەوە و پێی وایە پەیوەندییەکانی پەروەردە - ئاین - بیروڕای کۆمەڵایەتی و کولتوری، ڕووی بەرچاوی هۆکارەکانین و تاک پاڵ پێوە دەنێ بۆ ئەنجامدانی خۆکوژی، لەکۆتایی ئەم کتێبەشیدا ڕون دەبێتەوە کە بیروباوەڕی تاک چەقی دروستبونی ئەم دیاردەیەیە و پاشان دورکهایم ناوی دەنێت بەلادانی کۆمەڵایەتی (انحراف الاجتماعی).



هربرت سبنسر

ئەو شتەی کەدورکهایم لەزۆر لێکۆڵینەوەکانیدا دەیخاتە بەرباس مەسەلەی (کۆویژدانە)، دورکهایم بەوشێوەیە باس لە کۆ ویژدان دەکات کەپەیوەندی هەیە بەتایبەتمەندی کۆمەڵەوە ئەوەش دوپات دەکاتەوە کەهەموو کۆمەڵێک خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندێتی خۆیەتی و هیچ کۆمەڵێک لەکۆمەڵێکی دی ناچێت و ئەمەش وای کردووە کە شێوازی تێڕوانین بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و بیروڕای تاکەکان لەمەڕ تێکەڵاوبون و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی (تبادل الاجتماعی) جیاواز بێت، لێرەوە پێناسەی کۆو ویژدانمان لەدیدی دورکهایمەوە چنگ دەکەوێت کە کۆمەڵێک داب و نەریت و ئامڕازی بەکۆمەڵە کەسەرچاوە سەرەکیەکەی ئەم داب و نەریت و ئامڕازانە خودی کۆمەڵ خۆیەتی و ئەمەش لەزەینی تاکە کەسەکانی کۆمەڵدا بونێکی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەوەش لەیاد نەکەین کەکۆویژدان لای ئەم فەیلەسوفە لەدەرەوەی شێوە تاکە کەسیەکەیدایە، پاشان کۆویژدان لەسەر بون و نەبونی تاکەکانی نەوەستاوەتەوە لەژیاندا بەڵکو کۆویژدان دەبێتە ئەو ئەڵقە ڕیزەی کەنەوەکانی سەردەمێک بەسەردەمێکی دیکەوە دەبەستێتەوە.

لەکتێبە تیۆرییەکانی امیل دورکهایم بەپێی ساڵی چاپ:

١-(دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی) ساڵی ١٨٩٣.

٢-(ڕێساکانی میتۆدی کۆمەڵناسی) ١٨٩٥.

٣-(خۆکوژی) ١٨٩٧.

٤-(کێشە سەرەتاییەکان لەژیانی ئایندا) ساڵی ١٩١٢.

٥-(کتێبی پەروەردەو زانستی کۆمەڵناسی) ساڵی ١٩٢٤.

٦-(کتێبی ئیشتراکیەت) و هەریەک لە بڵاوکراوەکانی (موس، بوجلیە، فوکینە) ساڵی ١٩٢٤-١٩٢٨.■

سەرچاوە: التفکیر الاجتماعی نشأتە وتطورە - دکتور زیدان عبدالباقی- استاذ علم الاجتماع المشارک کلیة الاداب - جامعە قارینوس (بنغازی)

بەهۆی نەبوونی خوێندنگە لەزەڕایەن زیاتر لە (٥٠٠) خوێندکاری شەشەمی سەرەتایی لەهیچ جێگەیەک وەرنەگیراون

عەتا عوسمان   پ. زەڕایەن

مافی خوێندن یەکێکە لەو مافە سەرەکیانەی کەپێویستە بۆ هەموو تاکێک لەکۆمەڵدا فەراهەم بکرێت بەتایبەتی چینی لاوانی ئەم وڵاتە چونکە بەدرێژایی مێژوو یەکێک لەخاڵە لاوازەکانی کورد بەرامبەر دوژمنانی کەمی ڕێژەی خوێندەواری بووە، وە هەر ئەو خاڵەش بووە کەدوژمنانی کورد قۆستویانەتەوە و بۆ جێبەجێکردنی زۆر مەرامی خۆیان بەکاریان هێناوە، جا پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم گرنگی زیاتر بدات بەبواری خوێندن و پەروەردە ئەمەش بەدروستکردنی خوێندنگەو ئامادەکردنی بۆ خوێندکاران وە پێویستە دروست کردنی خوێندنگەو ئامادەکردنی بخرێنە سەرو هەموو بەرنامەو پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی حکومەت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە کێشەی نەبونی خوێندنگەیە لەشارۆچکەی زەڕایەن کەتا ئێستا زیاتر لە(٥٠٠) خوێندکاری ئەم شارۆچکەیە لەپۆلی شەشەمی سەرەتایی دەرچون و لەهیچ جێگەیەک وەرنەگیراون بۆئەوەی درێژە بەخوێندنیان بدەن. بۆ ئەم کێشەیەو بەدواداچونی سەردانی بەڕێز م. لوقمان محەمەد یاریدەدەری بەڕێوەبەری دواناوەندی زەڕایەن و بەڕێز م. ئەحمەد خوا ڕەحم بەڕێوەبەری ناوەندی کوردۆمان کرد ئەوانیش بەم شێوە بۆمان دوان:

چاودێر: ئایا تائێستا هیچ خوێندکارێکتان وەرگرتوە؟

مامۆستا لوقمان: نەخێر تاکو ئێستا هیچ خوێندکارێکمان وەرنەگرتوە.

چاودێر: ژمارەی ئەو خوێندکارانەی کەلای ئێوە دەیانەوێت درێژە بەخوێندن بدەن نزیکەی چەند دەبێت؟

مامۆستا لوقمان: زیاتر لە ٥٠٠ خوێندکار دەبێت.

چاودێر: بەڕێز مامۆستا لوقمان بۆچی پێش تر بەشوێن ئەم کێشەیەدا نەچون؟

م. لوقمان: ئێمە وەک خۆمان مانگی چواری ئەم ساڵ پێش ئەوەی دەوامی خوێندکاران کۆتایی بێت، هەردو بەڕێوەبەری دواناوەندی زەڕایەن ناوەندی کوردۆمان ناردە لای بەڕێوەبەری گشتی لەوە ئاگادارمان کردەوە کەئێمە پۆلەکانمان زیاتر لە (٥٥) خوێندکاری تێدایەو بۆ ساڵی داهاتوو توانای وەرگرتنی خوێندکارمان نابێت ئەوەیش بەڵێنی چارەسەرکردنی پێدابون بەڵام تائێستا هیچیان نەکردووە.

چاودێر: بەڕێز م. ئەحمەد تۆ وەک بەڕێوەبەری ناوەندی کوردۆ قسەت لەگەڵ هیچ بەرپرسیکی حکومی کردووە پێشتر هیچ بەڵێنێکت پێدراوە؟

م. ئەحمەد: بەڵێ سەردانی بریکاری وەزیرم کرد خۆی بەڵێنی دابین کردنی خوێندنگەیەکی پێدایین چونکە ئەو بینایەی کەئێمەی تێدایین موڵکی قوتابخانەی دانای سەرەتاییە، هەر کارێک بکەین لەو خوێندنگەیەدا دەبێت پرسی ئەوان بکەین، بەڵام م. عومەر حەمە ساڵح پار ٥٠٠ دۆلاری پێدایین بۆ نوێکردنەوەی بینایەک کە لەزەڕایەندایە بەڵام تائێستا هیچ هەواڵێکی نیە.

چاودێر: کردنی بەسێ دەوام چارەسەری کێشەی ئەو خوێندکارانە دەکات یان گرفتتان بۆ دروست دەکات؟

م. ئەحمەد: بەڵێ گرفتمان بۆ دروست دەکات بەتایبەتی لەڕووی نەبونی مامۆستاوە دەبێت هەر پۆلی زیاتر لە ٦٠ خوێندکاری تێبکرێت.

چاودێر: بەڕێز مامۆستا ئەحمەد داواکاریتان لەلایەنی بەرپرس چییە؟

م. ئەحمەد: داواکاریمان دروستکردنی خوێندنگەیەکی ناوەندیە بۆئەوەی بۆئەم ساڵ و ساڵانی دیکەش گرفتی جێگەمان نەبێت، پاشان چاومان بەچەند خوێندکارێک کەوت لەوانەی کەوەرنەگیراون.

خوێندکار: هێرۆ حەمە ساڵح یەکێکە لەو خوێندکارانەی وەرنەگیراوە بەم شێوەیە دوا وتی:-

ئێمە هەتا ئێستا وەرنەگیراوین نازانین دواڕۆژمان چی لێ دێت من خۆم ڕۆژانە لەگوندی زەڕایەنی کۆن کەنیوسەعات لەخوێندنگەکەوە دوورە دەگەمە خوێندنگەکە، بەڵام تائێستا دەڵێن لەبەر نەبونی جێگە وەرناگیرێن بۆیە داواکارم لەحکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە کەناوەندیەک لەگوندەکەمان بکاتەوەو با ئێمە بۆ خوێندنی ئامادەیی بێین بۆ زەڕایەن نەک ناوەندی.

پاشان **خوێندکار ئەرکان عوسمان** وتی:-

ئەوە نزیکەی ٢٠ ڕۆژە من و هاوڕێکانم جلوبەرگمان کڕیوەو خۆمان ئامادەکردوە بۆ دەوام بەڵام هەموو ڕۆژێک کە ئەگەینە خوێندنگەکەمان دەڵێن وەرناگیرێن بچنەوە بۆ ماڵ، لەبەرئەمەش یەکسەر بەدڵی ناخۆشەوە دەگەڕێینەوە من زۆر حەز دەکەم وەربگیرێم و خوێندن تەواو بکەم.

خۆزگە
من خەڵکی ناو شار بومایە
ئەو بەختەی ئەوانم هەبوایە
بەهاوینان لەخولی هاوینە
بەشداریم بکردایە
لەگەڵ کردنەوەی
خوێندگەشدا یەکسەر
وەربگیرامایە بەڵام بڵێم چی
کەلەزەڕایەندا دەژیم

پاشان **خوێندکار مەلیکە محسن** وتی:

خۆزگە من خەڵکی ناو شار بومایە ئەو بەختەی ئەوانم هەبوایە بەهاوینان لەخولی هاوینە بەشداریم بکردایە لەگەڵ کردنەوەی خوێندگەش دا یەکسەر وەربگیرامایە بەڵام بڵێم چی کەلەزەڕایەندا دەژیم ڕۆژێ دەڵێن وەرناگیرێن و ڕۆژێک دەڵێن دەبێت بچن بۆ هەڵەبجەو عەربەت بخوێنن، ئێمە تائێستا نازانین چی بکەین واز لەخوێندن بهێنین و لەماڵەوە دابنیشین یان چاوەڕوانی حکومەت بکەین تا چارەسەری کێشەکە دەکات.■

(توونی بابا)

سەرگوزەشتەیەکی سەیرو سەمەرە

کۆچەر کەریم حەمە   پ. دەربەندیخان

کێ هەیە ئەم ناوەی نەبیستبێت؟ کێ هەیە ئەفسانەی توونی باباو سەرگوزەشتەی دێوی بابای بەرگوێ نەکەوتبێت؟

توونی بابا ئەو باس و حیکایەتەی کەدەماو دەمو بەردەوام لەهەموو ناوچەو جێگاکانی کوردستان باس دەکرێ و هەریەک بەشێوەیەک دەیگێڕێتەوە.

بەڵام بۆ زیاتر شارەزایت لەپێکهاتەو چۆنێتی ناوچەکەو زانینی باسەکە. لەخوارەوەی ئەم باسەدا هەموویت بۆ دەردەکەوێت.

توونی بابا.. دەکەوێتە باشووری شاری دەربەندیخان بەدووری ١٧ کم، بەلای ئەم شوێنەدا ڕووباری سیروان ڕێڕەوی خۆی دەکات، ناوچەیەکی شاخاوییەو ئاووهەوای فێنکە.

توونی بابا جێگەیەکی مەیلەو ئەشکەوتییە چونکە لەزۆر شوێنیدا ڕووی سەرەوەی داپۆشراو نییەو جارجار ڕووی ئاسمانت لێدەردەکەوێت، وە درێژی ئەم توونە نەزانراوە چونکە هەرچەندێ بڕۆی ناگەیت بەسەرچاوەکەی ئەگەر چەند ڕۆژێکیش بێت، وە هەتا بڕۆی ئاوەکەی ناوی زیاد دەکات و ئەمەش زیاتر کۆسپ لەبەردەمت دروست دەکات. ئەم جێگەیە هیچ جۆرە ڕووەکێکی لێناڕوێت تەنها جۆرە درکێکی بێ گەڵا نەبێت، چونکە تیشکی خۆری تێناکەوێت و زۆری پێکهاتەکەی لمو بەردو تاوێرە. ئەم توونە کەدەچیتە ژوورەوە هەر ڕێگەیەکی چەند ڕێگەیەکی لێدەبێتەوە وە هەریەک لەم ڕێگایانە چەندین ڕێگای تریان لێ دەبێتەوە کە لەژمارە نایەن زۆری ئەم ڕێگایانە بووەتە گرفتی ئەوەی کەمرۆڤ لەناویدا بزربێت و هەتا گیان لەدەست بدات و ببێتە خۆراکی ئاژەڵە دڕندەکانی ناوی کەپڵنگ و وێزو گورگ و ماری گەورە و قەڵە ڕەشەکانە کەکردوویانە بەمەملەکەتی خۆیان. بەمەبەستی ژمارەی ڕێگاکان باس لە ٩٩٠ ڕێگا دەکرێت.

وە بەناو ئەم توونەدا ئاوێکی ساردی بێ گەرد ڕێڕەو دەکات کەزۆربەی ڕێڕەوەکانی گرتوتەوە لەزۆر جێگادا ڕێگای بەستووە چونکە بەشێوەی شەلالە دێتە ناو ڕێگاکان، هاژەی ئاو لەم توونەدا گۆرانیەکی ترسناک دروست دەکات، وە زۆر جێگای تاریک و ترسناکی تێدایە کەتەنها جێگەی شەمشەمەکوێرەکانە کەهێرش دەکەنە سەر مرۆڤ، وە ناو ئەم تونە زۆر فێنک و شێدارە، جێگەی چەندین ئاژەڵ و باڵەوەرە چونکە پیشەی ڕاوکردن لەم جێگەیەدا هەروا ئاسان نییە چونکە بەدروست بوونی دەنگی گەورە لەم تونەدا هەرەسی بەردیی دروست دەبێت کەدەبێتە هۆی لەناوچونی کەسەکە بەڵام لەچەند جێگەیەکی تر ئەم هەرەس هێنانە نییە کەئەمەش ڕاوچییەکان بۆ ڕاوکردن سودی باشی لێدەبینن بۆ ڕاوکردنی ئاسکەکان چونکە ئاسکێکی زۆر لەم تونەدا دەژی. وە درێژی ئەم تونە بەبەردەوامی بەرەو ناوچەرگەی زەوی درێژ دەبێتەوە و لەزۆر جێگەی دا بەرزی لاپاڵەکانی نزیکە ١٦٠٠م بەرزە لەئاستی زەویەکەی، ئەم توونە چەند شەلالەیەکی تێدایە بەڵام شەلالەیەکیان زۆر گەورەو جوانە کەدەکرێت بەیەکێک لەشەلالە گەورەو جوانەکانی کوردستان دەست نیشان بکرێت وە دووری ئەم شەلالە لەدەرەوەی تونەکە بە ٣ کاتژمێر پێی گەشتین.

مانەوە لەشەودا لەناو ئەم تونە کارێکی ترسناکە چونکە تائێستا لەم تونە زۆر کەس کۆتایی بەمەرگی هاتوە یاخود چەند جارێک ڕاوچی کەشەوی بەسەرداهاتوە نەگەڕاوەتەوە، حیکایەتی باسەکەو دەنگوباسی دێوەکەش بەم شێوەیە دروست بووە:

کە لەم تونەدا دێوێکی گەورەو بەهێز دەژی کەزۆر ترسناکەو ئەم دێوە ناوی بابایەو خاوەنی ئەم تونەیە و دێوەکەش لەبەشی ناوەوەی دا دەژی کە لەئەشکەوتێکی تاریکدایە کەناو ئەشکەوتەکە ئاوێکی لێڵی تێدایەو زۆرترین شەمشەمەکوێرە لەم شوێنەدایە وە پێش ئەوەی بگەیتە بەردەم ئەشکەوتەکە هەوایەکی ئێجگار فێنک بەرجەستەت دەکەوێت وەک ئەوەی پێشوازیت لێ بکات بەڵام شەمشەمەکوێرە ناهێڵێ بچیتە ژوورەوە.

وە ترسی ئەم دێوەیە کەهیچ کەس ناتوانێت شەو لەم تونەدا بمێنێتەوە.

بۆچونە ژوورەوەی ئەم تونە دەبێت بە بەرنامەوە بچیتە ژوورەوە کە ئەویش دوو ڕێگەیە:

ڕێگەی یەکەم: دەرزیەکی باریکی قایم کەزۆر درێژ بێت.

ڕێگەی دووەم: بۆیاخ یاخود ماجیکی سورکە لەهەر ڕێگەیەکەوە ڕۆشتی نیشانەیەک لەسەرەتای ئەو جێگەیە بکێشی، هەریەک لەمانە بۆ ئەوەیە کەڕێگاکە ون نەکەیت و بتوانی بەسەلامەتی بگەڕێیتەوە چونکە ڕێگای سەرەکیت لێ وون دەبێت.

یەکێکی تر لەسەیرو سەمەرەکانی ئەم تونە بیستنی دەنگێکە لەناوی دا کە لەبەشی ناوەوەیدا پەیدا دەبێت کەدەنگێکی غەریبە بەدەنگی مرۆڤ و دەنگێکی غەیبیەو شێوازێکە لەتووڕەبوون بەبیستنی ئەم دەنگە وا دەکات لەمرۆڤ کەخێرا ترسێکی گەورە کۆنترۆڵی بکات ئەم دەنگەش لەدوای عەسرەوە پەیدا دەبێت، خەڵکی ناوچەکە واباس لەوە دەکەن کە ئەمە دەنگی دێوەکەیەو توڕە دەبێت لەوانەی کە بەردەوامن لەڕۆیشتن بۆ بەشی ناوەوەی، ئەوەی دەڕواتە ئەم تونە باس لەم دەنگە ترسناکە دەکات زۆرجار وا دەزانی خەڵکەو بانگت دەکات کاتێک ئێمەش ڕۆشتینە ئەم جێگەیە ئەم دەنگەمان بەگوێی خۆمان بیست کەبەدووری ٢٠٠ م لێمانەوە دوربوو ئێمە شەش کەس بووین بەڵام سێ کەسمان ڕۆشتنەکەی وەستاند چونکە ئامادە نەبوون کەزیاتر بڕۆین بەرەو ناوەوە.

وە ناو ئەم تونە قەڵەڕەشێکی زۆری تێدایە کە کردویانە بەجێگەی تایبەتی خۆیان و ترسێکی گەورەیان بەسەر خەڵکی دروست کردووە چونکە لەبەشی سەرەوەی تونەکە بەرد دەخەنە خوارەوە کەئەمەش لەگەڵ خۆیدا چەند بەردێک خلۆر دەکاتەوە.

لەبەر سەختی و ستراتیژی ئەم تونە لەکاتی ڕژێم دا شوێنی کۆمەڵێک پێشمەرگەی ناوچەکە بووەو وە یاخود ئەو کەسانەی کە لەدەسەڵاتی بەعس یاخی دەبوون دەچونە ئەم جێگەیە.

وە کەسێکی ناوچەکە باسی لەوە کرد کە لەکۆندا هاتوەتە بەردەم ئەم تونە کە سەیر دەکات لاشەی دوو کەس لەبەردەم ئەم تونەدا کەوتوون کەلافاو هێناویەتییە دەرەوە، بەڵام وتی نازانم کێ بوون پێ دەچێ لاشەی پێشمەرگە بووبن.

وە کەسێکی تر باسی ئەوەی دەکرد کەکاتی ڕژێم بۆ خۆحەشاردان هاتووەنەتە ئەم جێگەیەکەژمارەیان ٢٢ کەس بووە بەڵام باسی لەوە کرد کەژیان لەم تونەدا زۆر ئەستەمە وتی نزیکەی ٩ مانگ لەم جێگەیە بووین، وە باسی ئەوەی کرد کەلافاو چەند جار شپرزەی کردوون و چەند جار گەلەگورگیان بەزاندوە بەتفەنگ.

وە لەکاتی کۆندا مەلیک فەیسەڵ بەچەند سوارێکەوە هاتۆتە ئەم جێگەیەو لەگەڵ حاجی مەحمودی هارونی ڕۆژێک تا ئێوارە کاتیان تیا بەسەر بردووەو ڕاوی ئاسکیان تیاکردووە.

ماوەتەوە سەرئەوەی بڵێین دەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان - ئیدارەی سلێمانی سەردانی ئەم شوێنە بەناوبانگ و گرنگەیان بکردایەو ڕێگای هاتووچۆی بۆ دروست بکردایەو خەڵکی لەنزیکەوە ئەم ناوچەیان ببینایە، بەڵام بەبەرنامەوە.■

هەندێک دەڵێن قەڵای شیروانەش بەشێکە لەتونی بابا،
هەندێکیش بەپێچەوانەوە..

پزیسکی ئەندێشە

یەکەم ئەزموون، یەکەم خۆشەویستی، وشەو، داهێنان، ئەو گەڕانە سیحر ئامێزەی کتێب، هەمیشە لەخەون. خولیای نوسەراندا. مانایەکی جوانو، ئەزمونێکی پڕ لەبەخشندەی هەیە. بۆیە لەم تەوەرەدا. ویستومانە، جارێکی تریش، نوسەران و بیرمەندان، شاعیران، لەزهن و زاکیرەی ئێستایاندا، گەشتێک بۆ رابردووی خوێندنەوە قوڵەکاندا بکەنەوە، ئاخۆ کامە کتێب و نووسراو، تا ئێستایش، لەگەڵ روحیا سەمای شتە جوانەکان دەکەن.

ئەو سەمایانەی هەمیشە کتێب، وشەکانی لەرووت بونەوەیەکی عیشق ئامێزدا، لەپەنجەرەی تازەوە پێمان دەڵێن.. ئێوەمان بەردەوام لەبیرو دیدو خەون و خولیاکاندایە. بۆیە، لەیەکەمین پەیڤیندا یەکەم کتێب کامە بوو تۆی بەرەو دونیای نوسین ڕاکێشا؟ لەوەڵامدا شێرزاد حەسەنی چیرۆکنوسی گەورە دەڵێت:

بەرلەوەی بزانم نووسین یان ئەدەب ئەو سامو سەنگەی هەیە، من لەژێرەوەو بەدزییەوە، جاروبار، دەمنوسی، هەندێک لەخەم و خەیاڵی مێردمنداڵانەی خۆم، کە بەحەرامم دەزانی، چونکە لەنوسینەوەی دەرس و دەور بترازێت، لەو سەردەمەدا، هەر هەموو جۆرەکانی نوسین حەرام بوو، ڕەنگە عیشقی من بۆ چیرۆک و ڕۆمان و داستان، بگەڕێتەوە بۆ حەزو خولیام، تەماعی شەوانەم لەوەی گوێ لەحەکایەتی نەنکم بگرم، چونکە لەو سەردەمەدا لەماڵی ئێمەدا ڕادیۆش نەبوو، جگە لەوەی کە لەئێستگەی (کرمانشاه) شەوانە گوێم لەداستان و حەکایەت دەگرت کە بەزنجیرە پێشکەش دەکرا، سەرباری دەنگە پڕ سیحرەکەی (شوکروڵڵای بابان) کەشیعری کلاسیک و نوێی دەخوێندەوە، جاروبار بەعەرەبی لەهەندێک گۆڤاری زۆر بازاڕی و پەڕپووتی وەک (شەبەکە) چیرۆکم دەخوێندەوە.

بەڵام تەمەنی من دوانزە ساڵ بوو کە بۆ یەکەمجارو بەڕێکەوت لەماڵە دراوسێیەکمان ڕۆمانێکی "ئەمیل زۆلا" ڕۆماننوسی فەرەنسیم بەناوی "نێچیر" خوێندەوە کەکەم و زۆر کاری تێکردم، ئیتر لەوە بەدوا سەرگەرمی خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانانە بووم کە لەزمانی دیکەوە کرابوون بەعەرەبی، بەحوکمی ئەوەی قورئانم خەتم کردبوو، دەمتوانی سەرگەرمی خوێندنەوەی ڕۆمانی بیانی و میسری بم، بەتایبەتی بە (محەمەد عەبدوالحەلیم عەبدوڵڵا) دەستم پێکرد کەڕۆماننوسێکی زۆر ڕۆمانسی بوو، لەدوای خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێکی هۆن هۆن دەگریام، درەنگتر ئاشنای _ئیحسان عەبدوالقدوس و نەجیب مەحفوز) بووم، لەهەمان قۆناغدا ئاشنا بووم بە (مصگفی لگفی المنفلوگی)، چیرۆکەکانی لەسەر عیشق هیلاکیان کردم، لەو سەردەمەدا، کەم کەس هەبوو ڕۆمانەکەی (کزافیە دی مونتابین) نەخوێنێتەوە کەناوی (نان فرۆش) بوو، یەکەمین ڕۆمان کەبەتەماوی سەرسامی کردم و چەندین جار خوێندمەوە، دۆزەخی پیشاندام، چەندین شەو خەونی ناخۆشم بینی و تێگەیشتم کەهونەری ڕۆمانی تازە چییەو چ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕۆمانی کۆندا هەیە، ڕۆمانی (دۆزەخ)ی (هێنری باربۆس) بوو، کەئێستاش بەجوانترین ترسناکترین ڕۆمانی دەزانم، ئیتر دوا بەدوای ئەوە بوو کە(زۆربا)م خوێندەوە کەهەر هەمووی لەلام ئاهەنگ گێڕان بوو بۆ ژیان، لەلای من، هەڵبەتە دواتر ئەو دوو ڕۆمانە سەفەری دوورو درێژیان پێکردم لەنێوان مەرگ و ژیاندا، ڕەنگە مەسەلەکە پرسیارو گومانی زۆری خۆم بووبێت، لەو قۆناغدا، دڵەڕاوکێی فیکری کەوای لێکردم خۆم لەناو ڕۆمان و چیرۆکدا نوقم بکەم، ترس و شەرم و تەنیایی من لەو قۆناغەدا بوو بەمایەی ئەوەی بەردەوام لەگەڵ پاڵەوان و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان و چیرۆکەکاندا بژیم، هەر هەمان مەیل وای لێکردم کە بۆ خۆیشم لەژێرەوەو بەدزییەوە بۆ ماوەیەک یاداشتی خۆم بنووسمەوە کەوامدەزانی چیرۆک و ڕۆمانن، دوای ساڵانێکی زۆر تێگەیشتم کەئەوەی کردبووم تەنها گەمەیەکی زۆر سادەی نووسین بوو، دوای خوێندنەوەی سەدەها ڕۆمان و چیرۆک، دەیەها کتێبی دیکە لەسەر فەلسەفەو دەروونزانی و مێژوو.. هتد، پتر لەوە گەیشتم کەئەدەب و نووسین بێ مەعریفەتێکی قووڵ، بێ ئەزموونی ژیان، بێ خەیاڵ و بێ زانینی هونەری نووسین و بێ ئازایەتی و ئازادی مەحاڵە، لەو ڕۆژگارەوە تا هەنووکە کەپتر لە (٣٥) ساڵە سەرگەرمی نوسینم تەنها وەک ئەزمونکارێک خۆم دەبینم، تا بێت سەنگ و سامی نوسین لەلام گرانتر دەبێت، بەڵام تاکە گەشتێکە کەهەرگیز تەواو نابێت و تا ڕۆژگاریش تێدەپەڕێت پرسیارو گومانەکانی ناو ژیان و ئەدەب پترو قورستر دەبن.■

ئا/ئەندێشە

(گۆمی پوونگ)ی دڵشاد عەبدوڵڵا.. کتێبی گەورە عاشقان

خوێندنەوەی: تەڵعەت تاهیر

ئەو پیاوە بەویقارو بە ساڵاچوانەی مەقاماتی عێراقی ڕەسەن دەچڕن و بە کەسەرەوە دەنگ هەڵدەبڕن جیاوازییان زۆرە لەگەڵ گەنجە گۆرانی بێژەکان، گەنج زۆربەی کات بە ناوبانگ و ئیعجابی ژنان و گوزەرانی باش و جلی جوانەوە سەرقاڵە کە ئەمانەش خەوشی تیا نییەو شتی ڕەوان، گەنج بە حوکمی سروشتی تەمەنی کە گەرمەی باوەش کردنە بە سەرگەرمییەکانی ژیان، کەم گرنگی بە جەوهەری دنیا دەدات، بەڵام مەقامبێژێکی عێراقی لە لێواری بەجێهێشتنی هەمووشتەکاندایە، هەردەم لە سێبەری یادەوەرییەکانی دا دەنگ هەڵدەبڕێت، هاواری بریتییە لە ئەنجامی هاوکێشەی ئامادەکارییەکانی خواحافیزی کردن لە هەموو شتێک، لە یارەکانی، لە مووی قەترانی، لە ددانی ساغ و خەوتنی زۆر. دنیا بینی مەقامبێژ ڕوانینی باڵندەیە کە هیچ پانتاییکی سنووردار ڕازی ناکا، مەقامبێژ دەزانێت دنیا تەنها ئەو کەسانەی لی ناژی کە کەرویشک بەخێو دەکەن، بەو مانایەی تەمەن ئەو بەرائەت و گەشبینیەی لی دەسێنێتەوە کە پێیوابێ خۆی مەرکەزی کەونەو گەر ئەو نەبێ دنیا دەوەستێت، دەزانێ پاش ئەویش کچی جوان هەراش دەبن و جوانی و ناهەقییەکان بەردەوام دەبن، ئەم دوو دنیابینییە بە قسەی کۆڵن وێلسون جیاوازی نێوان تەماشای کرم و باڵندەیە.

کرم تەنها ئەو چەند سانتیمەترەی پێش خۆی دەبینی، کەچی باڵندە گاڵتەی بەو پانتاییە دێت، ئەم دوو دنیابینییەوەک چۆن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەیە، لە شیعریشدا بەرچاو دەکەوێت. لە شیعری تازەی کوردی دا کەسانێک هەن لە کەناری دەریای شیعردا قەفێک پانتۆڵیان هەڵکردووەو لە گرتنی نەهەنگە زەبەلاحەکانی ئەفراندنەوە دوورن، بە تەنکە ئاو ڕازین، ڕازی گەوهەرەکانی قوڵایی نازانن، ئەوەی کە ئارتۆر ڕامبۆ هاواری لێ دەکا (دەی ئەی نەفسی ئازیزم: بەرەو دەریا، بەرەو قوڵایی دەریا)، لەگەڵئەوەی من باوەڕم بە دیموکراتییەت لە نووسینی شیعردا هەیە بەوواتایەی کە پێم وایە هیچ شتێک لە شیعردا مەحرەم نییە، پێم وایە شیعر گلۆپ نییە بە هێزی کارەبای کەمتر یان زیاتر لە پێویست بسوتێت، یان شیعر لاستیکێک بێت بە ڕاکێشانی زیاد، بپچڕێت. لایەنگیری پەنجەرەیەکی تایبەتی شیعریش نیم، چونکە شیعروەکو ژوورێک وایە دەیەها پەنجەرەی هەبێت، لە هەر پەنجەرەیەک لیی بڕوانی ئەوا پەنجەرەکانی دیکەت پێشێل و فەرامۆش کردووە وێڕای دەرگاکەی. لەگەڵئەمانەشدا شاعیرانی نوێی کورد کۆمەڵێک گرفتی جەوهەرییان لە نووسینی شیعردا هەیە کە ناکرێت بە هەنجەتی فراوانی دنیای شیعر گەر بە زۆر کورتیش بێت دەسنیشان نەکرێن:

× لە کۆن دا شیعری کوردی هەموو شتێکی لی بار دەکرا، لە ئەنجامی نەبوونی میتۆدە زانستییەکانی (کۆمەڵایەتی و پەروەردە و سیاسی و ئابووری و هتد..)

شیعر کرابوو بە مینبەری دەرپەڕاندنی هەموو گرفتەکانی ژیانی کوردەواری، ئەمەش هەمووی لەسەر حسێبی شیعرییەت و شیعر بوون. ئەم گرفتە لە حاجی قادرەوە بە ڕاشکاوی دەستی پێکرد و پەرپەوە ناو جەستەو پێناسەی شیعری نوێی کوردی، بە تایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم ئەو کاتەی بیری نەتەوەیی لەلای تورک و عەرەب بووە پێناسەی ژیان، کوردیش لەڕێی شاعیرانییەوە سەرقاڵی ئەو بوارە بوو.

× گرەوکردن لەسەر بابەت و کەمتر ئاوڕدانەوە لە لە لایەنە تەکنیکی و هونەرییەکان سیمایەکی شیعری کوردی بووە، شاعیرانێک بە ئومێدی بەرهەم هێنانی دەقی مەزن، گرەویان لەسەر مەزنیی بابەت کردووە.

× تێگەیشتن لە زمانی شیعر کۆڵەگەیەکی سەرەکی بە شاعیربوونە، جیاوازی زمانی شیعر لە گەڵ (قسەو خودی زمان) لەسادەترین پێناسەی دا بریتی یە لە:

١- لە خودی زماندا (بەرد تەنها بەواتای بەرد دێت) مەودای لێکدانەوەی دیکەی نییە، هەموو دالێک یەک مەدلول وەردەگرێت، فرە ڕەهەندی بۆ نییە.

٢- قسەکردن وەک مامەڵەیەکی فەردییە لە ناو خامی زماندا، ئازادانە مامەڵە بە کەرەسەکانی زمان دەکەیت بەڵام لە سنووری ئەو بەکارهێنانەی کە کۆمەڵلەسەری ڕێکەوتووە.

لێرەدا گرنگی زمانی شیعری ڕووندەبێتەوە، گەر لەخامی زماندا هەر دالێک یەک مەدلولی هەبێت ئەوا شیعر بە قەدەر ژمارەی خوێنەر لێکدانەوەی هەیە، هەر دەستەواژەیەک لە شیعردا خویندنەوەی جیاوازو لێکدژی هەیە. هەروەها گەر قسەکردن مامەڵەیەکی ئازادانەش بێت لە بەکارهێنانی زماندا وەکو گوتمان بەستراوەتەوە بە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی لە ئەداکردنی وەوکو شیعر ئازاد نییە بۆ نمونە ناتوانرێت لە قسەکردندا بگوترێت (بەردم فڕ کرد) یان (هەڵمم جاوی) بەڵام ئەمانە لە شیعردا شیاون، ئەم خەسڵەتە گرنگەی شیعر کە بریتییە لە ئازادی ڕەهای زمان، لە جیاتی ئەوەی نیعمەتێکی گەورەی شیعر بێت ئەوا لە سی ساڵی ڕابردووی شیعری کوردی زۆر جار بەڵایەکی گەورە بووە، لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە شیعری کوردیدا جەنجاڵیی بی مانای زمان ماسکێکی نوێخوازی بوو، ئەوسا ڕوێژانە ئەم دێڕانەت بەرچاو دەکەوت:

(تۆ تاڵی پرشنگی ئەستێرەی شەوگاری ئاسمانی دڵمی)

بەو واتایەی: دڵم ئاسمانە، ئەو ئاسمانە شەوگاری هەیە، ئەو شەوگارە ئەستێرەی هەیە، ئەو ئەستێرەیە پرشنگی هەیە، ئەو پرشنگە تاڵی هەیە، ئا ئەوتاڵە تۆیت! (وە هەلومە جەڕڕەن). ئەو بەڵای بە کارهێنانی بی جەدوای زمانە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە بەڵکو بە خراپتریش! هەندێک لە شاعیرانی بە ناو نوێخوازی ئێستا کە ناتوانن دراوسێتی جوانی نێوان وشەووشە بەرهەم بێنن، کە ناتوانن مانای شتەکان لەوشەدا بەتاڵبکەنەوەو پڕی کەن لەواتای تازە، کە ناتوانن سیاقێکی نوێ ببەخشنە پەیوەندی نێوان شتەکان، دێن: خۆرنشین دەکەن بە (غروب)! خۆرهەڵات دەکەن بە (شروق)! داستان دەکەن بە (مەلحەمە)! سپێدە دەکەن بە (فەجر) هتد... زۆرێک لە شاعیران کاتێک لە فەشەلییان بەرامبەر بە جەماوەری شیعر و خوێنەری شیعر دەپرسیت، یان دەڵێن بۆخۆمان دەنووسین یان پێیانوایە خەڵک لەو ئاستە نین کە لە داهێنانەکانیان بگەن! ڕاستە لە ئێستادا دوورکەوتنەوەی خوێنەر بۆ شیعر بەشێکی بۆ جەنجاڵی ژیانی سیاسی و بوونی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی وەک سەتەلایت و ئەنتەرنێت دەگەڕێتەوە بەڵام بەشی شێری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە مێژووی شیعری کوردیدا هیچ کاتێک هێندەی ئێستا شاعیران بی ڕێزییان بەرامبەر بە خوێنەر نەنواندووە! بەوەی متمانەی ئیبداعییان لای خوێنەر نزم بووە، خوێنەر چەند جارێک فرسەت دەبەخشێتە شاعیر گەر دنیابینییەکی تازەی دەسنەکەوت ئەوا جارانی دواتر تەنها ناوەکەی دەخوێنێتەوە. شاعیر هەیە سی ساڵە کۆمەڵێک دەستەواژە دووبارە دەکاتەوە (ئاوی تینوو، نانی برسی، ئاسمانی خۆڵەمێشی، زەوی پیازیی،هتد..)وەکو ئەوەی خەڵک بە گەمژە بزانێت! هیچ کاتێک لە شیعری کوردی دا هێندەی ئێستاوشەی (عەشق) بە ئاسانیو درۆزنانە بەکارنەهاتووە! شیعر کراوەتە گاڵتەجارییەکانی لە چەشنی:

(هەورەسەکانی غروبو
زمانی دەرهاتووی بەحرو
عەشقی بی جەدوای فەجرو
شروق)

ئەو دەردە کوشندەیە چییە کە نۆزدە فەردە شیعر دەربارەی هەڵەبجە بنووسرێت و چوار دەقی داهێنەرانەی لێنەکەوێتەوە؟ مارکیز لەیەک دڵۆپە خوێن ڕۆمانێک بنووسێت (ڕۆمانی - شوێنەواری خوێنت لەسەر بەفر) کەچی کورد دەریایەک خوێنی بە ناهەق ڕژاوی هەبێت و خاوەنی دەقی نایاب نەبێت؟ زۆربەی شاعیرانی کورد سامانی زانیارییان لەسەر پەلەوەر لەسنووری ناسینی (مریشک و عەلەشیش) تێپەڕ ناکات کەچی سەرقاڵی (وڕێنەکانی نەورەسن)، تۆ بڵێی نەورەس تیرەیەک نەبێت لە عەلەشیش؟ ئەم دەردە سەرچاوەکەی نەخوێندنەوەیە، هەر بە تەنها شیعریشی نەگرتۆتەوە بەڵکو لە جەستەی لقەکانی دیکەی ئەدەبیش تەشەنەی کردووە، بۆ نموونە چیرۆک. چیرۆکی نوێی کوردی زۆربەی گێڕانەوەی عاتیفەیە. پاڵەوان یان عاشقە یان عارەقخۆر یان نیشتمان پەروەر. زۆربەی ئەوانەیش کەلەم سی سیاقە دەرچوون ئەوا بە بەڵگە زۆربەیان سەلمێندراون کە ماڵی دزیارین لە ئەدەبی عەرەبی یان جیهانی! ئەری کەس چیرۆکێکی کوردی خوێندۆتەوە پاڵەوانەکەی نەخۆش بکەوێت؟ تا بزانین کاکی چیرۆکنووس ناوی سی حەب و شرووب دەزانی (بێجگە لە پەراستۆل و ئەسپرین).

کەس چیرۆکێکی کوردی خوێندۆتەوە پاڵەوانەکەی باخەوان بێت؟ تا بزانین کاکی چیرۆکنووس ناوی سی درەخت دەزانی (بێجگە لە دار هەنارو پرتەقاڵ). نووسەرێکی وەکو ئەمبرتۆ ئیکۆ ڕۆمانی (ناوی گوڵ)ی باس لە سەدەی دوانزەی میلادی دەکا، کە هیچ شتێکی ئەم سەردەمەی تێدا نییە، ئیکۆ لەم ڕۆمانەیدا باس لە پۆشاک و خواردن و هەڵسوکەوتی مرۆڤی ئەوکات دەکات، سەرجەم کەرەسەکانی ئەم سەردەمەی بە کەڵک نایە! لە سەدەی دوانزەمدا نە خواردن وەکو ئێستا بوو، نە پۆشاک و نە هەڵسوکەوت. لە نەعلەوە بیگرە تا دەگاتە سڵاو کردن، لە مووکێشەوە بیگرە تا دەگاتە تەعزیە دانان جیاوازی هەیە، کەچی هێندە خەمخۆری پیشەکەیەتی نووسیویەتی! هێندە خەمخۆری خوێندەوارییە باس لە کتێبی (عروج)ی محێدین بن عەرەبی دەکات، ئەوەش نەبێت کە ڕۆمانەکەی گێڕانەوەی چیرۆکێکی خۆشەویستی یان نیشتمان پەروەری بێت، کە کەرەسەکانی قسەی ڕووت بێت و پێویست بە زانیاری نەکات! نەخێر بەڵکو سەرجەم ڕۆمانەکە باس لە کتێبخانەی کڵێسایەک دەکات کە کۆمەڵێک کەسی تایبەت کاری نووسینەوە و کۆپی کردنی کتێب ئەنجام دەدەن. واتا ئیکۆ پێویستە لەسەری نەک جۆرەکانی خواردن و پۆشاکی سەدەی دوانزە بزانێت بەڵکو دەبێ بشزانێت لەو مێژووە چ کتێبێک دەرچووەو چ کتێبێک دەرنەچووە! ئیکۆ خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: (یەکێک لە کەسەکانی ڕۆمانەکە عەینەکی لە چاو بوو، کە گەڕامەوە بۆ مێژوو زانیم دوای چل ساڵلەو بەرواره عەینەک پەیدابووە). من دانیپیادەنێم کە قەساوەتی ڕاکانم ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە سەرجەمی تێڕوانینمدا زیاتر نموونە خراپەکانم لەبەر چاو بووە، چونکە لە ڕاستیدا نموونە باشەکانی ئەدەب بە قەدەر ژمارەی کەمییان، کەم لایان لەلایەن ڕەخنەگرانەوە لی کراوەتەوە. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن زیاتر لە خزمەتی شاعیرە شاگردەکانی دوکانی حیزبن، ڕەنگە بۆ نووسینی خوێندنەوەی کتێبێکی شیعر هەندی کەس پیی وابی ئەم پێشەکییە پێویست نەبوو، یان بەلانی کەم شوێنی ئێرە نەبوو. بەڵام من بە پێچەوانەوە دەبینم. نیشاندانی ئاست و دنیابینی کۆڵکە شاعیران مەرجە بۆ باس کردنی شاعیرێکی باش، بەلانی کەم لە ڕووی بەراوردکارییەوە، بەلانی زۆریش بۆ ئەوەی هەر کەسەو بخرێتە شوێنی شیاوی خۆیەوە. من لە هیچ نووسینێکی پێشووم ئیعجابی خۆم بەرامبەر بە ئەزموونی شیعریی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی هەولێر نەشاردۆتەوە، لە زۆر بۆنەشدا باسی گرنگی ئەو ئەزموونەم کردووە. بە تایبەتی ئەزموونی شاعیران (عەباس عەبدوڵڵا یوسف، دڵشاد عەبدوڵڵا، هاشم سەڕاج، کەریم دەشتی، جەلال بەرنجی) کە هەر یەکەو بە شێوازێک ڕۆڵی لە نۆژەن کردنەوەی شیعردا هەبووە، دوور لەوەی قسە کۆنەکانم بجاومەوە کە پێشتر نووسیومن ڕاستەوخۆ دێمە سەر خوێندنەوەم بۆ دوایین کتێبی شیعری دڵشاد عەبدوڵڵا کە بەناوی (گۆمی پوونگ)ە لە (زنجیرە کتێبەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەو ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە). ئەوەی لە سەرەتاوە لە ئەزموونی شیعریی دڵشاد بڕوانی هەست بە خوێندنەوەی دەکات بۆ کتێبە دانسقەو دەگمەنەکان، هەست بەوە دەکات کە لە دەرەوەی پۆل دەفڕێت، دوور لەو زمانە شیعرییەی کە هەموومان ئەزبەرمانە، لەو چەشنەی کە هەرکاتێک لە دێڕێکدا ناوی (گوڵە گەنم) هات ئەوا دەزانین دێڕی دووەم (داس و شمشێر)ی تێدایە!. جیاوازییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ ئەزموونە پێشینەکانی شاعیر لە چەند خاڵێک کۆدەکەمەوە:



×لەم کتێبەدا شاعیر تەواو پشتی بە تونای شیعری خۆی بەستووە و گرنگی بەو ژوورە شیعرییەی خۆی داوە کە بە درێژایی ئەزموونی خەریکی ڕازاندنەوەیەتی،

ئەمەش بەو مانایە نایە کە لە کتێبەکانی پێشووی متمانەی بە تواناکانی نەبووە، بەڵکو زیاتر مەبەستم لەوەیە کە دەستی لەو بەلایە هەڵگرت کە شاعیر خوێندنەوەکانی بە خەڵک بفرۆشێت، هەمیشە لە هەوڵی تەریب کردنی ئەندێشەی خۆی و ئەندێشەی پاڵەوانی ئەو کتێبانە بێت کە دەیانخوێنێتەوە، جاران لە هەولێر (بە تایبەتی لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان) ئاستی خوێندەواریی شاعیر دەبوایە لە شیعرەکانیدا ڕەنگی دابایەوە! ڕۆژانە ناوی (باسترناک و دانتی و هیرمان مێرڤل و گۆتە) بەرچاو دەکەوتن. بەکارهێنانی سومبول و وەرگرتنی ئیحای شیعریی لە داستان یان ئەفسانە یا شاکارە جیهانییەکانی ئەدەب عەیبە نییە، بەڵام بەستانەوەی خوێنەری شیعرێک بە مەرجی خوێندنەوەی ئەو شاکارەی ئیحای لی وەرگیراوە (جا شیعری باش کوا مەرجی هەیە؟)، بە تەنها ئەوە دەگەیەنێت کە هەستی نەخوێندەواربوون لای خوێنەر دەبزوێنیت؟ لە کاتێکدا نێوانی شاعیرو خوێنەر پێویستە نێوانی دوو کەسی عاشق بە یەک بن، لێرەدا گرنگی ئەوە دەردەکەوی کە پێویستە شاعیر شتی تر بێجگە لە شیعر بنووسێت. من ئەو ئاراستە پوزەتیفانەیەی دڵشاد بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە چەند ساڵێک دەبێت بە بەردەوامی لە چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکدا گۆشەی نووسینی هەیە کەوادەکات بێجگە لە شیعر کەناڵی تری هەناسەدانی هەبێت و ئەوەی دەیهێنێت و نایهێنێت لە شیعردا جیی نەکاتەوە.

×لەم کتێبەدا شاعیر زمان بۆ خزمەتی گەیاندنی قەشەنگانەی شیعر بەکاردێنی.

تاکە خەمی نەبۆتە یاریکردن لە تونێلەکانی زمان و ماندووکردنی خوێنەر. بەڵکو بە سادەیی قوڵیی خەونەکانی و گەورەیی خەمەکانی نمایش دەکا. ئەو کاتەی شاعیرێک متمانەی بە جوانیی خەون و خەمەکانی خۆی دەبێت، بەرامبەر زمان بی منەت دەبی، پێویستی بەوە نامێنێت کە ئایدیاو دنیابینییەکانی لە پشت یارییە زمانەوانییەکان بشارێتەوە .

×لەم کتێبەدا شاعیر بەرەو گرنگیدان بە جەوهەری دنیا چووە لە ڕیی شیعری کورت و زۆر جار یەک دێڕییەوە، وەک ئەوەی بیەوێت وازبێنی لەوەی لە ڕیی شیعرەوە (خۆی بە دنیا بناسێنی)، بەڵکو لە ڕیی شیعرەوە (دنیا بناسی).

بەواتایەکی تر شیعر دەبێتە غایەتی ناسین نەک وەسیلەی ناساندن. شاعیری زیرەک ئەوەیە کە بزانی شیعر بۆچی بە کاردێنی، ئەگەرنا (بەو خۆویستییەی بە زکماک لە شاعیراندا هەیە) دەیکاتە سەکۆو مایکرۆفۆنی بیروڕا شەخسیەکانی، کە شیعریش بووە ئامێری دەرپەڕاندنی بیروڕا کەواتە بۆ خوێنەر مەسەلەکە لە چێژ دەرچوو، بوو بە مەسەلەی لایەنگیری یان دژایەتی! من شیعری کورتم زۆر خۆشدەوی بە مەرجێک کاریگەر بێت،وەک کاریگەری زەرەبین کە چەپکە تیشکێک لە یەک خاڵدا کۆدەکاتەوەو ئەوەی چەقی تیشکەکانی بەرکەوی، دەسوتی. شاعیری کورد هەیە ئێستاش شیعری سی سەعاتی دەنووسی! گوێگر دەبی وەکو جەماوەری پەنجاکانی ئوم کەلسوم دوو عەللاگە گوڵەبەڕۆژەو پێنج پاکەتی برۆدوای پی بێت!.

×بەڕوونی دیارە کە شاعیر لە شیعرەکانی ئەم کتێبەو شیعرەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردووی تەواو چۆتە ناو جیهانی نالی یەوە، تێکەڵی دنیا ئەفسووناوییەکەی ئەو زاتە نوورانییە بووە، کە ئەمەش دەلالاتی تایبەتی هەیە کەناکری هەڵوەستەی لەسەر نەکەین: نالی وەکو شکسپیروایە، ڕیالیزمەکان دەڵێن هی ئێمەیە، سریالییەکان دەڵێن هی ئێمەیە، نەتەوەییەکان دەڵێن هی ئێمەیە، نێونەتەوەییەکان دەڵێن هی ئێمەیە! لە ڕاستیدا هی هەموویانەو هی کەسیشیان نییە! ئەوەیە مەزنیی نالی و شکسپیر. نالی ئەسپێکە بە هیچ قوتابخانەیەکی ئەدەبی دەستەمۆ ناکری، هیچ بەوتەقەیەکی ئەدەبیی نایگرێتەخۆی! تێکەڵبوونی دڵشاد بە نالی ئەو بڕیارە بە جەرگەیە کە هەموو لەخۆگرتنێک ڕەتدەکاتەوە. ئەو بڕیارە وا دەکات دوای خوێندنەوەی حەیران بیت کەسەر بە کام ئاقارو ئاراستەی شیعرییە؟. ئەوەی ئاوێتەی نالی بێت دژی شەپۆل مەلە دەکات، باکی بە ئاراستەی باوی شیعر نییە، نالی لە هەموو شەرەکانی شیعر براوەیە!

لە (گۆمی پوونگ) دا دێڕێک هەیە پەیوەندی بەم تەوەرەوە هەیە: (شیعری پانکە لا ١٠٥)

(ۆن کیخۆتەم
شەڕم لەگەڵ خۆما گەرمە)

گرنگی ڕاستەقینەی ڕۆمانی دۆن کیخۆتە لە خودی ڕۆمانەکە نییە بەڵکو لەوەدایە کە مێژووی ڕۆمانی سوارچاکی و خۆبەزل زانینی کۆتایی پێهێنا، بە شمشێری دارەوە دوژمنەوەهمییەکانی دەپێکاو شەڕی لەگەڵهەوادا دەکرد، شاعیری زیرەک دەزانی شیعر شەڕکردنە لەگەڵ هەوا، چونکە دوای تەواوبوونی شیعرەکە، شیعرێکیتر یەخەی دەگری. شیعرو سێکس زۆر لەیەک دەچن، هەردوو هاوکێشە ئەنجامییان کەنەفت بوونی جەستەیەو هیچیتر! شیعرو سێکس ئاوی سوێرن تا بیخۆیتەوە تینووترت دەبی. نالی لەم دەردە نازدارە گەیشتبوو بۆیە نەبووە شاعیری ژن بە تەنها، نەبووە شاعیری نەتەوەیی بە تەنها، نەبووە شاعیری هەجوو بە تەنها، نەبووە شاعیری ئەمارەتێک بە تەنها، ئەم دنیابینییەوا دەکات ببێتە خاوەنی ڕوانینی باڵندەو گاڵتە بەو ساتیمەترە کرمییانە بکات.

لێرەوە شاعیر نابێتە دەستەمۆی گوتارێک، یان ئایدیایێک، یان چینێک. بەڵکو شاعیر یەکسان دەبی بە دنیاو دنیا یەکسان دەبی بە شاعیر.

شیعری باش وەکو منداڵی خۆت وایە، منداڵی خۆت هەرکە تەماشای دەکەیت لە دڵەوە دەڵێیت (سوپاس بۆ هاتنت)، شیعری باش ئەوەیە کە خوێنەر بگەیەنێتە ئەو حاڵەتەی حەز بکات ببی بە شاعیر.

ئومێدم هەیە دڵشاد عەبدوڵڵا هەمووان بکا بە شاعیر.■

دەستور لەدیدی دوو مافناسەوە

چاودێر: ئەم ڕەشنوسی دەستورە، کە ئامادەکراوە بۆ ڕاپرسی، یەکەمین جارە لەمێژووی زیاتر لەهەشتا ساڵەی دەوڵەتی عێراقی، دەرفەت بۆ کۆی هێزو لایەنە سیاسیەکانی عێراق و مەزهەب و نەتەوەکان دەکرێتەوە بۆ بەشداری لەپرۆسەی داڕشتنی دەستوردا، بەڕای ئێوە تا چەند ڕەشنوسی دەستورەکە دەربڕی ئەو فرەیی و هەمەڕەنگییەی ناوکۆمەڵی عێراقییە؟

صابر عومەر: بەڕای ئێمە ڕەشنووسی دەستورەکە تاڕادەیەک دەربڕی فرەیی و هەمەڕەنگی ناوکۆمەڵی عێراقی لەخۆ دەگرێ. بەڵام ئەم دەربڕینە بەشێوەیەکی ڕەها نیە بۆ هەموان بەڵکو بەشێوەیەکی ڕێژەییە، بەگشتی گەر سەرنجێک بدەینە ڕەشنوسەکە بۆمان دەردەکەوێ، کەهەریەک لەهێزو لایەنە سیاسیی و مەزهەبیەکانی عێراقی لەهەندێ بڕگەو بەندی دەستوورەکە سودمەندو لەبەرژەوەندی ئەوان دایە. بەڵام بۆ هەندێکی دیکە پێچەوانەی ڕاستە. بۆ نموونە مافە سەرەکیەکانی گەلی کورد لەدەستورەکە دابین نەکراوون وەک مافی چارەی خۆنووسین و دیاریکردنی سنوری سروشتی جوگرافیای کوردستان و سودمەندی لەسامان و داهاتدا هەروەها بنەما دیموکراتیەکان، بەڵام سەبارەت بەبەندی (٥٨) کە لەڕەشنووسەکە باسی لێوەکراوە لەڕووی یاساوە نادیارە پێویست بوو پێش گەڵاڵەکردن و نووسینەوەو پەسەندکردنی ئەم دەستوورە بڕگەکانی ئەم بەندە بەتەواوی جێبەجێ بکرابان. چونکە شاراوە نییە لای هەموان کەلایەنەکانی عەرەب و ئیسلامیەکان بەتایبەتیش حکومەتی عێراقی ئێستا بوونەتە لەمپەر بۆ جێبەجێ نەکردنی بڕگەکانی ئەم بەندەکە بەجۆرەها شێوازو بیانووی جیا جیا هەردەم هەوڵی ئەوە دەدەن ئەم بەندە جێبەجێ نەکرێ و قۆناغ بەقۆناغ بیگوازنەوەو دوای بخەن..

چاودێر: ئێوە لەم بارەیەوە دەڵێن چی؟

سەردار عەبدولکەریم "حاکم سەردار"
-١٩٥٥ لەهەولێر لەدایک بووە.
-١٩٧٨ بەشی یاسای لەزانکۆی بەغدا تەواو کردووە.
-پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو پاش دەرچونی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووەو بۆتە ئەندامی دادگای شۆڕش.
-دوای ڕاپەڕین چەندین پۆستی حکومی پێ سپێدراوە دواینیان سەرۆکی دەزگای پرۆژە تایبەتیەکان بووە.

پرۆسەی داڕشتنی دەستور دەسکەوتێکی گەورەیە نەک هەر بۆ عێراقیەکان بەڵکو بۆ وڵاتانی ناوچەکەش بەگشتی و دەستپێکی دامەزراندنی دەوڵەتی قانونە لەعێراقدا، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کاریگەری سیاسەتی توندوتیژی ڕژێمی دیکتاتوری لەڕووی دەروونیەوە تائێستاش لەسەر زۆرێک لە خەڵکی عێراق ماوەتەوە

حاکم سەردار: بەڵێ دوای پتر لەهەشتا ساڵ یەکەمین جارە لە دەوڵەتی عێراق دەرفەت بۆ سەرجەم پێکهاتە جیاجیاکانی دەڕەخسێ بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی داڕشتنی دەستور، ئەم دەرفەتە دوای ماوەیەکی دوورودرێژ لەحوکمڕانێتی دەسەڵاتە دیکتاتوریە شمولیەکان دروستبوو، کە هەموو ئیمکانیاتێکی ئەم وڵاتەیان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی سیاسی خۆیان بەکاردەهێنا کەیەکێک لە پرەنسیپەکانی بریتی بوو لە تواندنەوەی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق لەدوو توێی سیستمی نەتەوە پەرستی عەرەب و بەکارهێنانی ئیمکانیاتی مادی و بەشەری وڵات بۆ خزمەتی ئامانجەکانی عروبە و شەڕە نەگریسەکانی، ئەو شەڕانەی کە بەخوێن و ئارەقەی عێراقیەکان و سەروەت و سامانیان هەڵدەگیرسان بەبێ ئەوەی عێراقیەکان پرسیان پێ کرابێت و بەبێ ئەوەی نە لەدوورو نە لەنزیک بەرژەوەندیان تیا هەبووبێت . دیارە یەکێک لە مەرجەکانی تواندنەوەی پێکهاتە جیاوازەکان سڕینەوەی تایبەتمەندیەکانیان بوو کە دەیان ساڵە بە شێوازی جۆراو جۆر لەلایەن ڕژێمە دیکتاتۆریەکانەوە کاری جدی بۆ دەکرا. سەرەڕای ئەو سیاسەتە توندوتیژەی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنرا، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتوری، عێراقیەکان لە پاڵ هەستی عێراقیانەیان تایبەتمەندیە جیاوازەکانیان زۆر لە جاران زەقتر بەرجەستە بوون، دوای ئەوەی ساڵەها بوو بەخەفەکراوی مابوونەوە، دیارە ئەنجامێکی حەتمیە کە لەو جۆرە وڵاتە فرە نەتەوەو فرە مەزهەب و هەمەڕەنگانە هەر یەکبونێکی قەسری (کە ڕاگەیاندنی ڕژێمە شمولیەکان بەردەوام بانگەشەی بۆ دەکەن و بە زەرورەتی دادەنێن) کە بۆ زاڵکردنی پێکهاتەیەک لەسەر حیسابی پێکهاتەکانی تر دێتە کایە، تەمەنی ئاوا کورت دەبێ و لەگەڵ ڕووخانی قەڵای زۆرداری ئەو جۆرە یەکبونە لەبەریەک دەترازێ. لێرەدا دەمەوێ بڵێم بەشداری کردنی پێکهاتە جیاجیاکان لە پرۆسەی داڕشتنی دەستور دەسکەوتێکی گەورەیە نەک هەر بۆ عێراقیەکان بەڵکو بۆ وڵاتانی ناوچەکەش بەگشتی و دەستپێکی دامەزراندنی دەوڵەتی قانونە لەعێراقدا، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کاریگەری سیاسەتی توندوتیژی ڕژێمی دیکتاتوری لەڕووی دەروونیەوە تائێستاش لەسەر زۆرێک لە خەڵکی عێراق ماوەتەوە، بەتایبەتی کە دەبینین زۆربەی دانیشتوانی پارێزگاکانی موسڵ و سەلاحەدین و ڕەمادی تا ئێستاش لەلایەن هەمان کۆنە بەعسیەکانەوە لەژێر ناونیشانی (العرب السنە) وە دەستەمۆکراون و بەناوی (پیرۆزیی) (حق المقاومە) وە بەجۆرێک سەرکوت دەکرێن کە تائێستاش بەفیعلی هەستیان بە لەناوچونی سەدام و ڕژێمەکەی نەکردوەو ترس و تۆقاندنێکیان لەسەرە زۆر لەجاران دڕندانەتر، ئەو خاڵانەی لەلایەن ئەو کەسانە جەختی لەسەر دەکرێت کە بەبێ هەڵبژاردن ناویان لەخۆیان ناوە نوێنەرانی (العرب السنە)و خۆیان وەک نوێنەری ئەو پارێزگایانەی لەپێشتر ناوم هێنان پیشاندەدەن بەڵگەن بۆئەوەی کە کۆنە بەعسیەکان بە هەمان شێوازی تۆقێنەرانەی جارانیان چۆن ئیرادەی خەڵکی ئەو ناوچانەیان موسادەرە کردوە، هەروەها زۆر لە شوێنەکانی تری عێراقیش بەدووری نازانم ئەم جۆرە ڕەوشە ناتەندروستەی تیا زاڵ بێت. بۆیە پێموایە لەم قۆناغەدا ناتوانین بڵێین دەستوری نوێی عێراق لەسەدا سەد دەربڕی ڕاستەقینەی فرەیی و هەمەڕەنگی ناوکۆمەڵگای عێراقیە.

چاودێر: بەڕای ئێوە تا چەند ئەم دەستورە دەتوانێ دیموکراسی و ئازادی بۆ هاوڵاتیانی ناو سنوری دەوڵەتی عێراقی دابین دەکا؟ وە لەتوانای دایە ڕێگری بکا لەدکتاتۆریەت و ستەمکاری؟

صابر عومەر: بەڕای ئێمە ئەم دەستورە وەک پێویست ناتوانێت دیموکراسی و ئازادی بۆ هاوڵاتیانی ناو سنوری دەوڵەتی عێراقی دابین بکات، چونکە گەر سەرنجێک بدەینە دووەمین بەندی دەستوورەکە کەتیایدا هاتووە: (أ) نابێ هیچ یاسایەک دابڕێژرێت کەدژ بەشەریعەتی ئیسلام بێ (ب) نابێ هیچ یاسایەک دابڕێژدرێت دژ بەدیموکراتیەت بێ (ج) هیچ یاسایەک نابێ دابڕێژدرێت کەدژ بەماف و ئازادییە بنەڕەتیەکان بێت. گەر بەوردی لەم بەندە سێ بڕگەییە وردبینەوە ئەوا بەهیچ شێوەیەک دیموکراسی و ئازادی بۆ هاوڵاتیان دابین ناکات، بەڵکو دەبێتە ڕێگرو لەمپەر لەبەردەمی دیموکراتیەت و ماف و ئازادییە بنەڕەتیەکان چونکە لەڕووی یاساوە ئەم بەندە وەک پراکتیک پیادە ناکرێت، لەبەرئەوەی گەر یاسایەک بەپێی بنەما دیموکراتیەکان دابڕێژدرێت ئەوا ئەو یاسایە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتە پێچەوانەی بنەماکانی ئاینی ئیسلام بەهەمان شێوە گەر یاسایەک بەپێی ئاینی ئیسلام دابڕێژدرێت ئەوا دەبێتە پێچەوانەی بنەما دیموکراتیەکان و ماف و ئازادییە بنەڕەتیەکان چونکە زۆربەی هەرە زۆری ماف و یاسا داڕێژراوەکان گەر دیموکراتی بن ئەوا ناساز دەبن لەگەڵ بنەماکانی ئاینی ئیسلام گەر گونجاویش بێت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام ئەوا ناسازە لەگەڵ بنەما دیموکراتیەکان و ماف و ئازادییە بنەڕەتیەکان بۆ نموونە: مافی ژن لەمیراتدا هەروا سزای تاوانی دزی هەردووکیان لەئاینی ئیسلام دژ بەمافە دیموکراتیەکانن واتە بنەمای هەریەک لەوانەی کەلەسەرەوە باسمان لێوە کردووە وەکو یەک نین، لەڕووی یاساوە پیادەکردنی ئەم بەندە مەحاڵە چونکە هەر لایەنێک بەپێی بەرژەوەندی خۆی بۆی هەیە تانە لەیاسا داڕێژراوەکە بدات لەپێش دادگای دەستوری باڵا بەوەی یاساکە شەرعیەتی یاسایی نییەو پێویستە نەمێنێت یان لایەنی کەم هەموار بکرێت، بۆ نموونە گەر یاساکە گونجاو بێت لەگەڵ بنەما دیموکراتیەکان ئەوا لایەنە ئیسلامیەکان تانەی لێدەدەن، گەر یاساکەش گونجاو بێت لەگەڵ بنەماکانی ئاییـنی ئیسلام ئەوا لایەنە علمانیەکانیش تانەی خۆیانی لێدەدەن. واتە دەبێتە تانەو تانەکارییەکی بێ سود لەئاکامدا دەبێتە هۆی پەککەوتن و لەکارخستنی بەندەکەو جێبەجێ نەکردنی لەبەر ئەم هۆیانە لەتوانای هیچ هێزو دەسەڵاتێکدا نییە کەوا بتوانێ بڕگەکانی ئەم بەندە وەک خۆی جێبەجێ بکات، بۆیە دەستورەکە بەشێوەیەکی ڕەها ناتوانێ ڕێگری بکا لەدیکتاتۆریەت و ستەمکاری هەروەک ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی د. ابراهیم جەعفەری دژ بەشاری کەرکوکی ئەنجامدا لەخۆگرخاندن و جێبەجێنەکردنی بەندی ٥٨ و گواستنەوەی زیاتر لە ٢٥٠٠ ئەفسەرو پۆلیسی کورد بەشێوەی نایاسایی لەڕاستیدا ئەو کارەی د. ابراهیم جەعفەری تەواوکەری سیاسەتەکانی سەدام حوسێنە لەم بارەیەوە.

حاکم سەردار: لەڕاستیدا بەندە سەرەکیەکانی ڕەشنوسی دەستورەکە زۆربەی زۆری پرەنسیپەکانی دیموکراسی و بنەما کانی جاڕدانی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەگرێتە خۆی کەزامنی پاراستنی ئازادیەکان و شێوازی دیموکراسیانەی حوکمڕانێتیە لەوڵاتدا، بەڵام بەو پێیەی کەئاینی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی بێت بۆ یاسا بێگومان ئازادی ژنان سنووردار دەبێ و دەکەوێتە ژێرکاریگەری کۆت و بەندی ئاینیەوە کە پێموایە زۆربەی ئەو دەسکەوت و مافانەی ژنان لەماوەی دەیان ساڵەی هەوڵ و تێکۆشانیاندا بەدەستیان هێناوە و زۆرێک لەهێزە سیاسیە دیموکراتخوازەکان دانیان پیاناوە، لەم ڕەشنوسی دەستورەدا بەسووک و ئاسانی لەدەستیانداوە، بەمەدۆزی ژنان چەند هەنگاوێک گەڕاوەتەوە دواوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە تائێستا ناوەندێکی سیاسی یان بزاڤێکی ژنانی ئەوتۆ لەناو عێراقدا نەهاتۆتە کایە کەبتوانێ ژنان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو وەک دەربڕێکی ئیرادەی ژنان بێتە مەیدانی ململانێی سیایی و کۆمەڵایەتیەوەو ببێتە (ژمارە)یەکی حساب بۆکراو لە هاوکێشەی پرۆسەی سیاسیدا. لەگەڵ ئەوەش پێشبینی دەکەم دوای ئەوەی کە ئەم ڕەشنوسی دەستورە ڕەزامەندی عێراقیەکان بەدەست دێنێ و بڕیاری کارپێکردنی بۆ دەردەچێت دوای ئەوەو لە ئەنجامی کارکردن بە دەستورەکە لە ماوەی ساڵێک یان زیاتر بە هۆی کارابونی کۆت و بەندی سەر ئازادی ژنان، بزاڤی ئازادی ژنان گەرموگوڕیەک بەخۆیەوە دەبینێ کە کاریگەری بەرچاوی لەسەر پرۆسەی سیاسیدا دەبێت لەعێراقدا. لە بارەی بڕگەی دووەمی پرسیارەکە وایدەبینم کە ڕەشنوسی دەستورەکە بایی ئەوەندە گرەنتی لەخۆ گرتوە کە ڕێگە نەدات بە گەڕانەوەی دیکتاتوریەت لە عێراقدا بەتایبەتی کە تێبینی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی دەکەین لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە لە سەرەک کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکاندا بەرجەستە دەبێت، هەروەها دەسەڵاتی دادوەری یەکەمین جارە لەوڵاتێکی ناوچەکە دەسەڵاتی دادوەری ئەو سەلاحیاتانەی هەبێت و بەو جۆرە سەربەخۆ بێت و چاودێری جێبەجێکردنی دەستور بکات لەڕێی دادگای فیدرالیەوە کە پێموایە ئەمەش گرەنتیەکە بۆ پاراستنی دیموکراسیەت و دووبارە نەبونەوەی ستەمکاری، بەڵام لەهەموی گرنگتر ڕۆڵی هێزو لایەنە دیموکراسیخوازەکانە کە سووربونیان لە سەر پابەندبون بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و بەردەوامبونیان لەو ڕێبازە وایان لێ دەخوازێت کە کار بۆ پێکهێنانی بەرەی یەککگرتووی دیموکراسی بکەن بۆ سەرتاسەری عێراق کە ئەرکی سەرەکی لە قۆناغی یەکەم بریتی بێت لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و بنەماکانی مافی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی عێراقدا، بۆئەوەی نەهێشتنی کاریگەری ڕاگەیاندنی چەواشەکاری بۆ تێکدانی باری دەروونی خەڵک، بەمەش لە چەند ساڵی داهاتودا ئینسانی عێراقی سازو ئامادەتربێ بۆ باوەڕهێنان بەدیموکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر سیاسەتێکی پێچەوانە، ئەمەش دەبێتە بەهێزترین زامن بۆ دووبارەنەبونەوەی دیکتاتوریەت و ستەمکاری لە عێراقدا.

چاودێر: بەڕێزتان لەپرسیاری ئاماژەپێکراوی سەرەوەدا باستان لەوە کرد کەوا بەندی دووەمی ڕەشنووسەکە بەشێوەی داڕێژراو لەڕووی یاساوە وەک پراکتیک قابیلی پیادەکردن و جێبەجێکردن نییە بەڕای ئێوە چی بکرابایە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە یاساییە؟

صابر عومەر: ئەو برادەرانەی کەوا مافناس و پارێزەر بوون لەشاندی کوردستان دەیان توانی بەشێوەی هونەری یاسایی لەکاتی گفتوگۆکردن و نووسینەوەی دەستورەکەدا ئەم بەندە چارەسەر بکەن. گەر لەبڕگەکانی ئەم بەندەدا بڕوانین بۆمان دەردەکەوێ کەوا ناسازن لەگەڵ یاسا، ڕاستە ئەندامانی لیژنەی نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستور نوێنەرایەتی چین و توێژو لایەنە سیاسیەکانی عێراقی دەکەن بۆیان هەیە بەپێی بەرژەوەندی خۆیان بیروڕاو بۆچوونەکانیان بەئازادانە بەم ئاقارە بەرن کەخۆیان دەیانەوێ بەڵام لێرەدا نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کەوا ئەم بیروبۆچوونانەش پێویستە یاسایی بن و گونجاویش بن لەگەڵ بنچینە یاساییەکان، هەروەک باسمان لێوەکرد لایەنەکانی عێراقی مافی خۆیانە لەدەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان بەڵام خۆ مافیش سنوری خۆی هەیە نابێت ئەم سنورە ببەزێندرێت گەر بەزێندرا ئەوا لەڕووی یاساوە پێی دەڵێن (التعسف فی استعمال الحق) ڕەمەکی و ناڕەوای لەبەکارهێنانی ماف، ئەم بنچینە یاساییە لەکاتی خۆی ڕومانەکان بەکاریان هێناوە لەدوایشدا بۆتە تیورێکی یاسایی گرنگ (نظریة قانونیة) بەتایبەتی لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە کەچەندین نمونەیان لەم بارەیەوە بۆ هێناوەتەوە لەوانەش: ئایا دەکرێ کردارێک (فعل) لەیەک کات و ساتدا یاسایی بێت و پێچەوانەی یاساش بێت، لەوەڵامدا دەڵێن نەخێر چونکە گەر کردارەکە یاسایی بێت ئەوا نابێتە پێچەوانە، گەر پێچەوانەش بێت ئەوا یاسایی نییە، گەر هەردووکیان پێکەوە بن ئەوا هەروەک گوتمان دەبێتە ڕەمەکی و ناڕەوای لەبەکارهێنانی ماف لەبەر ڕۆشنایی ئەم هۆیانەی کە لەسەرەوە باسمان لێوەکردوون بڕگەکانی بەندی دووەمینی دەستورەکە دەکرێ بەهەمان شێوازی چۆنیەتی پیادەکردنی ئەم تیۆرەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە چارەسەر بکرێت لەهەمان کاتیشدا یاسادانەری عێراقیش لەیاسای شارستانی بەم تیۆرەی (نظریة) سەرەوەی وەرگرتووە. بەکورتی مەبەست لەلابردنی بڕگەی یەکەمەوە ئەگەر بڕگەی ب و ج هێڵرایەوە.. یاخود لابردنی هەردوو بڕگەی ب و ج ئەگەر یەکەم مایەوە.. چونکە ئەم بڕگەیە دژ بە بڕگەکانی دیکەیە لەتێڕوانینی یاساییەوە.

چاودێر: هەمدیسان سەبارەت بە بەندی

دووەم بەشی یەکەم کە دەڵێت "ئیسلام ئاینی ڕەسمی دەوڵەتەو سەرچاوەی بنەڕەتی یاسادانانە، بەڕای ئێوە ئایا ئیسلامیە توندڕەوو ڕێکخراوە سیاسیە ئیسلامیەکان ئەم بڕگەیە ناقۆزنەوە بۆ جێبەجێکردنی مەرامە توندڕەوەکانی خۆیان هەروەها مافی لەسەرگەلانی عێراقی نابێ؟

صابر عومەر: بوونی ئەم دەقە گومان لەموسڵمانبونی گەلانی عێراق دەکات ئەگەرچی لەدێرزەمانەوە واتە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە گەلانی عێراق بەکوردو عەرەبەوە موسڵمان بوونەو بیروباوەڕیان بەئیسلام هەبووەو بەدینێکی ڕاستەقینەی خۆیان داناوە، ئەگەر دەقەکە لەڕووی سیاسی و یاساوە شیبکەینەوە ئەوا مانای گومان دەبەخشێت لەموسڵمانبوونی گەلانی عێراق ئەمەش پێچەوانەی واتاو مەبەستەکەیەتی لەهەمان کاتیشدا دین و سیاسەت دوو شتی جیاوازن لەیەکتر بۆیە پێویستە لێرەدا لەیەکتر هەڵاوێردرێن، چونکە ئەگەر وا نەکرێت ئەوا ئاکامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە و ئیسلامیە توندڕەوەکان و ڕێکخراوە سیاسیە ئیسلامیەکانیش بەهۆی ئەو پەیوەندییەی نێوان دین و دەوڵەتەوە دەتوان جۆرەها شیکردنەوەی ئارەزوومەندانە بۆ هەر یاساو بڕیارێک بکەن هەروەها بەردەوام دەبنە لەمپەر لەبەردەم هەر گۆڕانکارییەکی شارستانی یان بوارە جیاجیاکانی دیکە بەبیانوی ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە لەگەڵ دەق و سوننەتەکانی دینی ڕەسمی دەوڵەتدا ناگونجێن. بۆیە پێشنیاز دەکەم کەوا گومان لەسەر موسڵمان بوونی گەلانی عێراق هەڵبگیرێت و نەمێنێت.

چاودێر: کاک سەردار ئێوە لەبارەی ئەم ناکۆکییەوە لەناو ڕەشنوسی دەستوردا بۆچونتان چییە؟

حاکم سەردار: ناکۆکی ئەم بڕگەیە لەوەدایە کەهەندێک لەئەولەویاتی بنەماکانی ئیسلام بریتیە لە دانانی کۆمەڵێک کۆت و بەند لەسەر ئازادیەکانی مرۆڤ بەجۆرێک کە ناکۆکە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی بۆنمونە دوای بڕیاردان لەسەر ئەم دەستورەو کارپێکردنی گەر پڕۆژەی یاسایەک ئامادەبکرێت بۆ چەسپاندن و فراوانکردنی ئازادیەکانی ئینسانی عیراقی، ڕەنگە چارەنوسی ئەو جۆرە پڕۆژە یاسایە ڕەتکردنەوە بێت لەلایەن زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی یاخود دواتر لەلایەن دادگای فیدرالیەوە کەبڕیارە ژمارەیەک لە فوقەهای شەرعی ئامادەبونێکی بەرچاویان تیادا هەبێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا زەمینە بۆ دروستبونی جۆرێک لە ململانێ خۆشدەکات لە نێوان لایەنە دیموکراسیخوازەکان و لایەنە ئیسلامیەکان کە لەوانەیە ببێتە هۆکارێکیش بۆ دروستبونی ئیستقتابی سیاسی تازە لەسەر ئاستی هەمو عێراق بەشێوەی بەرەی نیشتمانی یان هەر شێوازێکی تر ببێتە چەترێک بۆ هێزە نیشتمانیەروەرو دیموکراسیخوازەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق، دیارە ئەو جۆرە ململانێیانە واقعیانەترو عەقلانیتر دەبن لەو ململانێیانەی ئەمڕۆ لە ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا بەدی دەکرێن.

چاودێر: مافە ڕەواکانی کوردو هاوڵاتیانی کوردستان تاچەند لەم دەستورەدا دەستەبەرکراوە، وە ئایا پێت وایە سەرکردایەتی سیاسی لەپرۆسەی داڕشتنی دەستوریدا بەسەرکەوتوی هاتۆتەدەر، بەڕەچاوکردنی فشاری زۆری هێزە عەرەبیە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکان؟

صابر عومەر: مافە ڕەواکانی کوردو دانیشتوانی کوردستان لەڕەشنوسی دەستورەکە دەستەبەر نەکراون.. و شاندی کوردیش بێگومان کەوتوونەتە ململانێ و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ ئەوانەی دژ بەڕای ئەوان وەستاوون، بەڵام لەبەرئەوەی ئیشەکە بەپێکهاتنی هەموو لایەک بووە.. دەبێ شاندی کوردیش لەزۆر شت چاوپۆشیان کردبێ، بۆیە ئامانجە سەرەکیەکانی گەلی کوردیان وەک پێویست نەهێناوەتە دی بۆ نموونە:

١-گەر سەرنجێک بدەینە ڕەشنووسی دەستورەکە دەبینین لەهیچ بڕگەو بەندێکیدا وەک پێویست و بەڕوونی ئاماژەی بەسنوری کوردستان نەکردووە، خۆ ئەوەی لەیاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی هاتووە سەبارەت بەبەندی ٥٨ تەنیا یەک بڕگەش لێی جێبەجێ نەکراون. دیارە لایەنە عەرەبی و موسڵمانەکانی حکومەتی ئێستای د. ابراهیم جەعفەری بەهەموو شێوەیەک هەوڵی ئەوە دەدەن کەوا ئەم بەندە جێبەجێ نەکرێت بەڵام ئەوەی لەبەندی ١٣٦ ڕەسنوشی دەستورەکە هاتووە کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بەندی ٥٨ وە هەیە لەڕووی یاساوە شایەنی جێبەجێکردن و پیادەکردن نیە چونکە هیچ سیفەتێکی پابەندی (الزام) تیا نییە واتە بەشێوەی ئامرازی داخوازی نەهاتووە تاوەکو لەڕووی یاساوە پابەند بکرێت لەبەر ئەم هۆیانە بووە کەوا بوار بۆ حکومەتی ئێستای عێراقی ڕەخساوە بۆ دواخستنی ئەم بەندە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە لای هەموانیش دیارە کەچەند جار پرۆژەی جێبەجێکردنی ئەم بەندە دواخراوە و تاکو ئێستا هەروەکو گوتمان یەک بڕگەی لێ جێبەجێ نەکراوە هەردەم بیر لەوە دەکەنەوە بۆئەوەی بواریان بۆ بڕەخسێ تاپشت گوێی بخەن. چونکە دواخستن و گواستنەوەی پرۆژەی جێبەجێکردنی بەندی ٥٨ لەقۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیکە ئەوا ئەو مەسەلەیەمان دێنێتەوە یاد کەدەڵێن: گەر لەگەڵ بووکێ نەبێت ئەوا لەگەڵ بەربووکیشی نابێ..؟!!

٢-جێگیرنەبوونی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد لەم دەستورەدا، ئەوەی لە (الدیباجە) کە هاتووە لەڕووی یاساوەیە بەهیچ شێوەیەک مانای مافی چارەی خۆنووسین ناگەیەنێ بەڵام ئەوەی لەکۆتایی دێڕی (الدیباجە) کە هاتووە دەڵێت: پابەند بوون بەم دەستورە، یەکگرتوویی عێراق دەپارێزێت، بەڵام گریمان دەستورەکە پەسەند کراو هەموو لایەک ڕەزامەندی خۆیان لەسەر نیشاندا لەم حاڵەتەدا کوا مافی چارەی خۆنووسین بۆکورد..؟!!

٣-گەلی کوردستان بەپێی بەندی دووەمی دەستورەکە هیچ سود لەپرەنسیپە دیموکراتی و ماف و ئازادییە بنەڕەتەکان وەرناگرێت، چونکە هەندێ بڕگەی ئەم بەندە دەبێتە ڕێگرو لەمپەر بۆ بڕیارو یاسا دیموکراتیەکان بەبیانووی بڕگە (أ) ی هەمان بەند کەتیایدا هاتووە نابێ هیچ یاسایەک دابڕێژدرێت گەر ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی ئاینی ئیسلام هەروەک لەپێشەوە بەتێرو تەسەل باسمان لێوە کردووە..

٤-سەبارەت بەسامان و داهاتەکانی هەرێم ئەوەی کە لەبەندی (١١٠)ی ڕەشنوسی دەستورەکەهاتووە دەڵێت سامان و داهاتەکان بەگشتی پێویستە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دانیشتوانی بێت، لەڕاستیدا ئەم جۆرە سیستەمە دژ بەخواست و بەرژەوەندییەکانی گەلانی کوردستانە، چونکە ئەوەی باوو پەیڕەوکراوە لەسیستەمە فیدراڵیەکانی جیهانی ئەو سامان و داهاتانەی کە لەهەرێمەکاندا هەیە ئەوا بۆ هەرێمەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هەرێمەکە ئەندامە لەدەوڵەتی یەکگرتووی فیدراڵدا ئەوا لەسەر هەرێمەکەیە کەوا بەشێکی دیاریکراو بداتە ناوەند واتە دەوڵەتی فیدراڵی بەڵام ئەوەی لەدەقی بەندی ئاماژە پێکراوی سەرەوە هاتووە پێچەوانەی خواست و ویستی گەلی کوردستانە..

حاکم سەردار: وەک بینیمان سەرکردایەتی سیاسی کورد لە گفتوگۆ یاساییەکانی پرۆسەی داڕشتنی دەستورو لەو وتووێژە سیاسیانەی لەدەرەوەی گفتوگۆ یاساییەکان بەڕێوەچون، ئامادەبونێکی چڕو بەردەوامی هەبو، سەرەڕای ئەوەیەکرێزیە بێ هاوتایەی کە لەناو گۆڕەپانی سیاسی عێراق قورسایی زیاتری دابەهاوپەیمانێتی کوردستان و مایەی شانازی هاوڵاتیانی کوردستان بو، بەم شێوەیە سەرکردایەتی سیاسی کورد توانی بەشێکی زۆر لە خواستە ڕەواکانی هاوڵاتیانی کوردستان لەناو ڕەشنوسی دەستور تۆمار بکات سەرەڕای هەوڵ و تەقەللاو فشاری زۆری هێزە عەرەبیە ئیسلامی و ناسیونالیستەکان بۆ ڕێگرتن لەچەسپاندنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان لەو دەستورداو هەوڵدانیان بۆ ڕازی کردنی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بە چەند چارەسەرێکی کاتی ڕازی بکەن بە هەمان شێوازی ڕژێمە شۆڤینیە عەرەبیەکان کەهەمو جارێک بەوەعدو وعودو قسەی خۆش چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی کوردیان دوادەخست تا ئەو کاتانەی بواریان بۆ دەڕەخسا بە زەبروزەنگ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان سەرکوت بکەن، ئەو هێزە ئیسلامی و ناسیونالیستانەش هەوڵیان دەدا نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ڕازی بکەن بە دواخستنی مەسەلە سەرەکیەکانی وەک فیدرالیەت بۆ دوای پرۆسەی هەڵبژاردن .... لە ئێستاوەش ڕەتکردنەوەی فیدرالیەت بەو جۆرەی کە لە گەڵ خواستی خەڵکی کوردستان دەگونجێ بەشێکە لە ئەجندای سیاسی ئەو هێزە ئیسلامی و ناسیونالیستانەو کاری جیدی و بەردەوامی بۆ دەکەن بە پاڵپشتی هەندێ لەوڵاتە عەرەبیەکان، دیارە ئەم بۆچونانەیان لە ڕاگەیاندنەکانیاندا بەڕوونی دەردەکەوێت. سەرەڕای ئەوەش دەستەبەر نەکردنی سەرجەم مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان لەم دەستورەدا ئەوە ناگەیەنێ کە ڕەشنوسی دەستورەکە بەشێوەیەکی گشتی لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا نیەو شایستەی وەرگرتنی ڕەزامەندی خەڵکی کوردستان نیە، بەڵکو دەتوانین ئەم دەستورە بە هەنگاوێکی سیاسی بەسوود دانێین و خەڵکی کوردستان هوشیار بکەین کە بەوپێیەی ئەم دەستورە بۆ هەموو خەڵکی عێراق نوسراوەتەوە نەک تەنها بۆ هاوڵاتیانی کوردستان، و زۆربەی هێزو پێکهاتە عێراقیەکان بەشداریان لە داڕشتنی کردوەو ئەو مافانەی خەڵکی کوردستان کە تیایدا دەستەبەرکراون ئەوانەن کە هەمو پێکهاتە عێراقیەکان کۆکن لەسەری و بواری پاشگەز بونەوەیان نیە لە بەرامبەر ئەوەش پێکهاتە عێراقیەکانی تر جگە لە هێزە کوردستانیەکان ناچاربون هەندێ لە خواستەکانیان سووکتر بکەن بۆ ئەوەی ڕەزامەندی هەمو پێکهاتەکانی تری لەسەر وەربگرن واتە هیچ یەکێ لە پێکهاتە سیاسیەکان نەیتوانیوە هەمو خواستەکانی خۆی بەو شێوەی کە داوای دەکات لە ناو ڕەشنوسی دەستوردا بچەسپێنێ.

-پارێزەری ڕاوێژکار: صابر عومەر مامەسێنی
-لەساڵی ١٩٥٤ لەشارۆچکەی دیبەگەی سەر بەپارێزگای هەولێر لەدایک بووە.
-لەساڵی ١٩٨٠ کۆلێژی یاساو ڕامیاری لەزانکۆی بەغدا تەواو کردووە.
-سەرەتای ساڵانی هەشتاکان پەیوەندی بەشۆڕشی نوێی گەلی کوردستان کردووەو وەک حاکمی شۆڕش - ئەندامی دادگای باڵا بووە لەسەرکردایەتی ی.ن.ک لەناوچەی زەڵێ.
-لەساڵی ٢٠٠٥ دا بەشداری کردووە لەکۆنفرانسی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ کە لەشاری دوبەی بەسترا بوو.

زۆربەی هەرە زۆری ماف و یاسا داڕێژراوەکان گەر دیموکراتی بن ئەوا ناساز دەبن لەگەڵ بنەماکانی ئاینی ئیسلام گەر گونجاویش بێت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام ئەوا ناسازە لەگەڵ بنەما دیموکراتیەکان و ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکان

چاودێر: لەکاتی ئامادەکردنی ڕەشنوسی دەستورەکە چی پێویست بوو لەسەر شاندی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی یاسا ناس بوون بیکەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتە یاساییەکان و دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان؟

صابر عومەر: جگە لەوانەی کەپێشتر باسمان لێوەکردوون، شاندی کوردستان بەتایبەتی ئەو برا پارێزەرانەی کەوا ئەندامانی شاندەکە بوون دەیانتوانی بەهونەری و دبلوماسی و یاسای خۆیان زۆربەی بڕگەو بەندەکانی ڕەشنوسی دەستورەکە ئەوانەی پەیوەست بوون بەمافەکانی مرۆڤ و بنەما دیموکراتی و ئازادییە بنەڕەتیەکان لەیەک بەندی یاساییدا چڕ بکرێنەوە. کە واتاو مانایەکی یەکجار زۆر لەخۆی بگرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ-پابەند بوون بەجاڕدانی مافەکانی مرۆڤی ساڵی ١٩٤٨ و هەردوو سەردەمی دەولی تایبەت ساڵی ١٩٦٦ کەتایبەتن بەمافەکانی شارستانی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری هەروەها مافەکانی ئافرەت و مناڵان.

ب-پابەندبوون بەهەموو ئەو ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیانەی پەیوەستن بەبنەماکانی مافی مرۆڤ.

گەر ئەم بەندە بەم شێوەیە لەڕەشنوسی دەستورەکە لەلایەن شاندی کوردستان جێگیر بکرابایە ئەوا هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەلی عێراقی بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی دەهاتنە دی چونکە بەندی ئاماژەپێکراوی سەرەوە بەهەردوو بڕگە سەدان بڕگەو بەندی یاسای سود بەخش لەخۆ دەگرێت وەک مافی چارەی خۆنووسین و گشت مافەکانی مرۆڤ و بنەما دیموکراتیەکان و ئازادییە بنەڕەتیەکان و گەڕانەوەی ئاوارە و چوونەوەی هاوردەکان جگە لەسامان و داهاتدا بەکورتی گشت مافەکانی گەلی کوردستانی دابین دەکرد..

چاودێر: چارەسەری کێشەی کەرکوک ، بەپێی ئەم دەستورە تاچەند لە بەرژەوندی هاوڵاتیانی کوردستاندا شکاوەتەوە؟

حاکم سەردار: پێموایە ئەو ڕێگەچارەی لە ڕەشنوسی دەستوردا بۆ کێشەی کەرکوک دانراوە چارەسەرێکی عادیلانەی کێشەکەی پێ دەستەبەر دەبێت، بەمەرجێ هەنگاوەکانی ئاسایکردنەوەو سەرژمێری و دواتر ڕاپرسیەکە لە تەفاسیلدا بێ کەموکوڕی بەڕێوەبچن، بەمجۆرە هەرکەسێ پابەندی ئەنجامەکان نەبێ و بیەوێ پشێوی و گیروگرفت دروست بکات و جڵەو بۆ حساباتی خەیاڵی خۆی شل بکات بێگومان دەکەوێتە هەڵوێستی لاوازەوە و شکست دێنێ. ئەوەی بۆ کوردستانیەکان گرنگە لەم قۆناغەدا پێویستمان بە هەوڵی جدی و بێ وچان هەیە بۆ زیندوکردنەوەو پتەوکردنی برایەتی نێوان دانیشتوانە ڕەسەنەکانی کەرکوک بەکوردو تورکمان و عەرەبەوە و ڕێگە گرتن لەو هێزو لایەنە سیاسیانەی بە ناهەق هەوڵدەدەن خۆیان وەک نوێنەری ئەو پێکهاتە غەیرە کوردیانەی کەرکوک پیشانبدەن بەبێ ئەوەی لە سەردەمی زوڵم و ستەمی دیکتاتوریەت تەنانەت هەڵوێستێکیان تۆمارکردبێ لەدژی سیاسەتی تواندنەوەو دەربەدەرکردنی خەڵکی ڕەسەنی کەرکوک ، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لایەنەکانی سەر بە هاوپەیمانی کوردستان بەرنامەیەکی ژیرانە پەیڕەو بکەن و ڕێگە بە هیچ کەسێ نەدەن شێوازی ڕەگەزپەرستی بەرامبەر نەتەوەکانی تر بەکاربێنێ، هەتا ئەگەر وەک کاردانەوەش بێت، چونکە بە ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانە بیانو دەدرێتە دەست ئەو هێزو لایەنانەی دەیانەوێ بازرگانی بە باری پشێوی و توندو تیژی ناو کەرکوک بکەن. با ئەو دەرفەتە مێژووییەی بۆ خستنەڕووی واقعی ڕاستەقینەی کەرکوک ڕەخساوە کەوا چاوەڕوان دەکرێت لەئەنجامدا ڕاست و دروستی ئینتمای ئەو شارە دێرینە بۆ هەمو دنیا دەسەلمێنرێ.

چاودێر: ئایا دەنگ بۆ ئەم دەستورە دەدەیت لەکاتی ڕاپرسیدا؟

صابر عومەر: گەر هەندێ لەبڕگەو بەندەکانی ئەم ڕەشنوسی دەستورە کە هەموار نەکرێن، ئەوا بەهیچ شێوەیەک ئامادە نیم دەنگ بۆ پەسەندکردنی بدەم چونکە مافەکانی گەلی کوردستانی تیا جێگیر نەکراون هەر لەمافی چارەی خۆنووسین و دیاریکردنی سنوری سروشتی و جوگرافیای کوردستان و دەسەندەی هەرێمی کوردستان لەسامان و داهاتدا تاوەکو بنەما دیموکراتی و ئازادییە بنەڕەتیەکان.. هتد.■